5
## گەنجان بەوشەو وێنەکانیان هەڕەشەی ئاشکراکردنی نهێنییەکانی یەکتری دەکەن

6
## فیفا زوڵمێکی گەورەی لە ئەلیساندرۆ دلپیرۆ کردووە





## پیاوان بەچ ڕەفتارێک تورە دەبن؟

16

سەرنووسەر: شوان ئادەم ئەیڤەس

نم نم

لە خەڵکەوە بۆ خەڵک

نرخ: 750دینار

2010/5/9 یەکشەممە

رۆژنامەیەکی کولتوریی گشتییە

www.Nnmnm.com

23

# نم نم وردەکاریی رفاندنو تیرۆرکردنیان بڵاودەکاتەوە

# لە ماوەی هەفتەیەکدا دوو گەنج دەڕفێنرێنو تیرۆر دەکرێن

3-2





## بایی دوو ملیۆن دۆلار دەرمان بەسەر بەرکەوتووانی کیمیاباراندا دابەش دەکرێت

سالم حەمەخان لە هەڵەبجە:

ڕێکخراوی نێونەتەوەیی بۆئاشتیو مافی مرۆڤ کە ڕێکخراوێکی ناحکومی کوردی کەنەدییەو بارەگاکەی لەوڵاتی کەنەدایە لەڕێی تیمێکی پزیشکییەوە کە بۆبینینو پشکنینی بەرکەوتوانی کیمیابارانی هەڵەبجەو ناوچە جیاجیاکانی تری هەرێمی کوردستان هاتوون بایی دوو ملیۆن دۆلار دەرمان بەبێبەرامبەر بەسەر بەرکەوتووانی کیمیاباراندا دابەش دەکەن.

د. ساران ئازەر سەرۆکی ڕێکخراوی نێونەتەوەیی بۆئاشتیو مافی مرۆڤ کە هاوکات سەرۆکی شاندە پزیشکییەکەیە لەلێدوانێکیدا بۆ نم نم ئەوەی ئاشکراکرد کە لە یەکەم وێستگەی سەردانەکەیاندا بۆکوردستان، هەڵەبجەیان بەسەر کردوەتەوەو نزیکەی یەک تەن دەرمانیان لەگەڵ خۆیان هێناوە بۆئەوەی بەسەر بەرکەوتووانی کیمیابارانی ناوچە جیاجیاکانی کوردستاندا دابەشی بکەن، «تێچووی زۆرینەی دەرمانو سەردانەکەمان لەئەستۆی ئەندامانی ڕێکخراوەکەمانەو وەک هەوڵێکی خێرخوازی بۆنەخۆشەکانی بەرکەوتوو بەچەکی کیمیاوی هێناومانەو پاش پشکنینیان، بێبەرامبەر دەیاندەینێ».

ناوبراو، ڕوونیکردەوە کە شاندەکەیان لەهەشت کەس پێکدێت کە سیانیان پزیشکی پسپۆڕنو لەو حاڵەتانەی بەرکەوتووانی چەکی کیمیایی دەکۆڵنەوە کە تایبەتن بەنەخۆشییەکانی سیو کۆئەندامی هەناسە.

2

## Xfm ... گەنجانی سلێمانی لەدەوری خۆی کۆدەکاتەوە

4

## ئەو پسکیتەی بەسەر قوتابیانی قوتابخانە بنەڕەتییەکاندا دابەشکرا بەردو وردە شوشەی تێدایە

سەنگەر حەسەن لەچەمچەماڵ

ئەو پسکیتە میسرییەی ڕۆژانە بەسەر قوتابیانی قوتابخانە بنەڕەتییەکانی قەزاو ناحییەکانی هەرێمی کوردستاندا دابەشدەکرێت، مەرجی تەندروستی تێدا نییەو چەند جارێک وردە شوشەی تیا بینراوە، ئەوەش بووەتە هۆی نەخۆشکەوتنو لەشخورانو ئازارو خوێن لەلێو هاتنی بەشێک لەقوتابیان.

ئەو پسکیتە لەخورماو هاڕاوەی ئاردی گەنم دروستکراوەو لەسەر بەرگەکەی نوسراوە **«هدیه من حکومه العراق الی شعب العراق»**و لەچوارچێوەی پرۆگرامی **«الاغاثه العالمیه»**دا، نزیکەی مانگێکە بەسەر قوتابیاندا دابەشدەکرێت.

هێرش ئەنوەر مامۆستا لەقوتابخانەی سەگرمەی قەزای چەمچەماڵ، وێڕای پشتڕاستکردنەوەی زانیارییەکان باس لەوە دەکات کە هیچ جۆرە مێژووێکی بەسەرچوون بەسەر پسکیتەکەوە نییە، «بەئێمەیان وت لەماوەی ٢٤ڕۆژدا بەسەر قوتابیاندا دابەشی بکەن، هەر لەکاتی دابەشکردنی پسکیتەکەدا لەپۆلەکەدا بەقوتابیانم وت پسکیتەکە بکەنەوە، چەند قوتابیەک کردیانەوەو دەرکەوت وردە شوشەو بەردی تێدایە ئیتر ئەوانیتریش لەخواردنی وەستان، وتم کەستان مەیخۆن»، ئیتر دواتر پەروەردەی چەمچەماڵو لیژنەی خۆپاراستنو تەندروستی ناوچەکە ئاگادارکردوەتەوە بۆئەوەی لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەن، «هاوردنی ئەم جۆرە پسکیتە نەک خزمەت بەقوتابیان ناکات، بەڵکو تووشی چەندین نەخۆشی ترسناکیان دەکات، پێویستە حکومەتی کوردستان بیر لەپێداویستی پوختو چاک بکاتەوە بۆ هاوکاری قوتابیان نەک شتی ناتەدروست لەدەرەوەی هەرێم بهێنرێتو نەخۆشی لەناو قوتابخانەکان بڵاوبێتەوە».




## ل دهۆکێ گەنجەکێ ١٩ سالی خۆ دچیایێ دا هاڤێت گیانێ خۆ ل دەست دا



لڤین نێرومیی ل بادینان

گەنجەکێ ١٩ سالی ل دهۆکێ ب ناڤێ ئالان ل ڕۆژا ئەینی خۆ دچیایێ زاوا دا ل هنداڤی باژارکێ دهۆکێ دا هاڤێتو دەمدەست گیانێ خۆ ل دەستدا.

بابێ وی گەنجی ب ناڤێ سالح محەمەد تاهر د داخویانیەکا تایبەت دا بۆ نم نم گۆت: «ل ڕۆژا ئەینی ٢٠١٠/٥/٧ ل دەمژمێر ٨:٣٠ سپێدە کۆری من ترۆمبێل ژ من وەرگرتو چوو، پشتی دەمەکی من زانی گیانێ خۆ ل دەستدا یە».

سەرچاوەکی ژ پۆلیسێن پارێزگەها دهۆکێ ئەڤ پەیامە بۆ نم نم تەکەست کر و گۆت: «ل دەمێ ئالان گەهشتیە سەرێ چیایێ زاوا ب لەزاتیا ١٦٠ ترۆمبێل دهاژووت پاشی بەرێ ترۆمبێلێ دا ڕێیا ئاخێو خۆ د چیایی دا هاڤێتو خۆ کوشت».

تێ زانین بابێ ئالانی و پۆلیسان ژی ئەگەرێ سەرەکی یێ ڤێ ڕوودانێ ئەشکەرا نەکرن، ب تنێ پۆلیسان گۆت کێشە ل ژێر ڤەکۆلینێ یە.

بۆ ئاگاداربوون لە هەواڵو زانیاریی زیاتر سەردانی ماڵپەڕی نم نم www.Nnmnm.com بکەن

# وردەکاریی تیرۆرکردنی ئەو منداڵەی لەسلێمانی رفێنرا

**شاخەوان مەحمود لەسلێمانی**

رۆژی ٤/٢٦ مێرمنداڵێک لەلایەن چوار کەس کە جلی سەربازیان لەبەردابووە، لەنزیک دارەسوتاوەکەی سلێمانی، دەرفێنرێتو دوای ١١رۆژ بەنیوەگیانی لەشەقامی مەلیک مەحمود دەدۆزرێتەوە.

رۆژی ٤/٢٧ محەمەد تاهیری تەمەن ١٦ساڵ، کاژێر ٧:٣٠خولەکی بەیانی کتێبەکانی هەڵدەگرێتو لەگەڵ ئامۆزاکەیدا بەرەو خوێندنگەی سەلاحەدینی کوڕان بەڕێ دەکەوێت، بەڵام بەر لەوەی بگاتە خوێندنگەکەی لەنزیک گەراجی دارەسوتاوەکەی سلێمانی دەرفێنرێت.

بەوتەی ماهیر سەید عەبدولقادری مامی محەمەد، چوار کەس کە ئۆتۆمبێلێکی رەنگ سپی جۆری بیکاشۆیان پێبووەو جلو بەرگی سەربازیان لەبەردابووە، دوای ئەوەی محەمەد دەڕفێنن، ئامۆزاکەی بەڕێوەبەری خوێندنگەکە ئاگادار دەکاتەوەو ئەویش شێخ تاهیر ئاگادار دەکاتو تەلەفۆنیش بۆ پۆلیس دەکات. ناوبراو، باس لەوە دەکات کە دوای رووداوەکە چونەتە ئەو شوێنەی محەمەدیان تیا رفاندووەو شایەتحاڵەکانی ئەو ناوچەیە جەختیان لەوە کردووەتەوە کە ئەو منداڵە لەلایەن هەندێ سەربازەوە رفێنراوە، "ئێمە شکمان بۆهیچ شتێک نەچووە، وامان دەزانی لەلایەن حکومەتەوە کوڕەکەمان براوە".

دوای دوو رۆژ لەرفاندنی، رفێنەرانی ئەو مێرمنداڵە تەلەفۆن بۆشێخ تاهیر دەکەنو داوای ١٥٠دەفتەر دۆلاری لێدەکەن، "وتمان بەسەرچاو بەخوا ئەو پارەیەمان نییە، ئێمە هەرچیمان هەیە بۆکاری خێرو مزگەوتو تەکیەی خەرج دەکەین، خاترمان بگرنو پارەکەمان بۆ کەم بکەنەوە خۆ ئێمە ماڵی کەسمان نەخواردووە".

رفێنەرەکان دوای چەند جارێک تەلەفۆن کردن ماڵی شێخ عەبدولقادر ئاگادار دەکەنەوە ئەگەر ٥٠دەفتەر دۆلار نەگەیێننە شاری کەرکوک، ئەوا کوڕەکەیان دەکوژن، بەوتەی ماهیر لەرێی چەندین خزمو دۆستی خۆیانەوە پارەکە کۆدەکەنەوەو بەمامێکی محەمەددا پارەکە دەنێرن بۆ کەرکوک، "لێرە لایەنی ئەمنیمان ئاگادار نەکردەوە بۆئەوەی کوڕەکەمان سەلامەت بێت"، پاش ئەوەی چەند جێگەیەک بەمامی محەمەد دەگۆڕنو دەزانن کەسی لەگەڵدا نییە، بەتەلەفۆن لەشوێنێکدا دەیوەستێننو پێیدەڵێن "پارەکەت لەکوێدا داناوە، سەیارەکەت بەجێبهێڵەو بەپێی برۆ"، کاتێکیش مامی محەمەد دوور دەکەوێتەوە تەلەفۆنی بۆ دەکەنو پێیدەڵێن "بگەڕێرەوە پارەکەت تەواوە، ئێمە خۆمان محەمەدتان بۆ دەنێرینەوە".

بەپێی وتەی شێخ تاهیری باوکی محەمەد، دوای ئەوەی رفێنەرەکان پارەکە دەبەن، هێزەکانی ئاسایشی کەرکوک لەرفێنەرەکان نزیک دەبنەوە، ئەوانیش واتێدەگەن کە بۆ ئەوان چوبێتن، بۆیە تەقە لەیەکتری دەکەنو لەئەنجامدا یەکێک لەرفێنەرکان دەکوژرێت.

بەپێی وتەی سەرچاوەیەکی پۆلیسی کەرکوک رفێنەرەکان جلوبەرگی سەربازیان لەبەردا بووەو دەرەجەداربوون، ئەو پارەیەش لەدەستی رفێنەرەکان بەجێماوە لەگەڵ ئۆتۆمبێلێی جۆری بیکاشۆ ئێستا لەپۆلیسی کەرکوکە. ئیسماعیلی برای محەمەدیش ئاماژە بەوە دەکات کە براکەی منداڵێکی نوێژکەرو قورئانخوێن بووەو کەسێکی هێمن بووە، "محەمەد کوڕە بچوکان بوو، بۆیە دایکم هەموو رۆژی چەند جارێک بۆی دەبورێتەوە".

ناوبراو، حکومەت بەتۆمەتبار دەزانێت لەرفاندنو کوشتنی براکەیو ئاماژە بەوە دەکات، "براکەم فیشەکێک بەسەریەوە بووەو جگەلەوەش جێگەی لێدان بەباڵییەوە دیار بووە، لایەکی سەریشی تەقیبوو چاوی هاتبووە دەرەوە، وەک ئەوەی لەشوێنێک خستبێتیانە خوارەوە یان بەبلۆک لێیان دابێت".

دوای ١١ رۆژ لەرفاندنی محەمەد، ئێوارەی ٥/٧ لەشەقامی مەلیک مەحمودو لەنزیک سوپەرمارکێتی ئاڵتون بەبرینداری دەدۆزرێتەوەو دوای گەیاندنی بۆ نەخۆشخانە لەوێ گیان لەدەست دەدات.

نم نم، بۆ وەرگرتنی زانیاری زیاتر لەبارەی لێکۆڵینەوەکانی پۆلیسو ئاسایش لەو رووداوە، پەیوەندی کرد بەعەمید نەجمەدین بەرێوەبەری پۆلیسی سلێمانیو ناوبراو ئاماژەی بەوەدا کە ئەو کێشەیە لەئاسایشە، هاوکات حاکم قادری بەرێوەبەری ئاسایشی هەرێمیش باسی لەوەکرد کە لیژنەی ئەمنی پارێزگا دەتوانن لێدوان بدەن، دوای چەندین جار پەیوەندیکردن بەژمارە تەلەفۆنی پارێزگاری سلێمانییەوە بەردەست نەکەوت، دواجار نم نم پەیوەندیکرد بەزانا حەمەساڵحی قایمقامی مەرکەزی سلێمانی، ئەویش جەختی لەوەکردەوە کە تەنها یەک رۆژە لەدەرەوەی هەرێم گەڕاوەتەوەوەو ئاگاداری هیچ شتێک نییە.



محەمەد تاهیر، ئەو مێرمنداڵەی ئێوارەی هەینی گیانی لەدەست دا

**"براکەم فیشەکێک بەسەریەوە بووەو جێگەی لێدان بەباڵییەوە دیار بوو، لایەکی سەریشی تەقیبوو چاوی هاتبووە دەرەوە، وەک ئەوەی لەشوێنێک خستبێتیانە خوارەوە یان بەبلۆک لێیان دابێت"**

# دوو خوشک دوای ٩٠ساڵ تەمەن هێشتا بوخچەیان نەکراوەتەوە

## "لەگەنجێتیدا وەک گەڵای دار داواکارمان هەبوو، کەچی ئێستا کەس لێمان ناپرسێتەوە"

**مەلیحەو ئامینە، دوو کچەکەی داود بەگی هەڵەبجە دوای نزیکەی ٩٠ساڵ لەتەمەن هێشتا بەکچێنیی ماونەتەوەو بوخچەیان نەکراوەتەوە، ئێستاش کە پیربوونو نەخۆشی تەنگی پێهەڵچنیوون کەس ئاوڕیان لێناداتەوەو نازیان هەڵناگرێ.**

**میهرەبان سەلام لەهەڵەبجە**

مەلیحەی تەمەن ٨٦ساڵو ئامینەی تەمەن ٩٠ساڵ، لەدایکبووی گوندی عەبابەیلێی نزیک هەڵەبجەنو دووان لەکچانی دادود بەگن، کە رۆژگارێک بەشێکی زۆر لەموڵکو زەویو زاری دەشتی شارەزورو عەبابەیلێو هەڵەبجەی لەژێر دەستدا بوو، سەفیرو وەزیرو موتەسەریفو قایمقامەکان سەردانی ماڵی ئەویان دەکردو لەوێ نانیان دەخوارد، کەچی ئێستا منداڵەکانی لەشوێنێکی چەپەکی هەڵەبجەدا گیرساونەتەوەو پرچی سپی تەمەنیان دەهۆننەوەو کەس لێیان ناپرسێتەوە.

ئامینە بەهۆی پیریو نەخۆشییەوە بەئاستەم قسەی بۆدەکرێ، هەربۆیە مەلیحەی خوشکی هاتەگۆو بەچاوی پڕ لەهەنسکو گریانەوە باسی لەژیانی گەنجی خۆیان دەکرد کە "خۆشترین ژیان"یان هەبووەو لەهیچیان کەم نەبووەو نازداری دایەو بابە بوونو ماڵەکەیان بەردەوام جمەی هاتووە لەکەسانی بەناوبانگو خانەدانو بەناوبانگ، "سەفیری بەریتانیاو مەلیک فەیسەڵی یەکەم سەردانی کردووینو لەماڵی ئێمە ماونەتەوە، بەڵام ئێستا کە پیربووین کەس لەدەرگامان نادات".

ئەو دوو خوشکە لەکچە هەرە جوانەکانی داود بەگ بوون، جگەلەدایکو باوکیان هەشت خوشکو دوو برا بوون، بەڵام لەئێستادا جگەلە مەلیحەو ئامینەو خوشکێکی دیکەیان کەسی تریان نەماوە لەژیان. خاتوو مەلیحە بەدەم هەنسکی گریانەوە درێژەی بەبیرەوەرییەکانی خۆی داو سەیرێکی ئامینەی خوشکی کردو وتی: ئەم ئامینەیەی ئیستا لەسەر جێگایەو توانای جوڵەکردنی نەماوە لەگەنجێتیدا هەر رۆژێک لەشارێ بوو، هەرگیز نەیتوانیوە لەماڵەوە دانیشێت کچی شارو شاخ بووە، بەڵام ئێستا گیرۆدەی سەر جێگاکەی بووە.

ئەو خاتوونە باسی لەوە کرد کە لەشەڕی ئێران عێراق لەبەرئەوەی بەگزادەو ماڵە دەوڵەمەندبوون، نەیانتوانیووە ماڵەویان چۆڵ بکەن، چونکە ئەمانەتی خەڵکیان لەلا بووە، جا بۆئەوەی بیگەڕێننەوە دەست خاوەنەکانیان، مەلیحە دەمێنێتەوەو لەدوای هەمویان ماڵەکەیان بەجێ دەهێڵێت، بەڵام دواتر ماڵو دەسەڵاتو سەروەتیان وەک هەموو گوندەکانی تری کوردستان بەتاڵان دەبرێتو خانوەکانیان کاول دەکرێن.

خاتوو مەلیحە لەبارەی شونەکردنی خۆیو ئامینەی خوشکییەوە دەدوێو باس لەوە دەکات کە لەسەردەمی گەنجیاندا زۆر زۆر جوان بوونو داواکاریان زۆر بوون، "داواکارمان وەک گەڵای دار بوو، بەڕادەیەک جوان بووین باوکم هیچ پیاوێکی بەشایەنی ئێمە نەدەزانی"، تەنانەت چەند جارێک داواکاریی بیانیش هاتونەتە داوایان تا ژیانی هاوسەریان لەگەڵ پێک بهێنن، "بەڵام باوکم ئامادەنەبوو لەخۆیمان دوورخاتەوە".

مەلیحە خان ئاماژە بەیەکەم داواکاریان دەکات کە لەکۆڵان سەرگەرمی یاریکردن بوون کە ناردوویانە بەدوایاندا، بەڵام ئەوکات یارییەکەیان لەشوکردن پێ خۆشتربووەو نەچوون بەدەم داواکارەکانەوە، کاتێکیش گەورەتر بوونو لەقۆناغی گەنجێتیدا بوون، بەهۆی نەخۆشکەوتنی باوکو دایکیانو ئەو بارودۆخەی بەسەر ناوچەکەیاندا دێت بڕیار دەدەن لای باوانیان بمێننەوەو چیتر بیر لەژیانی هاوسەریی نەکەنەوە، "پەشیمان نیم کە شووم نەکردووە، چونکە هیچم بۆنەماوەتەوە، ئەمە چارەنوسمەو بەچارەنوسەکەشم قایلمو ناشکور نیم".

لەئێستادا ئامینەو مەلیحە، بەهاوکاری خێرخوازانو هاووڵاتیانی ناوچەکە شوێنەواری خانوە کۆنەکەی باوکیان نۆژەن کردوەتەوە، لەوێدا درێژە بەژیان دەدەنو لەلایەن خێرخوازانەوە چاودێری دەکرێن، بەڵام بەهۆی ناجێگیری باری تەندروستیو پیریانەوە رۆژ لەدوای رۆژ باری تەندروستیان روو لەخراپیە.



مەلیحەو ئامینە دوو کچە رەبەنەکەی داوودبەگ فۆتۆ: میهرەبان سەلام

# ئاریشەکا خوینداریێ دو کوشتی و دو زیندانی ل دویڤ خۆ هێلان

**پشتی شەرەکێ کورت دناڤبەرا دو خێزانێن مامێن هەڤ دا پەیدابووی، (ئ) ب مەقەسا کەزاخێ تێ کوشتن، پاشان بنەمالا (ئ) تۆلا خۆ ژ وێ بنەمالێ ڤە دکەن و مەزنێ وان ب ناڤێ (ع) ل ناڤا بازارێ دهۆکێ دکۆژن. بکوژێ (ئ) ب ١٥سالێن زیندانکرنێ تێ سزادانو بکوژێ (ع) ژی ب هەمان سزا تێ حوکمکرن.**

**جەمال حسێن ل بادینان**

ئاریشا گوندەکێ دوسکیان ب ناڤێ (بابوخکێ) ل دهۆکێ دەنگ ڤەدا، هیچ کەسەک نەبوویە ئەگەر ل دهۆکێ ئاگەه ژ وێ ئاریشا خوینداریێ نە ببیت، ب تایبەت دەمێ ژ بێ بەختی (ئ) ل ناڤ بیستانی ب مقەسا کەزاختنا داروباری هاتیە کوشتنو پاشی مەزنا بنەمالا دی ل ناڤ بازارێ دهۆکێ هاتیە کوشتن ب ١٠گوللەیان.

ژ بادەکێن دادگەها دهۆکێ یێن ڤێ هەفتیێ کوشتنا دو کەسانو زیندانکرنا بکوژان بوو ژ ئێک بنەمال، دەستپێکا کێشێ بۆ سالا چوویی دزڤریت، ل گوندێ بابوخکێ کو دکەڤیتە باکوورێ رۆژئاڤایێ دهۆکێ دوو بنەمال کو ئێک ژ وان ژ مەزنێن وی گوندی بوون، ل دویڤ ئاخفتنێن شاهدەکی کو ل دادگەهێ ئامادەبوو، هەردوو بنەمال ل گوندی بوون، بنەمالا (ئ) رێک دا پەزێ عەرەبان د ناڤ چەمو بیستانان را بچیتو ئەڤ چەندە ب دلێ بنەمالا (ع) نەبوو، پشتی شەرەدەڤە د ناڤبەرا هەردوو بنەمالا دا پەیدابووی، هەردوو رابوون زەلامێن خێزانا خۆ کۆمکرنو خۆ بەرهەڤی شەرەکی کرن. تێ زانین بەری چەندین سالان کۆنتاکو نەخۆشی دناڤبەرا هەردو مالان دا هەبوونو هەردویان چاڤەرێ شەرەکی دکرو ل ئێکو دوو ب هێجەت بوون.

د دادگەها تاوانان دا دوو گونەهباربوون، ئێکێ (ئ) کوشت بوو، پاشی ناسیارەکێ کوشتی رابوو تۆلێن (ئ) ڤەکرنو رابوو (ع) ل بازاری کوشت. وی شاهدی ل دادگەها تاوانان زێدەتر گۆت: "هندەک زەلام ژ هەردوو بنەمالان ژ دهۆکێ ژی هاتنو قەستا گوندێ بابوخکێ کرن بۆ شەری. ل دەستپێکێ چ شەرێن مەزن چێنەبوون ب تنێ شەرەدەڤ بوون د ناڤبەرا زەلامان دا، لێ ژ نیشکەکێ ڤە (ئ)و کۆرێ (ع) ب شەر چوونو کۆرێ (ع) مەقەسەکا کەزاختنا داروباری ل چاڤێ (ئ) داو چاڤێ وی پەقاند، هەتا (ئ) گەهاندیە نەخۆشخانێ گیانێ خۆ ل دەست داو ١٠ زارۆک ل دویڤ خۆ هێلان".

هەڤژینا (ئ) ئەو کەسێ هاتیە کوشتن ل دادگەهێ ئامادەبوو و داخوازا مافێ خۆکرو گۆت: "دەمێ هەڤژینێ من (ئ) ژ مال دەرکەفتی دەبانجا خۆ دگەل خۆ برببوو، بەلێ دەمەکێ ژ دەرچوونا وی چوو و ئێکی تەلەفونا من کرو گۆتە من (ئ) نها د نەخۆشخانێ دا یێ بریندارە. پشتی ئەز گەهشتیمە نەخۆشخانێ من دیت چاڤێ وی یێ پەقیەو خوین رشتیە د ناڤ سینگێ وی داو گۆتە من ئەز دێ مرمو دێمێ وی گەلەک زەر ببوو.

هەڤژینا ئوسمانی ب گریو چاڤێن پری روندک ڤە گۆتە دادوەری: "ئەز ب رژدی داخازا مافێن خۆ دکەمو داخازا قەرەبووکرنێ دکەم، چونکو ئەڤە جارا دووێ یە ئەز شوی دکەمو هەر دمینمە بێژنو هەڤژینێ من دمریتو نوکە من ١٠ زارۆک ژی هەنە. هەرچەندە (ئ) یێ بچویک ژی بوو و تەمەنێ وی ٣١سال بوون لێ من چار زارۆک ژێ هەبوون، بەلێ من ٦ زارۆک ژی ژ هەڤژینێ خۆ یێ بەری وی هەبوونو نها ١٠ زارۆک بێ خودان مانە ددەستێ من دا. ئەڤجا ئەز ب رێکا دادگەهێ د خوازم هەر ١٠ ئێتیمان ب خودان بکەم".

بابێ ئوسمانی د ئاخڤتنا خۆدا گۆتە دادوەری: "کۆرێ من چ ئاگەه ژ شەڕی نەبوو، دەما چوویە گوندی من ئاگەه ژێ نەبوو، ئەوان ب بێ بەختی درب ل کورێ من دا، ب تنێ تشتێ من زانی دا شەڕ ل گوندی چێببیت، ئەز چوومە گوندی من کەس نەدیت، پاشی گۆتە من دا بچینە دهۆکێ، ئەم هاتین گۆتە من دا بچینە نەخۆشخانا تەنگاڤیان، ل وێرە من دیت کۆرێ من یێ بریندارەو ئاگەه ژ خۆ نینە، هەتا پشتی چەند دەمژمێرا گیانێ خۆ ژدەست دا. ب تنێ یا ئەز دزانم دبێژن تاوانبار (ش) مەقەس یا ل چاڤێ کۆرێ من دای".

بابێ ئوسمانی ب تنێ سکالا خۆ ئاراستەی دو تاوانبارا کرو نە خواست قەرەبووکرن بۆ کوری وی بهێتە دانو دیارکر ژی کو بەری کوشتنا کوری وی چ نەخۆشی د ناڤبەرا وان دا پەیدا نەبوون. دایکا ئوسمانی ژی ژلایێ خۆڤە بەرامبەر دادگەهێ نە خواست قەربوویا کوری وی بهێتە دان، لێ گۆتە داوەری: "من چ پارە نەڤێن، ب تنێ من دڤێت مێلاکا تاوانباری، وەکو یا من ب سۆژیت".

پشتی دادگەهێ بەرپەرێن کێشێ ڤەداینو گۆتنێن شاهدو داواکاران وەرگرتین، بریار دا بکوژێ (ئ) ب ١٥سالێن زیندانکرنێ بهێتە سزادانو ئەڤ کێشە بهێتە داخستن.

هەردوو بنەمال چوونە مالا خۆ، لێ هوسا دیاربوو بێهنا بنەمالا (ئ) ب وێ سزادانێ نە هاتو خواستن تۆلا خۆ ڤەکەن، لەوما کەسەکێ نێزیک ئۆسمانی پشتی چەندەکێ رابوو چوو بابێ ئەو کەسێ (ئ) کوشتی ب ناڤێ (ع) ل ناڤ بازاری دا بەر گوللەیانو کوشت، پاشی بەرەڤ جهەکێ نە دیار رەڤی. لێ رەڤینا وی گەلەک نە ڤەکێشاو ژلایێ پۆلیسان ڤە هاتە گرتن.

پشتی گرتنێ ب سێ هەیڤان کەفتە بەرسینگێ دادگەهێو ئەو ژی ب ١٥سالان حوکم بوو، چونکو کێشە کەفتە د قالبێ تۆلڤەکرنێ دا.

# وردەکاریی تیرۆرکردنی زەردەشت عوسمان لەزمانی براکانییەوە

## "تیرۆرکردنی زەردەشت سوتفە نییەو ئەگەر بەبێ ئاکام تێپەڕێت، دەبێت چاوەڕوانی چەندین قوربانی تر بین"

**بەرزان عەلی حەمەو**
**ئالان ساحیبقران لەهەولێر**

پاش ئەوەی هەفتەی پێشوو زەردەشت عوسمان لەلایەن چەند چەکدارێکی نەناسراوەوە لەبەردەم زانکۆی سەلاحەدین دەرفێنرێت، دوای تێپەڕبوونی دوو ڕۆژ تەرمەکەی لەنزیک موسڵ دەدۆزرێتەوەو ئەوەش نیگەرانییەکی جەماوەریی بەرفراوانی لێدەکەوێتەوەو شەپۆلی نارەزاییو ئیدانەکردنی تیرۆرکردنی زەردەشت ڕۆژ بەڕۆژ بەرفراوان دەبێت.

بەکر عوسمان، **٣٩**ساڵ، برای گەورەی زەردەشتەو پێری ئێوارە هەواڵی تیرۆرکردنی براکەی دەبیستێو دەستبەجێ لەوڵاتی سویدەوە دەگەڕێتەوە کوردستان.

دوێنێ لەنێو ئاپۆڕەی پرسەی زەردەشت لەشاری هەولێر، نم نم هەوڵێکی زۆری دا تا لەگەڵ دایکو باوکی زەردەشت وتووێژ بکەن، بەڵام ئەوەندە نارەحەتو بێزاربوون نەیاندەتوانی قسە بکەن، دواتر هەریەک لەبەشدارو بەکر دووان لەبرایانی زەردەشت قسەیان بۆ نم نم کرد.

**نم نم: ئیشوکاری زەردەشت چی بوو؟**

**بەکر:** ئەو تەنها وەک وەرگێڕێک لەزمانی ئینگلیزییەوە بۆ زمانی کوردی لەهەفتەنامەی ئاشتینامە کاری دەکرد، بەڵام زەردەشت پێشتر چەند وتارێکی نوسیوەو کاری ڕۆژنامەوانییەکەی هەرئەوەندە بووە، لەو وتارەی کە نوسیویەتی بەناوی "دووایین زەنگی مردنم لێدرا" ئاماژە بەوە دەکات کە پێشووتر هەڕەشەی کوشتنی لێکراوەو زانکۆی ئاگادارکردووەتەوەو دواتریش پۆلیسی ئاگادارکردووەتەوە، بەڵام هیچ هەوڵێکی بۆ نەدراوە، ئەوەی لەهەمووی ناخۆشترە ئەوەیە کە ئێمەش ئاگادارنەبووین.



بەکر عوسمانو براکانی دیکەی سەردەشت عوسمان لەپرسەی براکەیاندا

فۆتۆ: بەرزان عەلی حەمە

زەردەشت کەسێکی خوێنەر بوو بەبەردەوامی دەیخوێندەوە، هەمیشە بەمنی دەوت چاپخانەی کوردی کتێبی زۆر کەمە، زۆرجار من کتێبم بۆ دەناردەوە.

**نم نم: کە هەواڵەکەتان بیست چ هەڵوێستێکت هەبوو؟**

**بەکر:** تەسەورم نەدەکرد ئینسان لەسەر نوسین بکوژرێت، مەگەر ئەوەنەبێت لەجەنگەڵێکدا بژی، پرسیاری گەورە ئەوەیە چۆن ئینسان لەسەر نوسین دەکوژرێت؟ هەتا ئەگەر هەڵەش بێت.

**نم نم: هیچ دەزگایەکی حکومی پەیوەندی پێوە کردوون؟**

**بەکر:** تەنها ئەوەندە نەبێت کە دەزگای پۆلیسو ئاسایش دەڵێن لیژنەی تایبەت بۆئەو مەسەلەیە دروستکراوە، پرسیاری گرنگ ئەوەیە کە چۆن لەشارێکی وەکو هەولێر کە دەوترێت ئارامەو چەندین دەزگای گەورەی ئاسایشی تێدایە، چۆن لەبەردەمی زانکۆدا کە لەوێش ئەفرادی ئاسایشو پۆلیس هەیە، کەسێک دەفڕێنرێت؟ ئەمە جگەلەوەش کە بۆ چوونەدەرەوە لەهەولێر چەندین بازگە هەیەو هەمووو شتێک کۆنترۆڵی گەورەی لەسەرە، چۆن ئاوا بەئاسانی ئەوە تێپەڕی؟ ئەمە کەمتەرخەمی دەزگای ئاسایشە؟ یان نەبوونی ئەو دەزگایە؟ ئەم پرسیارانە زۆرن، تاوەکو ئەمڕۆش کە لەچواری مانگەوە ون بووە، دەکرا دەزگایەکی ئاسایش بەدوای کێشەکەوە بچووایەو دەستەکەی کەشف بکردایە.

پاراستنی ئەمنیەتو ئاسایشی ئەو خەڵکە وەزیفەی دەستەڵاتە، لەکاتێکدا گەنجێک لەهەولێر ون دەبێت، هەموو شارەکانی کوردستان هاتوونەتە دەنگ، چونکە ئەمە کێشەیەکی خێزانی نییە، کێشەی گەنجانو کچانو ئازادییە، کێشەی ڕۆژنامەنووسییە، هەموو خەڵک هاتوونەتە دەنگو قسە لەسەر ئەم کێشەیە دەکەن، بەڵام ساردییەکی زۆر گەورە لەلایەن دەستەڵاتەوە دەبینرێت لەبەدواداچوونی ئەو کێشەیەدا.

**نم نم: چۆن تەرمەکەیتان پەیدا کرد؟**

**بەکر:** پێشتر لەکوردستان تیڤیدا بڵاوکرایەوە کە کەسێک بەناوی زەردەشت عوسمان لەبەردەمی زانکۆوە ون بووەو هەرکەسێک زانیاری لەسەری هەیە پەیوەندیمان پێوە بکات، یەک دوو ڕۆژ دوای ئەوە ژمارەیەک لەکەی تیڤییەوە نوسرابوو کە ئەو کەسەی دەگەڕێت بەدوای زەردەشت عوسمان با پەیوەندی بکات بەم ژمارە تەلەفۆنەوە، هاوڕێیەکی زەردەشت پەیوەندی کردووە بەماڵی ئێمەوە کە پەیوەندی بکەین بەو ژمارە تەلەفۆنەوە، ئەوە ژمارەی کابرایەکی موسڵی بوو کە تەرمەکەی دۆزیوەتەوە، ئەو پیاوەش بەیانی زوو چووبوو بۆکڕینی سەموون کە پێی زانیبوو.

**نم نم: گومانی چیتان لەلا دروست بووە؟**

**بەکر:** دەکرێت گومانی زۆر زۆر دروست ببێت، بەڵام پێش ئەوەی مرۆڤ گومان بکات بەدووای یەقیندا دەگەڕێت، ئەو پرسیارەی کە ئێمە دەیکەین پرسیاری هەموو خەڵکی هەرێمی کوردستانو هەموو ڕۆژنامەنوسانە، ئەوەنەی ئێمەش ئاگادارین هەموو ڕۆژنامەنوسەکان ئەم پرسیارەیان ڕووبەڕووی دەستەڵات کردووەتەوە، ئەمە سوتفەیەک نییە، بەڵکو هەڕەشەیەکە بۆسەر هەموو کۆمەڵگای کوردستان، هەڕەشەیە بۆسەر گەنجان، ئەگەر ئەم کێشەیە بەبێ ئاکام تێپەڕێت، دەبێت چاوەڕوانی چەندین قوربانی تربین.



سەردەشت عوسمان

**نم نم: ئەی تۆ چۆن بەتیرۆرکردنی براکەت زانی؟**

**بەشدار:** وەڵا ئەو کاتەی کە فڕاندبوویان مەلزەمەو شتەکانی لەدەست کەوتبووە خوارەوەو برادەرەکانی بردبوویانەوە، پەیوەندییان بەمنەوە کردو وتیان فڕاندوویانە، برادەرەکانی فڕاندنەکەیان نەدیبوو، بەڵام تەلەبەو مامۆستا بینیبوویان، تا ئێمەش نەچووین هیچ دەزگای ئەمنو ئاسایش ئاگادار نەبوو، بەڵام بەبیست دەقیقە دواتر گەشتینە شوێنەکە.

**نم نم: قسەیەکتان لەسەر سەرۆکایەتی زانکۆکەی هەیە کەلەبەردەم ئەوێدا فڕاندیان؟**

**بەشدار:** ئەوە پەیوەندی بەحکومەتەوە هەیە با ئێمە شتەکە بچوک نەکەینەوە تەنیا بۆ زانکۆ، پەیوەندی بەدەزگای ئەمنو ئاسایشەوە هەیە، ئەوە زیاتر ڕای ئازادو دیموکراسی خستە ژێر پرسیارەوە.

**نم نم: پێتان وایە چۆن بەبازگەی هەولێردا براوەتە دەرەوە؟**

**بەشدار:** ئێمە دنیایەک پرسیاری لەو جۆرەمان هەیە، جا دەکرێت دەزگای ئەمنیو حکومەتی هەرێم وەڵاممان بداتەوە، بێدەنگی دەزگای ئەمنو ئاسایش تائێستا ئەوە خۆی لەخۆیدا گومانێکی ترە لەلای ئێمە، لەڕووی یاساییشەوە سکاڵامان تۆمار کردووە.

**نم نم: زەردەشت لەدوا ساڵی خوێندنیدا بوو؟**

**بەشدار:** هەر ئەو ڕۆژەی فڕاندیان بەحسی تەخەروجی ئاخیر ڕۆژی تەسلیم دەکرد، ئەوەشی لەدەست کەوتبووە خوارەوە، شێوازی بردنەکەشی دوو کەسو سایەقێک بوون، ئێمە لێناگەڕێین خوێنی زەردەشت بەفیڕۆ بڕوات.

# د.ساران ئازەر سەرۆکی ڕێکخراوای نێونەتەوەیی بۆ ئاشتیو مافی مرۆڤ:

# بەرکەوتووانی کیمیاباران ساڵ بەساڵ خراپتر دەبنو چارەسەریان نییە

**د.ساران ئازەر پسپۆڕی نەخۆشییەکانی سنگو دڵ، سەرپەرشتیاری تیمێکی پزیشکییە کە دوای پشکنینی بەرکەوتوانی کیمیابارانی ناوچە کیمیابارانکراوەکانی کوردستان، چارەسەریان دەکەن.**
**ناوبراو، لەمیانی دیمانەیەکیدا بۆ نم نم وردەکاری سەردانەکەیانو جۆری نەخۆشییەکانی بەرکەوتووانی کیمیاباران دەخاتەڕوو.**

**سازدانی: سالم حەمەخان**

د.ساران ئازەر ئاماژە بەوە دەدات کە ئەمساڵ چوارەمین ساڵیانە کە دێینەوە بۆهەڵەبجەو مەبەستی هاتنەکەشیان زیاتر بۆبینینو پشکنینو خزمەتکردنە بەبەرکەوتووانی کیمیابارانی هەڵەبجە، "زۆرینەی ئەو نەخۆشانەش ئێمە دەیانبینین نەخۆشیەکانی سنگو دڵیان هەیە، هەموو ساڵێک لەم کاتەدا دێینەوەو دوای پشکنینو بەپێی توانا ئەو دەرمانانەی هێناومانە لەگەڵ خۆمان دەیاندەینێ".

ناوبراو، لەبارەی پێکهاتەی شاندە پزیشکییەکەی ئەمساڵیانەوە ئاماژەی بەوەدا تیمەکەیان لەهەشت کەس پێکدێن، جگەلەخۆی سیانیان پزیشکی پسپۆڕن لەگەڵ دوو پەرستارو دوو کارمەندی تر کە بۆ وەرگێڕانو هاوکاریکردنیان لەدابەشکردنی دەرمان بەسەر نەخۆشەکانو ڕونکردنەوەی ئەوەی پێیان دەدرێت.

لەبارەی ئەو نەخۆشانەی بەسەریان کردونەتەوەو پشکنیان بۆکردوون، د.ساران ئازەر ئەوەی ئاشکراکرد کە زۆربەی ئەو نەخۆشانەی ئەوان دەیانبینینو پشکنینی نوێیان بۆئەنجام دەدەن، "چارەسەری یەکجاریان نییە، ئەوەی کە بتوانین چارەسەرێکیان بۆبکەینو ئیتر پێی چاک ببنەوەو جارێکی نەخۆشییەکە سەریان لێنەداتەوە، بەڵکو دەبێت کۆنترۆڵ بکرێنو ڕێگا لەخراپتربوونیان بگرین، ڕێگەنەدەین لەوە زیاتر نەخۆشییەکەو کاریگەرییەکانی لەسەریان تەشەنە بکات، حاڵەتەکانیان لەوەی کە هەیە ترسناکتر بێت، ئێمە هەموو ساڵێک ئەوەندەی توانامان بێت دەرمانیان بۆبەجێدێڵین".

ئەو پزیشکە پسپۆڕە ڕوونی دەکاتەوە هەموو ساڵێک کە دێینەوەو نەخۆشەکانیان بەساڵی پێشتر بەراورد دەکەن، هەست بەوە دەکەن کە بارودۆخی تەندروستی ئەو نەخۆشانە کە بەدەست کاریگەرییەکانی چەکی کیمیاییەوە دەناڵێنن خراپتر دەبن، کە ئەوەش مەترسی گەورەی لەسەر ژیانیان دروستکردووە، "هەوڵی سەرەکی ئێمە ئەوەیە کە نەخۆشەکان کۆنترۆڵ بکەینو بتوانین خراپتر بوونو دژواربوونی نەخۆشییەکانی بەرکەوتووانی کیمیاباران رابگرین".

د.ساران ئازەر باس لەوە دەکات کە زۆربەی نەخۆشەکانی سنگ کە هاتوونەتە لایان بەپڕۆنین کرۆکایتید لەقەڵەمی ئەدەن، "شتێکی زۆر ئاشکرایەو ناسراوە لەزانستدا کە پڕۆنین کرۆکایتید بەتەپوتۆزو مادەهەستیارەکان کە سنگو کۆئەندامی هەناسە ئەزیەت ئەکات کاریگەریی ئەبێت لەسەریان، جا بۆیە زۆربەی ئەو نەخۆشانەی ئێمە ئەیانبینین پێماندەڵێن کاتێک کە تەپوتۆزەو هەوا ناخۆشەو خۆڵبارین هەیە، نەخۆشیەکەیان خراپترەو ئەوکاتەشی کە زستانەو سەرماو سۆڵە دەست پێدەکات نەخۆشیەکانیان لێخراپتر دەبێت، ئێمەش هەوڵ ئەدەین دەرمانیان بۆجێبهێڵینو حاڵەتەکانیان بپشکنینو شیبکەینەوە کە ئەگەر هاتوو نەخۆشییەکەیان سەری هەڵدایەوەو خراپتر بوو ئەو دەرمانە بەکار بهێنن".



بەرکەوتوانی کیمیاباران بەهێمنی گیان لەدەست دەدەن

فۆتۆ: سالم حەمەخان

ناوبراو، ئەوەشی ئاشکرا کرد کە نزیکەی یەک تەن واتە هەزار کیلۆ دەرمانیان هێناوە کە بایی دوو ملیۆن دۆلارە، "ئەو دەرمانانە لەچەند شوێنێک دەدرێتە نەخۆشەکە ئێمە سەردانی ناوچەکان دەکەینو ئەو نەخۆشانە دەبینین"، هەربۆیە لەماوەی چوار ڕۆژی داهاتوودا لەهەڵەبجە دەمێیننەوەو پاشتر بەرەو کەلارو بالیسانو مەخمور دەڕۆن، "بەپێی تواناو لەهەر شوێنێک ئەو دەرمانەی کە پێمانە بێبەرامبەر دەیدەینە نەخۆشەکان، ئەگەر دەرمانیشمان لێبڕا ناچارین یان بۆنەخۆشەکانی بنوسین لەدەرەوە بیکڕن یان داوا لەحکومەتی هەرێمی کوردستان بکەین ئەو دەرمانەی کە پێویستی نەخۆشەکانە بۆمانی دابین بکات".

د.ساران ئازەر ئاشکرایکرد کە تەواوی پارەی دەرمانەکانو کرێی هاتوچۆیان لەئەستۆی خۆیانو ئەندامانی ڕێکخراوەکەیانەدا.

# Smsو مۆبایلە شیعر شوێن بەنامە دڵدارییەکان لەق دەکات



**بەهۆی مۆبایلو ئینتەرنێتەوە خۆشەویستی گۆڕانێکی زۆری بەسەرداهاتووە، هەندێک پێیانوایە هیچ جۆرە هەستو عەشقێکی ڕاستگۆیانەی تێدانییە، هەندێکی تر پێیانوایە بەپێچەوانەوە، هەر سەردەمەو خۆشەویستی خۆی هەیەو ناکرێت بەپێوەرەکانی ئەم سەردەمە باس لەخۆشەویستی بکەن.**

سارا عومەر

جیهانی بێ گیانو هەستی تەکنیک، بەجۆرێک پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی سستو لاواز کردووە، خۆشەویستیی ئەو تامو چێژەی جارانی نەماوە کە بۆگەیاندنی ئاوو هەناسەی دوو گەنج بەیەکتر دەیان کەس دەکرانە تەتەر تا نامەیەک بەیەک بگەیەنن یان لەکوچەو کۆڵانێکدا دزە نیگایەک بگۆڕنەوە، لەئێستادا مۆبایل تەواوی ئەو تەترانەی ئەویّ رۆژیی خستوتە نێو پەلە پیتکەی کچانو کوران، ئەوەش وایکردووە پەیوەندییەکان هێندەی رووکەشو زوو تێپەڕ بن هێندە کاریگەرو درێژماوە نەبن.

**Smsکان ئیحساسیان تیانییە**

کاژین کەمال، ١٩ساڵ، بەمۆبایلەکەی خەریکی ناردنی کورتەنامەsms بوو بۆخۆشەویستەکەیو باسی لەوە دەکرد کە کورتەنامەکانی خۆیو خۆشەویستەکەی کەمتر شیعرو ئەدەبیاتی تێدەکەوێت، "ڕاستەوخۆ لەسەر بابەتەکان قسەدەکەین، یان شەوان گوێمان لەهەناسەکانی یەکتر دەبێت".

بەپێچەوانەی خۆشەویستیی ساڵانی رابردووەوە کە کوڕانو کچان لەرێی نامەی دەستخەتەوە دەردەدڵیان بۆیەکتر دەکردو بەپارچە شیعری عاشقانە یەکتریان بەسەردەکردەوە، لەئێستادا کاژین وتەنی "کەی باوی غەزلو ئەدەبیات ماوە، هەر پێویستیش ناکات"، کورتەنامەو زەنگی مۆبایل جێی ئەوانەی گرتوەتەوە.

پێش ئەوەی مۆبایل بێتە کوردستانەوە زۆربەی پەیوەندیە سۆزدارییەکان لەرێگای نامەی دڵدارییەوە ئەنجام دەدران، شوان عەباس، ٤٨ساڵ، بەگرنگییەوە باسی نامەکانی جاران دەکرد کە چۆن هەوڵیان داوە بەشێوەیەکی ئەدەبی زۆر جوان نامەکانیان برازێننەوە، "نامەکان پڕبوون لەشیعرو ئیحساس، دەجار نامەکەت دەخوێندەو لێی تێرنەدەبویت، دڵداری وای لێدەکردین لەدیوانی شاعیرەکاندا بەدوای شیعری خۆشەویستیدا دەگەڕاین، نامەی مۆبایلی ئەمڕۆ کە کچو کوڕەکان ئاڵوگۆڕی دەکەن ئیحساسی تێدانییە: نەخۆشەویستی نەجوانی نەناسکی".

لەلایەکی دیکەوە موحسین غازی، ٥٢ساڵ، ئاهێکی بۆگەنجێتی خۆی هەڵکێشاو ئاماژەی بەوەدا کە زۆربەی نامەی هاورێکانی ئەو بۆی نوسیوونو بۆی هۆنیونەتەوە، "خۆمان دەگوشی چی ئەدەبیاتی خوێندبووە دەمان خزاندە نێو رستەکانەوە، پیاو بۆ خوا بڵێت کچەکانیش گەر لەئێمە باشترو جوانتر نەیان نوسیایە خراپتر نەبوون".

شیلان، ناوی خوازراوی ژنە مامۆستایەکی یەکێک لەناوەندییەکانەو باس لەوە دەکات کە نامە دڵدارییەکانی جاران سودیان زۆربوو، هانی کوڕو کچەکانی دەدا بخوێننەوەو دەستو خەتیان جوان بکەن، زەخرەفە لەنامەکاندا درووست بکەن، بەڵام تەکنیک ئەو سودەشی نەهێشت.

**"هەموو سەردەمێك ئەدەبیاتی خۆی هەیە، ئەوەتا ئێمەش بەدەیان شاعیری لاومان هەیە مۆبایلە شیعریان لەشێوەی نامیلکەدا بڵاوکردۆتەوە"**

**مۆبایلە شیعر شوێن بەشیعری دڵداری لەق دەکات**

هەڵکەوت ئەحمەد ئەوەی رەتکردەوە مۆبایل خۆشەویستی لەناو گەنجاندا کوشتبێت، چونکە "هەموو سەردەمێک ئەدەبیاتی خۆی هەیە، ئەوەتا ئێمەش بەدەیان شاعیری لاومان هەیە مۆبایلە شیعریان لەشێوەی نامیلکەدا بڵاوکردۆتەوە".

هەڵکەوت، خۆی یەکێکە لەو شاعیرانەی ئەو جۆرە شیعرانە دەنووسێتو جەخت لەوە دەکاتەوە کە ناکرێ لەرێی کورتە نامەیەکەوە چامەیەکی درێژی شاعیرێک بنێردرێت، "شیعرێکی نالی یان قانع، بە Sms نانێردرێت، بۆیە گەنجان پەنا دەبەنە بەر ئەم جۆرە شیعرانە، چونکە وشەکانی سادەو کورتەو تایبەت بۆ Sms نوسراون".

**خۆشەویستی جاران ڕاستگۆتربوو**

ئەو گۆڕانکارییە سیاسیو ئابوریانەی بەسەر بارودۆخی کوردستان داهاتوون رەنگدانەوەشیان لەسەر لایەنی کۆمەڵایەتیو پەیوەندییەکانی تاکەکانیش هەبووەو دەبێت. سنوور عومەر وەک توێژەرێکی کۆمەڵایەتی باس لەوە دەکات کە جیهانگیریو تەکنۆلۆژیاو ناسەقامگیری سیاسی لەعێراقو کوردستان گۆڕانی بەسەر زۆرشتی کۆمەڵگادا هێناوە، بەدەر لەوەش هەر سەردەمەو شێوازێک لەخۆشەویستی خۆی هەیە، جاران کچو کوڕ نەیاندەتوانی بەئاسانی یەک ببینن، هۆکانی پەیوەندی نەبوون یان زۆرکەم بوون پەیوەندییەکان لەرێگای تەلەفۆنی نۆرماڵ هەبووە، ئەویش هەموو ماڵێک نەیبووە، یان لەرێگای نامەناردنەوە بووە، "بۆیە تامو چێژێکی تێدابووە، جگەلەمانەش خۆشەویستی جاران ڕاستگۆترو پاکتربوو لەهی ئەم سەردەمە".

# گەنجانی کورد ئالودەی فەیسبووک دەبن

## گەنجان بەوشەو وێنەکانیان هەڕەشەی ئاشکراکردنی نهێنییەکانی یەکتری دەکەن

**فەیسبووک یەکێکە لەبەربڵاوترینی ئەو پێگە ئەلکترۆنیانەی نێو گەنجانی کوردستان کە لەرێگایەوە پەیوەندی دەبەستنو ئاڵوگۆڕی نامەو وێنە دەکەن، بەڵام ئەوەش رێگرنەبووە لەدروستکردنی کێشەو گرفتی دەروونیو کۆمەڵایەتی بۆیەکتر.**

دییە جەبار

کوردۆی تەمەن ٢٨ساڵ، فەیسبووک بەیەکێک لەپێگە دڵگیرەکانی دەزانێت کە رۆژانە چەند کاژێرێک خۆی پێوە سەرقاڵ دەکات، "چۆن بەیانیان لەخەو هەڵدەسیتو دەچیت بۆدەوام، دەبێت ئاوها رۆژانە چەند سەعاتێک لەگەڵ هاورێکانم لەفەیسبووک بەسەربەرم".

ئەو کوڕە گەنجە لەبارەی هاورێکانییەوە ئەوە دەدرکێنێت کە زۆربەی هاورێکانی کچنو بەدەگمەن نەبێت کوڕی برادەری نییە، "ئەوەندە بەسە زمانت لووس بێت بزانیت چۆن دەیان دوێنیت، لێت تێک نەچێت مەبەستم کچەکانە، ئەگینا بەهەفتەی جارێکیش لەگەڵ کوڕێکی هاورێمدا قسەناکەم".

لەلایەکی دیکەوە سامال شەمسەدین، ٢١ساڵ، لەبارەی هونەری بەدەنگهێنانی کچان دەدوێتو جەخت لەوە دەکاتەوە کە دەبێت بزانیت چۆن کچەکان دەدوێنیت ئەگەرنا بۆ هەتا هەتایە مەرحەبات ناکەن، "کچان حەزیان بەوەیە بەشانو باڵیاندا هەڵبدەیت، جارناجارێکیش باسی زەواجیان لەگەڵدا بکەیت، جاری واهەیە لەیەک کاتدا لەگەڵ سێ کەسدا قسە دەکەم، هەریەکەو بەدڵی خۆیو بەو بابەتانەی حەزی لێدەکات دەیان دوێنم".

**گەنجانی فەیسبووک جیاوازن**

نالیا بانەیی، کچێکی خۆرهەڵاتی کوردستانەو ئێستا لەوڵاتی سوید دەژی، یەکێکە لەو کچانە زۆرترین هاورێی هەیە، بەوتەی خۆی ئەگەر رۆژێک نەچێتە سەر خەت، هەموو کوڕە هاورێکانی هەواڵی دەپرسنو نامەی بۆدەنێرن، "کە قسەیان لەگەڵ دەکەیت زۆر لەسەرخۆو بەدڵی تۆ قسەدەکەن ئەوەندە قسەکانیان شیرینە هەست ناکەیت لەگەڵ پیاوی کوردییدا قسە دەکەیت".

ئەڤین، کچێکی دیکەیەو لەلاپەڕەکەی خۆی لەسەر فەیسبووک زۆرترین وێنەی خۆی داناوە، بەوتەی خۆی ژمارەی هاورێکانی بێحەدو حیسابە، "ئەگەر یەک سەعات بێمە خەت بەجارێک نیوەی پیاوی کورد پێمدەڵێت چۆنیت؟".

**بەس سەیری وێنەکان دەکات**

حەمە عەلی تەمەنی لەسەرو ٤٠ساڵییەوەیەو جەخت لەوە دەکاتەوە کە لەمڕۆدا هەموو کەس لاپەڕەیەکی لەفەیسبووک هەیەو بەلایەوە سەیرە ئەگەر کەسێک لەئێستادا بژیو لاپەڕەی لەوێ نەبێت، "من کەمتر چات دەکەم، زیاتر سەیری وێنەی کچەکان دەکەم، بەتایبەت ئەو کوردانەی ئێستا لەئەوروپا دەژین هەندێ وێنەی وا دادەنێن بەجلی تەسکو نیوە رووت پیاو هەر حەزدەکات دیقەتی بدات".

ژیکەڵە، یەکێکە لەو کچانەی لەفەیسبووک بەناوی خۆیەوە دانەبزیووە، بەهەڵە ناوی خۆیو تەمەنو شوێنی نیشتەجێبوونی داناوە.

ناوبراو، باس لەوە دەکات کە وێنەی چەند کچێکی تری هێناوە کە عەرەبنو تارادەیەک لەکورد دەچن، بەوەش توانیویەتی گۆڵێکی گەورە لەکوڕانو پیاوان بکات، "زیاد لە٦٠٠کوڕم پێهەڵخەڵەتاندوون، بەس فریای ئەوە دەکەوم کۆمێنتی کوڕەکان بخوێنمەوە، کوران خواخوایانە، کچێک مەرحەبایان بکات، خۆم دامناوە ئەم هاوینە دوای تەواوبونی پەیمانگا هەرچی کوڕی فەیسبوکە شێتیان بکەم".

**فەیسبووک ژیانی گەنجان دەشێوێنێت**

بەپێی سەرچاوەکانی هەواڵ، فەیسبووک یەکێکە لەسایتە بەربڵاوەکانی جیهان کە نزیکەی ٤٠٠ملیۆن بەشداربووی هەیە، لەنێو گەنجانی کوردیشدا بەرێژەیەکی زۆرو بۆمەبەستی جیاجیا بەکاردەهێنرێت.

سامان سیوەیلی بەرێوبەری سەنتەری راوێژکاری خێزان، هۆکاری بەشداربوونی ئەو ژمارە زۆرەی گەنجان دەگەڕێنێتەوە ئەو بۆشاییە دەروونیو سێکسییەی گەنجانی کوردی تێدا دەژین، "ئەوان لەرێگای قسەکردنو سەیرکردنی وێنەی کچەکانو هەندێ پەیوەندی، دەیانەوێت لەباری دەروونیو سێکسیەوە خۆیان پڕبکەنەوە".

بەرێوەبەری سەنتەری خێزان ئاماژە بەچەندین کەیس دەکات کە بەهۆی خراپ بەکارهێنانی ئینتەرنێتەوە، توشی کێشەی دەروونیو کۆمەڵایەتی هاتوون، "ئێمە کەیسمان لایە کچ وێنەی تایبەتی ناردووە بۆ کوڕ یان کامێرای بۆ داگیرساندووە، ئێستا کوڕەکە ئەمەی کردووە بەچەکی دەستیو هەڕەشە لەکچەکە دەکات ئەگەر سێکسی لەگەڵدا نەکات ئەوا بڵاویان دەکاتەوە، کچ هەیە ئیدمان بووە لەسەر قسەکردن لەگەڵ کوڕێک کاتێک کوڕەکە دیارنەماوە لەفەیسبووک توشی کێشەی دەروونی بووە". سیوەیلی، بەداخ بوو لەوەی تائێستاش گەنجی کورد نەیتوانیوە بەدروستی سود لەفەیسبوک وەرگرێتو بەکاری بێنێت، هەربۆیە بەمەترسییەکی گەورەی دەروونیو کۆمەڵایەتی دەزانێت ئەگەر گەنجان بەمشێوازەی "خراپ"ەی ئێستا بەکاری بهێنن.




# نامەی کوڕێک بۆ سەرۆکی حکومەت د.بەرهەم ساڵح

**خوێنەرانی ئازیز**

**دەتوانن هەر کەسایەتییەک ـ جا لەهەر بوارو کایەکدا بێت ـ کە ئێوە پێی سەرسامنو دەتانەوێ لەنزیکەوە گفتوگۆی لەگەڵ بکەن، لەرێی نامەوە خواستو ویستی خۆتانی بۆدەربڕنو داواکارییەکانی خۆتانی بۆبنووسنو لە نم نم بڵاوی بکەنەوە، بەو ئومێدەی کەسایەتییەکان وەڵامی نامەو داواکارییەکانی ئێوە بدەنەوەو ئەمەش دەروازەیەک بێت بۆ لێک نزیک کردنەوەی ئێوەی خوێنەرو جەماوەری ئازیز لەو کەسایەتییە جۆربەجۆرانەی هەرێمی کوردستانو خستنەڕووی دەردەدڵو خواستو پرسیارو وەڵامەکانی یەکتری.**

**بەڕێزم کاک د.بەرهەم ئەحمەد ساڵح**

سڵاوت لێ بێت، دەستی ماندووبونت دەگوشم، بەهیوای لەشساخیو سەلامەتی بۆ بەرێزتان، بەڕێزم حەزدەکەم وەک هاورێیەک موخاتەبەت بکەم نەک وەک سەرۆکی حکومەت یان جێگری سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان.

ئێوەش هاووڵاتییەکی ئەم شارەن لەسەردەمی بەعسدا، وەک هەر خێزانێکی شۆڕشگێڕی ئەم شارە خۆڕاگرە، توشی گرتنو ئەشکەنجەوو ڕاونان بوون، بەڵام ئاخۆ لەم سەردەمەدا وەک ئێمە دەژین؟ ئایە ئێوەش کارەباتان دەبڕێت؟ وەک ئێمە خەمی هاتنەوەی ئاوی خواردنەوەتانە؟ یان وەک ئێمە ئاگاتان لەنارەزاییو گلەییەکانی خەڵک هەیە؟ ئێوەش موچەتان دوا دەکەوێت؟ بەڕاست حەزدەکەم بزانم موچەی جەنابتان چەندە؟ لەکوێ وەریدەگرن؟ خۆتان وەریدەگرن یاخود کێ بۆتان وەردەگرێت؟

دەترسم من بەهاورێکی زۆربڵێو ئیزعاج بزانیت، یان کێ دەڵێت بەرێزتان دەتانەوێت هاورێم بن، بەڵام خۆناکرێت من تۆ بەهاورێی خۆم نەزانم، چونکە شەو نییە چەند جارێک لەچەند شاشەیەکی تیڤییەوە تۆنەبینم، یان لەرۆژنامەکاندا وێنە جۆراوجۆرەکانت نەبینم، ئەمەش وای لەمن کردووە تۆ بکەم بەهاورێی خۆمو لێرەوە بەیانی هاورێتی خۆمت بۆبکەم. هاورێم د.بەرهەم، حەزدەکەیت وەک ئێمە بچیتە چایخانەی شەعب یان سەرێک لەباخی گشتی بدەیت یان وەک هاووڵاتیەکی ئاسایی بچیتە چێتشخانەیەک؟ پەشیمان نیت لەسیاسەت؟ هەست ناکەیت سیاسەت هەموتانی پیرکردووەو خۆی هەر بەگەنجی ماوەتەوە؟ هەست ناکەیت سیاسەت زۆر بێرەحمانە منداڵەکانتی لەسۆزی باوکایەتی بێبەش کردووەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی تۆی لەگەڵ کەسە نزیکەکانت کاڵ کردۆتەوە؟ ئەگەر سیاسەتان هەڵنەبژاردایە، دەبوون بەچی؟ حەزتان دەکرد چ کارو پیشەیەکتان هەبوایە؟ بەداخەوە پرسیارم زۆرەو بابەتیش زۆرە باسی بکەم، چیبکەم ئێستا هەر ئەوەندەم بەخەیاڵدا هات خستمەسەر کاغەز، حەزمدەکرد ئەو هەموو دەرگاو پاسەوانو پرسگە لەنێوانمان نەبوایەو پێکەوە چایەکمان بخواردایەتیەوە، لەدەرەوەی سیاسەتو کاری حکومڕانی گوێم لەدەردەدڵەکانی تۆو موعاناتەکانت بوایە، دڵنیام بەرێزشیتان وەک هەر مرۆڤێک خەمو کێشەو داوکاریو هیوایەتان هەیە، بەڵام کەس نییە گوێی لەکێشە شەخسییەکانتان نەک کێشە سیاسییەکانی ئێوە بێت.

بەهیوام کە ئەم نامەیەت خوێندەوە قسەکانم بێزارت نەکات، دوبارە هیوای تەمەندرێژیو ساغو سەلامەتییت بۆ دەخوازم.

**هاورێی دڵسۆزت:**
**هیوا حەمە غەریب**

# زۆرینەی گەنجان شوێنکەوتەو چاو لەدەستی ئەوانیدیکەن

**پشتیوان ڕەحیم**
**توێژەری کۆمەڵایەتی**

بەپێی زانستی بیۆلۆژی گەنج ئەو کەسیە تەمەنی دەکەوێتە نێوان ١٥ بۆ ٢٥ساڵ یان ١٣ بۆ ٣٠ساڵ، لەم تەمەنەدا کەسەکە لەڕووی فیزیکی(جەستەیی) و عەقڵیو دەروونییەوە کامڵ دەبێت، بەڵام زانستی سایکۆلۆژی پێیوایە گەنج ئەو کەسەیە لەڕووی جەستەو ڕۆشنبیرییەوە پێگەیشتووە، ئەمە لەتەمەنی هەرزەکارییەوە دەستپێدەکاتو تادەگاتە تەمەنی گەورەتر، لەم پێناسانەدا مەرجی گەنجێتی گەشەکردنی جەستەو ڕۆشنبیرییە، بەڵام زانستی کۆمەڵناسی پێیوایە گەنج بەتەنها دیاردەیەکی بیۆلۆژی نییە، بەڵکو حەقیقەتێکی کۆمەڵایەتیشە، بەو واتایەی کۆمەڵێک سیماو تایبەتمەندی هەیە لەهەر بەشێکی کۆمەڵگادا هەبوو دەتوانین بەو کەسانە بڵێین گەنج.

بۆ ئەوەی بەکەسێک بوترێت گەنج دەبێت بونەوەرێکی کۆمەڵایەتی بێت، سروشتی گەنجوایەئینتمای بۆکۆمەڵێک هەیە، شتیان پێدەبەخشێتو شتیان لێ وەردەگرێت. خاڵێکی تر دەبێت هەمیشە لەبەرچاومان بێ ئەویش گەنج وزەی گۆڕانکاریو بنیاتنانە. گەنج واتە هەستیاریو حەماسەتو نەبەردیو سەربەخۆییو پەیوەست نەبوون بەبەرژەوەندی تەسکو خۆپەرستی.

گەنج فزولییەو ئارەزوی شت زانینو پرسیارکردن دەکات تا زۆرترین زانیاری بەدەست بێنێت. لەگەڵ ئەمەشدا هەمیشە ڕەخنە لەو واقیعە دەگرێت کەتێیدا دەژیو دەیەوێت لەگەڵ بیرو بۆچونەکانی خۆیدا بیگونجێنێت. بۆئەمەش هەرگیز فەرمانو گوشار قبوڵ ناکات، ئەگەر ئەو لایەنە هەرکەسێک بێت خێزان بێت یان دەسەڵات، چونکە دینامیکیو زیندوییەکی زۆری تێدایە، هەمیشە ئامادەیە بۆبەرگریکردنو قوربانیدان لەپێناو ئازادی خۆیو چواردەورەکەیدا، هەربۆیە بەزوویی لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی دەوروبەریدا خۆی دەگونجێنێتو پێشوازی لەشتی نوێ دەکات.

ناکرێت یەک کار لەگەڵ گەنجان بکرێت، چونکە ئەوان توێژێکی پێکەوەیینو دەبێت لەکاتی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانی وەک هونەرو ئەدەبو زانستو وەرزش هەموو چینو توێژەکان لەبەرچاو بگیرێت تا ڕووبەری گەنجی هۆشیارو تێگەیشتووو ڕۆشنبیر لەکۆمەڵگادا زیاد بکرێت. دەبێت ئەوەش بزانین گەنجان لەڕووی ئاستی ڕۆشنبیرییو سەرکردایەتیکردنو چالاکییەوە جیاوازن.

بەشێک لەگەنجان ڕۆشنبیرو بەئەزموونن، ئەمانە ئەوانەن پێشەوایەتیو سەرکردایەتی دەکەن لەکۆمەڵگادا، بەڵام بەشەکەی تریان گەنجانی هۆشیارو بەئاگان، ئەمانە بەپلەی دووەم دێن لەڕووی چالاکیو وزەو بەئاگابوون لەڕووداوەکانی دەوروبەر، هەندێجار ئەمانیش توانای سەرکردایەتیکردنیان هەیە، بەڵام بەشە فراوانەکەی گەنجان بەتەنها شوێنکەوتەن، ئەمانە زۆرترین ڕێژەی ئەم توێژە پێکدێنن، دەیانەوێت بەشداری بکەن لەچالاکیو کۆڕو کۆبونەوەکاندا، بەڵام هەمیشە چاوڕێی ئەوەن کەسانێک سەرکردایەتیان بکاتو ئاڕاستەیان بکات.

# Xfm... گەنجانی سلێمانی لەدەوری خۆی کۆدەکاتەوە

## "ئەوەم بەدڵە کە لەو ڕادیۆیەوە گوێم لەهەواڵی سیاسی نابێت"

**ڕادیۆی Xfm کە لەلایەن گەنجێکی شاری سلێمانیەوە ماوەی چوار مانگە کراوەتەوەو دەستی بەپەخش کردووە، زۆرێک لەگوێگرانی پێیانوایە کە ئەو ڕادیۆیە بەرنامەکانی گەنجانەیە، بەڕێوەبەری ڕادیۆکەش جەخت لەوە دەکاتەوە کە بەهەردوو زمانی ئینگلیزیو کوردی بەرنامەکانیان پێشکەش دەکەنو لەماوەی چەند مانگی داهاتووشدا پەخشەکەیان دەگەێننە شاری هەولێر.**

**ژنیار شاخەوان لەسلێمانی**

زۆرێک لەگەنجانی سلێمانی باس لەوە دەکەن کە بەشێوەیەکی بەردەوام گوێ لەرادیۆی xfm دەگرن.

شێنێ سامان کچێکی تەمەن ١٩ساڵەو دانیشتوی شاری سلێمانییە، ئاماژە بەوە دەدات کە شەوان تا درەنگانێک گوێ لەو ڕادیۆیە دەگرێت، "بەبەردەوامی شەوان گوێگری ئەو ڕادیۆیەم ئەگەر ڕۆژیش کاتم هەبێت، هەر گوێی لێدەگرم، چونکە گەنجانەیەو هەندێ بەرنامەشی بەزمانی ئینگلیزیە ئەوەش هاندانێکە بۆئێمە"، چونکە شێنێ پێیوایە ئەو هەواڵانەی لەو ڕادیۆیە دەخوێنرێتەوە تایبەتە بەو بوارانەی گەنجان حەزیان لێیەتی، "ڕادیۆو کەناڵەکانی تر هەریەکەو تایبەتە بەبوارێکی سیاسی یان کاتێکی کەمی بۆ گەنجانە".

### گەنجان گوێگری ڕاپو هیپۆپن

بژار کەمالی تەمەن ٢٠ساڵ کە خۆی بەیەکێک لەراپەرەکانی کوردستان دادەنێت، پێیوایە ئەو ڕادیۆیە کاتێکی زۆری تەرخانکردووە بۆ گۆرانی ڕاپو هیپۆپ، "ئەوەم بەدڵە کە لەو ڕادیۆیەوە گوێم لەهەواڵی سیاسی نابێت"، هاوکات پێیباشە ئەو ڕادیۆیە بەرنامەکانیان زیاد بکەنو وەکو ڕادیۆ ئینگلیزییەکانیش گرنگی زیاتر بەگەنجان بدەن، "پێویستە بەرنامەی زیاتر بەزمانی ئینگلیزی پێشکەش بکەن، چونکە ئێستا گەنجانی ئێمە زۆربەیان ئەو زمانە دەزانن و قسەی پێدەکەن".

### گەنجان خراپ لەئەوروپا ناگەن

ڕەوەند محەمەد قەرەداخی بەڕێوەبەرو دامەزرێنەری ڕادیۆی xfm، باس لەوە دەکات کە کردنەوەی ڕادیۆکە خەونێکی گەورەی ئەو بووە، بۆیە دەیەوێت لەرێگەی ڕادیۆکەیەوە کاریگەری میدیای بیانی لەسەر گەنجان نەهێڵێت، "بەرنامەیەکمان هەیە کە لەکاژێر ٨-١٠ی بەیانیە، گوێگر ئاگاداردەکاتەوە لەو ڕوداوانەی لە ١٢کاژێری ڕابردوودا لەجیهاندا ڕوویان داوە"، جگەلەوەش چەند بەرنامەیەکی تریان هەیە بۆ گەنجان لەگەڵ هەواڵ لەسەر گەنجانو ڕوداوی سەیرو سەمەرە.

ئەو پێیوایە زۆرینەی خەڵک خراپ لەکولتوری ئەوروپا تێگەشتوون، بۆیە ئەوان هەوڵ دەدەن لەرێی ڕادیۆکەوە کار لەسەر ناساندنی کولتوری ئەوروپا بکەن بەهاوولاتیانی هەرێمی کوردستان،"نزیکەی ١٢ بێژەرمان هەیە، بۆئەوەی لەبەرنامەو هەواڵەکاندا جیاوازی دەنگ هەبێتو گوێگر بێزار نەبێت".

ڕۆژی ٣/٢٥ لەلایەن ئەو ڕادیۆوەو بەهاوکاری گروپی مۆزیکی سەهەند ئاهەنگێک بۆ گوێگرانی ڕادیۆکە سازکراو بەوتەی بەڕێوەرەی ڕادیۆکە زیاتر لەدوو هەزار گەنج ئامادەی ئاهەنگەکە بوون.

ڕەوەند قەرەداخی لەدرێژەی وتەکانیدا جەخت لەوە دەکاتەوە کە ڕادیۆکەیان نزیکەی ٢٠ کارمەند کاری تێدا دەکاتو هەموو کارمەندانیش بەشێوەی فری لانس کاردەکەن، "سەرمایەی ڕادیۆکە تائێستا خۆمان دابینی دەکەین، لەرێگەی ریکلامی ڕادیۆکەوەو چەند کەسێکیش هاوکاریمان دەکەن، بەتەمای حکومەتین، بەڵام جارێ هیچ شتێکمان بۆ نەکراوە".

### کارمەندانی ڕادیۆکە بەئینگلیزی دەدوێن

کارمەندانی ڕادیۆی xfm لەناو خۆیاندا زۆرینەی کات بەزمانی بەئینگلیزی وتووێژ دەکەن، کارمەندێکیش ئەوە دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی هەندێکیان خوێندکاری زانکۆنو هەندێکیان لەدەرەوەی وڵات گەڕاونەتەوە.

شالاو ئەحمەد قەرەداخی کە بێژەری بەرنامەیەکی ئینگلیزییەو خوێندکاری زانکۆیە، باس لەوە دەکات کە ئەوان لەزانکۆشدا زۆرجار بەئینگلیزی دەدوێن، "لەبەر ئەوەی ڕادیۆکەمان جیاوازەو بەرنامەی ئینگلیزی تیایە، کارمەندەکانیشمان هەندێکیان لەدەرەوەی وڵات گەڕاونەتەوەو هەندێکیان خوێندکاری زانکۆن، زۆرجار بەئینگلیزی قسەدەکەین".

ئەو، جەخت لەوە دەکاتەوە کە ٢٤ کاژێر ڕادیۆکەیان کراوەیەو چەندین بەرنامەی گەنجانەو زانستیو هەواڵی جیهانی پێشکەش دەکەن، هاوکات دەرون محەمەد کە کچە بێژەرێکی بەشی کوردییە، ئاماژە بەوە دەدات کە هەموو کارمەندانی ڕادیۆکە لەبەر ئەوەی گەنجن وەکو هاوڕێ کار دەکەن، "هیچ کاتێک لێرە بێزار نابم، چونکە بەڕێوبەرەکەمان وەکو بەرپرس هەڵسوکەوتمان لەگەڵ ناکات".

لەبەشی پەخشو مۆنتاژیش بنار بەکر جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئیشەکەی ئەو زۆر وردەکارییەو بەردەوام سەرقاڵە، بەڵام پێیوایە هیچ کاتێک هەستی بەبێزاری نەکردووە، "چونکە کار بۆ گەنجان دەکەم هیچ کاتێک بێزار نابم".



xfm گەنجانی سلێمانی لەدەوری خۆی کۆدەکاتەوە

فۆتۆ: شاخەوان مەحمود

# کێ ١٠ دەوڵەمەنترین گەنجی خاوەن پرۆژە دەناسێت؟

ئەم گەنجانەی لێرەدا ناوو وێنەو داهاتەکانیان خراوەتەروو، خاوەنی ١٠ سایتی ئەلیکترۆنی بەناوبانگنو ئەوەش کردوونی بەخاوەنی سامانو داهاتێکی زۆر، کە دەکرێت گەنجانی کوردیش لەبری دەستی دەستیو چاوەڕوانی بڕە موچەیەکی دیاریکراوی حیزب یان حکومەت، کار لەسەر سەرپێخستنی پرۆژەی نوێو گرنگی خۆیان بکەنەوەو حیزبو حکومەتو ناچاربکەن دان بەتواناو لێهاتوویەکانیاندا بنێنو ببنە جێی شانازی خۆیانو خێزانو کوردستانیش، کوردوتەنی گۆشتی لا ڕانی خۆتان بخۆن لەمنەتی قەساب باشترە، بەو ئومێدەی لەژمارەکانی داهاتووی ئەم ئەم گەنجە بەهرەمەندەکانی کوردستانیش بەسەر بکەینەوەو بەهەموو لایەکیان بناسێنین.

١. زوکبێرگ مارک Mark Zuckerberg
تەمەن: ٢٣ساڵ
پرۆژە: فەیسبوک
بڕی داهات: ٧٠٠ملیۆن دۆلار



٢. گۆوەر ئەندرو Andrew Gower
تەمەن: ٢٨ساڵ
پرۆژە: Run escape
بڕی داهات: ٦٥٠ملیۆن دۆلار



٣. هێرلی چاد Chad Hurley
تەمەن: ٣٠ساڵ
پرۆژە: YouTube
بڕی داهات: ٣٠٠ملیۆن دۆلار




٤. جۆی داڤید هیاتو بلاک ڕۆس
Blake Ross and Joe David Hyatt
تەمەن: ٢٢ساڵ
پرۆژە: Mozilla
بڕی داهات: ١٢٠ملیۆن دۆلار




٥. ئەندرو مێچێڵ Andrew Michael
تەمەن: ٢٩ساڵ
پرۆژە: Fast Hosts
بڕی داهات: ١١٠ملیۆن دۆلار



٦. ساتیر ئەنگلۆ Angelo Satire
تەمەن: ٢٦ساڵ
پرۆژە: Deviant ART
بڕی داهات: ٧٥ملیۆن دۆلار



٧. جۆن ڤیچی John Vechey
تەمەن: ٢٦ساڵ
پرۆژە: Pop Cap Games
بڕی داهات: ٦٠ملیۆن دۆلار



٨. لیڤین ئەلیکساندەر Alexander Levin
تەمەن: ٢٣ساڵ
پرۆژە: ImageShac
بڕی داهات: ٥٦ملیۆن دۆلار



٩. نیکڵ جاک Jake Nickel
تەمەن: ٢٨ساڵ
پرۆژە: Thread less
بڕی داهات: ٥٠ملیۆن دۆلار



١٠. گریگ تسینج و جۆن سمس
Greg Tseng and Johann Schleier-Smith
تەمەن: ٢٨ساڵ
پرۆژە: Tagged
بڕی داهات: ٤٥ملیۆن دۆلار




ئا: بارین سامان



# کاسیاس

# سەرسەختترین پارێزەری گۆڵ

بــەر لە٢٩ســاڵ لەمەوپێش ئیکەر کاســیاس فێرناندز لەشــاری مەدریدی پایتەختی ئیسپانیا لەدایکبووە، هەر لەمنداڵییەوە عاشقی تۆپی پێ بووە، لەساڵی ١٩٩٠ لەگەڵ یاریزانی پلە ســێی یانەی ڕیــاڵ مەدرید وەک گۆڵچی دەستی بەیاریکردن کردووە.
ڕۆژ بــەڕۆژ توانــاو لێهاتوویی ئــەم گۆڵچییە ناودارە دەردەکەوتو بەردەوام لەیارییەکانی یانەکەیدا ئاستێکی بەرزی پێشــکەش دەکرد، تا لەساڵی ١٩٩٥ توانی جامی نەتەوەکانی ئەورووپای خوار تەمەن ١٥ســاڵ بەدەســت بهێنێت، دواتر کاتێک هەردوو گۆڵچی پلە دووی ڕیاڵ تووشی پێکان بوون، بۆ بەشداریکردن لەیارییەکی یانەکەی لەگەڵ یانەی ڕۆزنبێرگ لەوڵاتی نەرویج، بانگهێشتکراو توانی لەو یارییەدا ئاستێکی بێوێنە پیشان بدات، ئەوەش وایکــرد لێپرســراوانی یانەی ریاڵ متمانــەی تەواوی پێبکەن‌و بیگوازنــەوە بۆنێو یاریزانی پلە دووی یانەکەو دواتریش لەڕیزی پلە دووی یانەکەدا توانی بەباشــترین شــێوە جێی خۆی بکاتەوە، پاشان وەک گۆڵچی سەرەکی هەڵبژاردەی ئیســپانیا توانی لەگەڵ یاریزانانی دیکەی هەڵبژاردەکەی نازناوی مۆندیالی خوار تەمەن ٢٠ســاڵ لەساڵی ١٩٩٩ بەدەســت بهێنن، کە ئەوەش هۆکارێکی سەرەکی بوو بۆئەوەی لەو ساڵەدا بگوێزرێتەوە بۆ ڕیزی یاریزانانی پلە یەکی یانەی ڕیاڵ مەدرید.
یەکەم دەرکەوتنی کاسیاس لەگەڵ هەڵبژاردەی ئیسپانیا لەیارییەکی دۆســتانەدا بوو بەرامبەر هەڵبژاردەی سوید کە یاریەکە بەئانجامی گۆڵێک بۆ هەردوولا کۆتاییهات، پاشان لەساڵی ٢٠٠٠ بۆبەشداریکردن لەجامی نەتەوەکانی ئەورووپــا وەک گۆڵچی یەدەگ بانگێشــی هەڵبژاردەی ئیســپانیا کرا، بــەڵام کاتێک کانیزاریســی گۆڵچی ســەرەکی ئەوکاتی هەڵبژاردەکە تووشــی پێکان بوو، قۆناغێکــی گرنگ هاتە پێش کاســیاس‌و بووە گۆڵچی ســەرەکی هەڵبژاردەی وڵاتەکەی یــاری لەدوای یاری بەهرەو تواناکانی زیاتر دەردەکەوتن، لەو کاتەوە تائێستا بەشێوەیەکی ســەرەکی پاراســتنی گۆڵی هەڵبژاردەی ئیســپانیاو یانەی ریاڵ مەدریدی لەئەستۆ گرتووەو هیچ گۆڵچییەکی ئیسپانیش نەیتوانیووە ئاستێکی وا پێشکەش بکات، کە ببێتە هۆی دوورخســتنەوەی کاسیاس‌و خۆی جێگەی بگرێتەوە.
لەساڵی ٢٠٠٢، وەک گۆڵچی سەرەکی لەگەڵ هەڵبژاردەی ئیســپانیا بەشداریکرد لەیارییەکانی جامی جیهانی کە لەهەردوو وڵاتی کۆریاو ژاپۆن بەڕێوەچوون، دیارترینی ئەو نازناوو پاڵەوانێتیانەی بەدەستیهێناون بریتین لە:

١. خولی ئیســپانیا: ٢٠٠٠-٢٠٠١، ٢٠٠٢-٢٠٠٣، ٢٠٠٦-٢٠٠٧ ، ٢٠٠٧-٢٠٠٨.
٢. جامی سوپەری ئیسپانیا: ٢٠٠١، ٢٠٠٣، ٢٠٠٨.
٣. خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا: ١٩٩٩-٢٠٠٠، ٢٠٠١-٢٠٠٢.
٤. جامی سوپەری ئەوروپی ٢٠٠٢-٢٠٠٣.
٥. جامــی ئینتەر کۆنتیننتال: ١٩٩٨ / ١٩٩٩ — ٢٠٠٢ /٢٠٠٣.
٦. جامی نەتەوەکانی ئەوروپای خوار تەمەن ١٥ســاڵ: ١٩٩٥.
٧. جامــی نەتەوەکانی ئەوروپای خوار تەمەن ٢٠ســاڵ: ١٩٩٩.
٨. مۆندیالی لاوان: ١٩٩٩.
٩. جامی نەتەوەکانی ئەوروپا: ٢٠٠٨.
١٠. باشترین یاریزانی لاوی ئەوروپا: ٢٠٠٠.
١١. باشترین گۆڵچی خولی ئیسپانیا: ٢٠٠٨.

# هەڵبژاردەی ئیسپانیاو قەیرانی هێرشبەرانی

جگەلەهەڵبژاردەی ئەرژەنتین کە چەندین هێرشــبەری بەتوانای هەیە، هەڵبژاردەی ئیســپانیاش تاکــە هەڵبــژاردەی مۆندیالــە کــە دوو هێرشــبەری ناوداری وەک داڤیــد ڤیــاو فێرنانــدۆ تۆریســی هەیە، بــەڵام بەهۆی پێکانە بەردەوامەکانی تۆریسەوە پێناچێــت بتوانێت بەشــداری مۆندیال بکات.
لەئێســتادا هەڵبژاردەی ئیسپانیا تووشــی جۆرێــک لەقەیــران بووەتــەوە بەتایبــەت لەهێڵــی هێرشبردندا، چونکە داڤید ڤیا ڕەنگە نەتوانێت بەتەنها ئەو شوێنە پڕبکاتەوە، بۆیە یەکێتی تۆپی پێی ئیسپانیاو ڤیســێنتی دلبۆسکی ڕاهێنەری هەڵبژاردەکەش هەوڵی چارەســەرکردنی ئەو کێشــەیە دەدەن‌و چەند پێزنیازێکیشــیان لەبەردەستدا، لەوانە:

### یەکەم: زیادکردنی یاریزانێک بۆ هێڵی ناوەڕاست

پێدەچێت ئەمە باشترین پێشنیاز بێت بــۆ جێبەجێکردن، لەهێڵی ناوەڕاستی هەڵبژاردەی ئیسپانیا چاڤی هێرناندزو چاڤی ئەلۆنزۆ بەشــێوەیەکی ســەرەکی یاری دەکەن، یاریپێکردنی سیســک فابریگاســیش لــەو هێڵەدا کە دەتوانێــت دوو ڕۆڵ ببینێــت، یەکێکیــان کەمکردنــەوەی گوشارەکانی سەر چاڤی‌و ئەلۆنزۆ دەبێت‌و دووەمیشیان یارمەتیدانی ڤیا لەهێڵی هێرشبردندا، هاوکات دەتوانێت وەک ڕۆڵی هێرشبەری دووەمیش ببینێت.
جگەلــەوە دەتوانرێــت بەچەند یاریزانێکی دیکەی وەک مارکۆس سێنا لەیانەی ڤیاڕیاڵ‌و خیسۆس ناڤاس لەئیشــبیلەو ئەندریاس ئینێســتا لەبەرشــەلۆنەو داڤید ســیلڤا کە ڕەنگــە لەهەموویان باشتر بێت بۆداڤید ڤیان، لەبەر ئــەوەی هەردووکیــان لەیانەی ڤالەنســیا یاری دەکەن‌و باشتر لەیەکتر تێدەگەن.

### دووەم: زیادکردنی یاریزانێک کەجێگەی فرناندۆ تۆریس بگرێتەوە

جێبەجێکردنــی ئەم پێشــنیازە ئاسانترە بۆ دلبۆسکی ڕاهێنەر، چونکــە کاریگەری لە تەکتیک‌و شــێوازی یاریکردنــی ماتادۆر نابێــت، لێــرەدا باســی چەند یاریزانێــک دەکەین دەکرێت لە بری فێرناندۆ تۆرێس پشــتیان پێ ببەسترێت.

### ١. ئەلڤارۆ نگریدۆ

ئــەم یاریزانە کە هێرشــبەری یانەی ئیشــبیلیەیە ماوەیەک بەر لەئێســتا لەیاریەکی هەڵبژاردەی ئیســپانیادا بەشــداری کردو ئاســتێکی بەرزی پێشکەشکرد، سەلماندی کە دەتوانرێت پشتی پێببەسترێت، جگەلەوەش تائێستا لەجامی شــای ئیسپانیاو خولی ئیسپانیاشــدا ١٢گۆڵــی تۆمار کردووەو شەش گۆڵیشی لەخولە ئەوروپیەکاندا تۆمارکردووە.

### ٢. فێرناندۆ لۆرێنتی

ڕەنگــە فێرنانــدۆ لۆرینتی هێرشــبەری یانەی ئەتلەتیک بلباو باشــترین جێگــرەوەی فێرنانــدۆ تۆرێــس بێــت، چونکــە بەیەکێــک لەهێرشــبەرە بەتواناکانــی خولی ئیسپانی دادەنرێت، هەرچەندە لەم وەرزەدا ئاستی دابەزیوە، بەڵام دەتوانرێت بۆهەڵبژاردەی ئیســپانیا سود لەتواناکانی ببینرێت، تائێســتا ئــەم یاریزانە لەهــەردوو خولی ئیســپانیاو شــای ئیســپانیا ١٥گۆڵی تۆمارکردووەو لەخولی ئەوروپاشدا لەکۆی ١١ یاری کە بەشداری تێدا کردووە، هەشت گۆڵی تۆمارکردووە.

### ٣. ڕۆبێرتۆ سۆڵدادۆ

ئــەم یاریزانەی یانــەی خیتافی لەئێستا بەرزترین ئاست پێشکەش دەکات، ئەگەر پێکانەکانی چەند مانگــی ڕابــردووی نەبوایە کە ماوەیەکــی کەمــە گەڕاوەتەوە نێــو یاریــگاکان، بەدڵنیاییەوە ئێســتا یەکێک بــوو لەیاریزانە ســەرەکییەکانی هەڵبژاردەی ئیســپانیا، بۆیە ڕاهێنەری هەڵبژاردەی ئیســپانیا دەتوانێت ئاستی ئەم یاریزانــە لەچەند یاریەکــی دۆســتانەدا تاقــی بکاتــەوە، کــە بەدڵنیاییــەوە ســەرکەوتوو دەبێــت‌و دەبێتە یاریزانی ســەرەکی هەڵبژاردەی ماتادۆر. سۆڵدادۆ لەم وەرزەداو لەکۆی ٢٣ یاری خولی ئیسپانی کە بەشداری تێدا کردووە ١٢ گۆڵی تۆمارکــردووەو لەجامی شــای ئیسپانیاشدا لەکۆی پێنج یاری چوار گۆڵی تۆمارکردووە.

### ٤. دانێل گۆنزالز گوێزا

پێش دووساڵ کاتێک ئەم یاریزانە لەیانــەی مایۆرکای ئیپانی یاری دەکرد، ئاستێکی ئێجگار بەرزی پێشــکەش دەکرد، بەڵام دوای چوونی بۆیانــەی فەنارباخچەی تورکی، بەتەواوی ئاســتەکانی ڕووی لەدابەزین کردووەو ڕەنگە بڕیــاری بانگهێشــتکردنی بۆ ڕیزی هەڵبژاردەی ئیسپانیا ئاسان نەبێــت، ئەمەش یەکێکی ترە لەو پێشنیازانەی لەبەردەستی یەکێتی تۆپی پێی ئیســپانیاو ڕاهێنەری هەڵبژاردەکەدایە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم یاریزانە پێشــتر بەشداری لەچەند یاریەکــی هەڵبژاردەی ئیســپانیای کردووەو بەهۆی ئــەو ئەزموونەی کــە لەیاری نێودەوڵەتیــدا هەیەتی دەکرێت سوودی لێ وەربگیرێت.



# یوفا داواکەی بایرن ڕەتدەکاتەوە

یەکێتــی تۆپــی پێی ئەوروپــا (یوفا) داواکەی یانەی بایرن میونخی ئەڵمانی ڕەتکردەوە ســەبارەت بەپێداچوونەوەی بڕیاری ســزادانی فرانــک ڕیبیری یارزانی یانەکە کە بۆ ســێ خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا ڕاگیراوە.
دوای ڕەتکردنــەوەی ئەو داوایە، کارل هاینــز ڕۆمینیگە جێگری ســەرۆکی یانەی بایــرن ڕایگەیاند کە هەرچەندە لیژنەی ئینزیباتی سەر بەیەکێتی تۆپی پێی ئەوروپا داواکەیانی بۆ پێداچوونەوە یان کەمکردنەوەی ســزاکەی ڕیبیری ڕەتکردۆتــەوە، بــەڵام جاریکی تر ئەو داوایــە ئاڕاســتەی دادگای داوەری وەرزشــی دەکات لەشــاری لۆزانــی سویســرا، چونکە بەهەر شێوەیەک بێت پێویســتە یوفا ڕێگە بەو یاریزانە بدات بەشداری یاری کۆتایی یانەکەی بکات کە لەخولی یانــە پاڵەوانەکانی ئەوروپا بەرامبەر یانــەی ئینتەر میلانی ئیتاڵی ئەنجامی دەدات.

# گالاس بەشداری مۆندیال دەکات

ولیام گالاســی فەرەنســی‌و یاریزانی یانەی هێڵی بەرگری یانەی ئارســناڵی ئینگلیــزی هاندەرانــی هەڵبژاردەی وڵاتەکەی دڵنیا کــردەوە کە بەتەواوی لەپێکانەکەی ڕزگاری بــووەو ئامادەیە بەشداری یارییەکانی مۆندیال بکات.
ناوبــراو، جەختــی لەوەکــردەوە کە ڕاســتە ماوەی مانگێکە بەهۆی پێکانەوە لەیاریگاکان دوور کەوتۆتەوەو ڕاهێنەری فەرەنســاش دڵنیا نەبووە کە دەتوانێت بەشــداری مۆندیال بــکات یاخود نا؟ بەڵام ئێستا لەگەڵ یاریزانانی یانەکەیدا بەشداری سەرجەم ڕاهێنانەکان دەکات‌و هەســتی بەوەش کردووە کە بەتەواوی لەو پێکانەی تووشی ببوو، چاک بۆتەوەو بەهەمــوو شــێوەیەک ئامادەیــە لەگەڵ هاوڕێکانیدا بچێتە ئەفریقیای باشوورو بەشــداری یاریەکانی جامی جیهانی بکات.

# ئیبراهیمۆڤیچ کورسی یەدەگ قبوڵ ناکات

دوا بــەدوای بڵاوبوونــەوەی هەواڵــی ڕێکەوتنی هەردوو یانەی بەرشــەلۆنەو ڤالەنسیا بۆ گواســتنەوەی هێرشبەری یانەی ڤالەنســیا بۆبەرشەلۆنە لەوەرزی داهاتــوودا، مینۆ ڕایــۆلا بەڕێوەبەری کارەکانــی زلاتــان ئیبراهیمۆڤیچی هێرشــبەری هەڵبژاردەی سویدو یانەی بەرشــەلۆنە لێپرســراوانی ئیــدارەی کامپنۆی ئــاگادار کــردەوە کە هیچ کاتێــک ئیبــرا بــەوە ڕازی نابێت لەســەر کورســی یەدەگ دانیشێت‌و ببێتە جێگرەوەی داڤید ڤیا لەســەرجەم یاریەکاندا.
ناوبــراو، ئەوەشــی نەشــاردەوە کە بەرشەلۆنە یەکێکە لەیانە بەناوبانگەکانی جیهــان‌و مافی خۆیەتــی بۆند لەگەڵ یاریزانێکی بەناوبانگی وەک داڤید ڤیا ئیمزا بکات، لەگەڵ ئەوەشــدا پێویستە شــوێنی ئیبرا لەپێکهاتەی ســەرەکی یانەکەدا پارێزراو بێــت، بەڵام ئەگەر هاتنی ڤیا بۆئەوە بێــت جێگەی ئیبرا بگرێتــەوە، مەحاڵــە ئــەو کارە قبوڵ بکرێــت، چونکە لەمــاوەی ڕابردوودا ئەگەر چاودێــری وردی ئەو یاریانەی بەرشــەلۆنە بکرێت کــە ئیبراهیمۆڤیچ بەشــداری تێدا کردووە، ئەو ڕاستییە دەســەلمێت کە ئیبرا ئاستێکی بەرزی پێشکەشکردووە، هەربۆیە "هیچ کاتێک کورسی یەدەگ قبوڵ ناکات".

# ئەلیساندرۆ دلپیرۆ لەدیدی هەوادارانییەوە



## زەینەدین زێدان: تا دلپیرۆ بمێنێ تامو چێژیش لەتۆپی پێدا دەمێنێ

ئەلیساندرۆ دلپیرۆ هێرشبەری هەڵبژاردەی ئیتاڵیاو یانەی یۆڤانتۆس یەکێکە لەو یاریزانانەی جێگەیەکی تایبەتی لەمێژووی تۆپی پێدا هەیە، زۆربەی هاندەرانی تۆپی پێ لەسەرتاسەری جیهاندا سەرسامن بەشێوازی یاریکردنو جوڵەی ئەم یاریزانە لەناو یارگادا، جگە لەوەش ئەم یاریزانە بەوە ناسراوە کە بەردەوام لەزۆربەی ئەو یاریانەی بەشداری تیایدا کردووە، ئەگەر بۆ هەڵبژاردەی وڵاتەکەی بووبێت یاخود بۆ یانەکەی، توانیویەتی ئەنجامی یاریەکان بگۆڕێتو گۆڵێک تۆمار بکات کە کاریگەری لەسەر ئەنجامی ئەو یاریانە هەبووە.

زۆربەی یاریزانو ناودارانی بواری تۆپی پێ هەر کاتێک پرسیاریان لەسەر ئەم یاریزانە لێکرابێت، بەجوانترین وشە وەسفیان کردووە، لێرەدا جوانترین ئەو پەیڤانەی ئاڕاستەی دلپیرۆ کراون دەخەینەڕوو.

دیگۆ ئەرماندۆ مارادۆنا ڕاهێنەری هەڵبژاردەی ئەرژەنتین:
یاریزانێکی خاوەن بەهرەو بەتواناو لێهاتووی وەک دلپیرۆ شایەنی ئەوەیە نازناوی ئەفسانەی بۆدابنرێت، یەکێکە لەو یاریزانە دەگمەنانەی تامو چێژو خۆشیەکی تایبەت بە یاری دەبەخشن.

فرانشیسکۆ تۆتی یاریزانی یانەی ڕۆما:
ئەگەر من مەلیکی یانەی ڕۆما بم، ئەوا دلپیرۆ مەلیکی هەموو ئیتاڵیایە.

ڕۆناڵدۆی ئەستێرەی بەرازیل:
شێوازی سحری یاری لەدلپیرۆ فێربووم، وەک مارادۆناو بێلیە دەبێتە باشترین یاریزان لەمێژووی تۆپی پێدا.

یۆرگن کلینزمان یاریزانی پێشووی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا:
سەرجەم تواناکانی زیدانو ڕۆبێرتۆ باجیۆ لەدلپیرۆدا کۆبوونەتەوە.

زەینەدین زیدان یاریزانی پێشووی هەڵبژاردەی فەرەنسا:
تا ئەو کاتەی دلپیرۆ بمێنێ تامو چێژیش لەتۆپی پێدا دەمێنێ.

ڕۆبێرتۆ باجیۆ یاریزانی پێشووی هەڵبژاردەی ئیتاڵیا:
ئەگەر جێنشین لەتۆپێدا هەبێت، ئەوا دلپیرۆ جێنشینی منە.

لیۆنێل میسی ئەستێرەی یانەی بەرشەلۆنە:
ئەگەر بڕیار لەدەستی مندا بێت، دلپیرۆ بەباشترین یاریزانی مێژووی تۆپی پێ دەستنیشان دەکەم، هیوادارام ڕۆژێک بێت لەگەڵیداو لەیەک یانە بەیەکەوە یاری بکەین.

فابیۆ کاپیلۆ ڕاهێنەری هەڵبژاردەی ئیتاڵیا:
دلپیرۆ یەکێکە لەو هێمایانەی تۆپی پێیان فراوانتر کرد.

ئەلێکس فێرگسۆن ڕاهێنەری یانەی مانچستەر یونایتد:
دلپیرۆ یەکێکە لەیاریزانە دەگمەنەکان کە زۆربەی مافەکانی خوراوە، چۆن تائێستا بەباشترین یاریزانی جیهان یان ئەوروپا دەستنیشان نەکراوە؟ فیفا زوڵمێکی زۆری لێکردووە.

ئیدوین ڤاندێر سار گۆڵچی هەڵبژاردەی هۆڵەندا:
هەر کاتێک لەیاریدا ڕووبەڕوی دلپیرۆ بووبێتمەوە بەتەواوی لێی ترساوم.

# ڕیبیری: دەمەوێت لەگەڵ میسیو چاڤی یاری بکەم

فرانک ریبیری یاریزانی هێڵی ناوەڕاستی هەڵبژاردەی فەرەنساو یانەی بایرن میونخی ئەڵمانی دانی بەوەدانا کە دەیەوێت لەیانەی بەرشەلۆنەی ئیسپانی یاری بکات.

لەچاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ ماڵپەری تایبەتی یەکێتی تۆپی پێی نێودەوڵەتی ( فیفا ) ریبیری ڕایگەیاند: میسی باشترین یاریزانی جیهانەو هیچ کەسێک ناتوانێت ئەو ڕاستییە بشارێتەوە، بۆیە هەموو یاریزانێک مافی خۆیەتی بیەوێت بچێتە ئەو یانەیەی کە میسی یاری بۆ دەکات بەتایبەت کە چاڤی هێرناندزیشی لەگەڵدایەو بەئەندازیاری هێڵی ناوەڕاست وەسف دەکرێت، "پێناچێت لەوەرزی داهاتوودا لەیانەی بایرن بمێنمەوەو پێمخۆشە ڕوو بکەمە خولی ئیسپانی کە پێدەچێت پەیوەندی بەیانەی ڕیاڵ مەدریدەوە بکەم، بەڵام ئەوەی زیاتر خۆشحاڵم دەکات یاریکردنە لەریزی یاریزانانی یانەی بەرشەلۆنە".

# مۆرینۆ لەئیتاڵیا دەمێنێتەوە



ماسیمۆ مۆراتی سەرۆکی یانەی ئەنتەرمیلان دەستبەرداری خۆسێ مۆرینۆی پرتوگالیو ڕاهێنەری یانەکەی نابێت.

ڕۆژنامەکانی ئیتاڵیا لەزاری بەڕێوبەری هونەری یانەی ئەنتەرمیلان ئاشکرایان کرد کە یانەی ئەنتەرمیلان بڕیاری کۆتایی داوە لەبارەی مانەوەی خۆسێ مۆرینۆی ڕاهێنەری یانەکە بۆچەند وەرزێکی تر کە تائێستا دیاری نەکراوە.

ئەو بڕیارە لەکاتێکدایە کە لەساڵی ١٩٦٥ەوە یانەکە نەیتوانیوە نازناوی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا بەدەستبهێنێتو ئەمساڵیش ئەم ڕاهێنەرە توانی یانەکە بگەیەنێتە یاری کۆتایی ئەو خولە، بۆیە مۆراتی بەدەر لەنازناوەکانی تر ئامانجی بەدەستهێنانی نازناوی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورپایەو تەنها هیوای بەمۆرینۆ هەیە کە بتوانێت لەیاری کۆتایدا بەرامبەر بەیانەی بایرن میونخ ئەو نازناوە بەدەستبهێنێت، بەدەرلەوەش مۆرینهۆ توانیویەتی خولی کالچۆی وەرزی ڕابردوو بۆ یانەکە بەدەستبهێنێتو ئەمساڵیش نزیکبۆتەوە بۆ دووبارە بەدەستهێنانەوەی هەمان نازناوی ئەم وەرزە.

# ڕۆناڵدینیۆ دەچێتە خولی ئیمارات



وەرزی داهاتوو ڕۆناڵدینۆی بەرازیلی خولی ئیتاڵیا جێدەهێڵێتو ڕودەکاتە خولی ئیمارات.

لەلێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامەی تۆتۆ سپۆرتی ئیتاڵی، بەڕێوەبەری کارەکانی ڕۆناڵدینیۆی بەڕازیلی ئاشکرایکرد کە وەرزی داهاتوو ڕۆناڵدینۆ ریزەکانی یانەی ئەی سی میلان جێدەهێڵێتو دەچێتە ئیماراتو بۆ یەکێک لەیانەکانی ئەو وڵاتە یاری دەکات.

ئەو بڕیارەی ڕۆناڵدینیۆ لەکاتێکدایە کە ئیدارەی یانەی میلان ئاگاداریان کرۆدتەوە لەوەی دەتوانێت لەوەرزی داهاتوودا یانە بەجێبهێڵێتو سەربەست بێت لەهەڵبژاردنی هەر یانەیەک کە خۆی بیەوێت یاری بۆ بکات، بۆئەو مەبەستەش چەند یانەیەکی ئیمارات هەوڵ دەدەن بۆندی لەگەڵ ئیمزا بکەنو زۆربەشیان ئامادەیی خۆیان پیشانداوە وەک مووچەی ساڵانە بڕی هەشت ملیۆن یۆرۆ بەڕۆناڵدینیۆ بدەن.

# پیکنپاوەر داوای لیمان دەکات



دوای ئەوەی یەکێتی تۆپی پێی ئەڵمانیا بەڕەسمی دانی بەوەدانا کە ڕینیە ئیدلەری گۆڵی سەرەکی هەڵبژاردەکەیان ناتوانێت بەشداری یاریەکانی جامی جیهانی بکات، فرانز پیکنپاوەر قەیسەری تۆپی پێی ئەڵمانیا داوا لەیواکیم لۆڤ ڕاهێنەری هەڵبژاردەی وڵاتەکەی کرد یانز لیمانی تەمەن ٤٠ساڵ کە پێشتر گۆڵچی سەرەکی هەڵبژاردەکە بووە، جارێکی تر بانگهێشتی بکاتەوەو لەیاریەکانی مۆندیالدا وەک گۆڵچی سەرەکی بەشداری پێبکاتەوە.

ناوبراو، ئەوەشی نەشاردوەتەوە کە هەرچەندە بڕیارێکی قورسە لیمان بکرێتەوە بەگۆڵچی سەرەکی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا، لەکاتێکدا چەند گۆڵچیەکی بەتواناو لاوی وەک مانوێل نویر گۆڵچی یانەی شالگەو تیم فیسیە گۆڵی ڤێردەر بریمەنو یۆرج بوت گۆڵچی یانەی بایرن میونخ، بەڵام گەڕاندنەوەی لیمانیش بۆ ریزی هەڵبژاردەکە هەڵە نابێت، چونکە ئەزموونێکە زۆری هەیەو پێشتریش بەشداری مۆندیالی کردووەو دەتوانرێت لەئێستاشدا سوود لەتواناکانی وەربگیرێت.

# ریکێلمی: ئەرژەنتین دەبێتە پاڵەوانی مۆندیالی ئەمساڵ

خوان ڕۆمان ریکێلمی ئەرژەنتینیو یاریزانی هێڵی ناوەڕاستی یانەی بۆکا جۆنیۆرزی ئەو وڵاتە هەڵبژاردەی وڵاتەکەی بەپاڵێوراوی یەکەمو سەرەکی وەسفکرد بۆ بەدەستهێنانی نازناوی جامی جیهانی ئەفریقیای باشوور.

ریکێلمی ئاماژەی بەوەدا کە هەردوو هەڵبژاردەی بەرازیلو ئیسپانیا دوو کێبڕکێکاری سەرسەختی بەدەستهێنانی جامی جیهانی دەبن، چونکە هەردوو لایان دوو پێکاتەی بەهێزیان هەیە، بەڵام هەڵبژاردەی ئەرژەنتین پاڵێوراوی سەرەکی دەبێت بۆ بەدەستهێنانی جامەکە، چونکە لیۆنێل میسی باشترین یاریزانی جیهان لەو هەڵبژاردەیەدا یاری دەکاتو چەندین یاریزانی بەناوبانگی دیکەی وەک گۆنزالۆ هیگواینو کارلۆس تیڤێزو خاڤێر ماسکێرانۆش هاوکاری تەواوی میسی دەبن.

ریکێلمی بەیەکێک لەباشترین یاریزانەکانی هێڵی ناوەڕاست دادەنرێت، بەڵام بەهۆی بوونی چەند کێشەیەکی تایبەتەوە کە لەگەڵ ماردۆنای ڕاهێنەری ئەرژەنتین هەیەتی، پێناچێت بەشداری یاریەکانی مۆندیال بکات.

# کاکا لەنێوان ڕیاڵو مان ستی دا

ڕاپۆرتە وەرزشییەکانی ئینگلتەرا بڵاویانکردەوە کە هەردوو یانەی ڕیال مەدریدی ئیسپانیو مانشستەر ستی ئینگلیزی وتووێژی ڕەسمیان دەستپێکردووە بۆ گواستنەوەی ریکاردۆ کاکای بەرازیلیو یاریزانی یانەی ڕیال مەدرید.

ڕۆژنامە وەرزشییەکانی ئینگلتەرا ڕاستی ئەو هەواڵە بۆ لێدوانێکی کاکا دەگەڕیننەوە کە ڕایگەیاندبوو یانەی مانچستەر ستی یەکێکە لەیانە بەهێزەکانی ئەوروپاو بەشداریکردنیشی لەخولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا لەوەرزی داهاتوودا خاڵێکی گرنگەو وا لەئەستێرەکانی تۆپی پێ دەکات ڕوو لەو یانە بکەن.

بەپێی ئەو ڕۆژنامانە ڕازی بوونی یانەی ڕیاڵ مەدرید بۆ دەستپێکردنی گفتوگۆ سەبارەت بەفرۆشتنی کاکا، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەم یاریزانە لەماوەی وەرزێکدا کە یاری بۆ یانەکە کردووە نەیتوانیوە ئاستێکی بەرز پێشکەش بکاتو جێگەی خۆی لەپێکهاتەی سەرەکی یانەکەدا بکاتەوە، کە خودی کاکاش دانی بەو ڕاستییەدا ناوەو هۆکارەکەشی بۆپێکانەکانی گەڕاندۆتەوە،لەبەرامبەریشدا هەوڵەکانی یانەی مانچستەر ستی بۆ کڕینی کاکا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هێڵی ناوەڕاستی لاوازییەکی زۆری پێوە دیارەو تائێستا نەیتوانیوە یاریزانێکی ئەتۆ بهێنێتە ریزەکانیەوە کە توانای ئەوەی هەبێت لەسەرجەم یاریەکاندا هێڵی ناوەڕاستی یانەکە هاوسەنگ بکاتو یارمەتی هێڵی هێرشبردنیش بدات.



میٚرمنداڵە ئازیزەکان ئەم تەمەنەی ئێوە تێیدان

تەمەنێکی پڕ لەوزەیە، تکایە کاتەکانتان و وزەکانتان بەخوێندنەوەو وەرزش و بیرکردنەوەو داهێنان و کاری بەسوود بەسەربەرن، چونکە ئەگەر وانەکەن بەڕاستی زیانێکی گەورە بەخۆتان و کۆمەڵگاکەتان دەگەیەن.



# چ رۆژێک خۆشحاڵ بوون؟

دوێنێ دوای ئەوەی تاقیکارییەکەمان تەواوبوو، لەسەر پۆل دوای ئەوەی مامۆستاکەمان دوایین لاپەڕەی تاقیکارییەکانمانی وەرگرت، پرسیاری ئەوەی لێکردین: ئەرێ هەر بەڕاست چ رۆژێک خۆشحاڵ بوون و لەبەرچی؟

هاوپۆلییەکانم چونکە تازە لە تاقیکاری تەواو ببوون و پشوویەکیان هاتبووە سەرخۆ، بەخۆشحاڵییەوە هەرکەسەو شتێکی وت، من بەر لەهەموویان وتم: مامۆستا کاتێک دایکم منداڵی بوو و ئێمە لەدوو براوە بووین بەدووبراو خۆشکێک زۆر خۆشحاڵ بووم، چونکە هەمیشە حەزم دەکرد خوشکێکیشمان هەبوایە. یەکێکی تر لەهاوپۆلییەکانم بەدڵپڕییەوە وتی: مامۆستا من قەت نابم بەخاڵ، مامۆستا وتی بۆ؟ ئەویش وتی: ئاخر مامۆستا من خوشکم نییە.

مامۆستاش وتی: خەم مەخۆ منیش خاڵی کەس نیم!

یەکی تر وتی: مامۆستا ئەو رۆژەی من خۆشحاڵ بووم کە دایکم و باوکم دوای ماوەیکی زۆر کێشەکانی نێوانیان چارسەر کردو بەیەکەوە چاک بوونەوە.

ئەویتر وتی: مامۆستا.. مامۆستا!!! "ماڵێک ماڵی باشە کە بزەو پێکەنین و خۆشحاڵی تێدابێت".

مامۆستا وتی: وەرە ئەم قسەیە لەسەر بۆردەکە بنووسە، ئەویش نووسی: "ماڵێک ماڵی باشە کە بزەو پێکەنین و خۆشحاڵی تێدابێت" قسەیەکی جوان و پڕ ناوەڕۆکە، ئەمڕۆ رۆژێکی باش بوو، چونکە کۆمەڵێک قسەی بەسوودو باشمان کردو زۆر قسەی جوان و رێک و پێکیشمان بیست، من لەمڕۆوە قوتابخانەم لەهەمیشە پێ خۆشتر دەبێ.



## خۆماتە

میٚرمنداڵە خۆشەویستەکان ئەمجارە، دەمەوێ ئەرکێکتان پێ بسپێرم، ئەویش ئەرکی دروستکردنی ئامێرێکە کە تائێستا کەس دروستی نەکردووە:

- سوور، زەرد، شین، ئەو سێ رەنگە، لەلایەن مرۆڤەکانەوە وەک سێ رەنگی سەرەکی دیاریکراون.
- نارنجی، سەوز( کەسک )، وەنەوشەیی، ئەو سێ رەنگەش لەلایەن مرۆڤەکانەوە وەک سێ رەنگی لاوەکی دیاریکراون.

ئەگەر سوورو زەرد تێکەڵ بکرێن رەنگی نارنجی لێدروست دەبێت.

ئەگەر سوورو شین تێکەڵ بکرێن رەنگی وەنەوشەیی لێ دروست دەبێت.

ئەگەر زەردو شین تێکەڵ بکرێن رەنگی سەوزی لێ دروست دەبێ.

ئەگەر سوورو زەردو شین و نارنجی و کەسک و هەموویان تێکەڵ بن، رەنگی خۆڵەمێشی دروست دەبێ.

ئەگەر رەنگی رەش لەگەڵ ئەو رەنگانەی باسمان کردن تێکەڵ بکرێ، رەنگەکان تۆختر دەبن، بۆنموونە ئەگەر بڕێک رەنگی رەش بکەینە نێو رەنگی سوور، سوورەکەمان تۆختر دەبێ و دەبێتە سوورێکی جگەری.

ئەگەر کەمێک رەنگی رەش بکەینە ناو رەنگی زەردەوە رەنگە زەردەکەمان دەبێتە زەردێکی تاریک.

ئەگەر رەش بکەینە شینەوە شینەکەمان تۆختر دەبێ و لەرەنگی سوورمەیی نزیک دەبێتەوە، هەرچەندێک رەشەکە زیاتر بێ رەنگەکان تۆختر دەبن.

ئەگەر رەنگی رەش لەرادەبەدەر تێکەڵ بەرەنگە لاوەکی و سەرەکییەکان بکرێ، ئەو رەنگانە تایبەتمەندی خۆیان لەدەست دەدەن و دەبن بەرەنگی رەش، یانی لەژێر پەردەی رەشایی دا دەشاردرێنەوە.

رەنگی سپی، ئەم رەنگە بەپێچەوانەی رەنگی رەش کار دەکات.

رەنگی سپی تێکەڵ بەهەر رەنگێک بکرێت ئەو رەنگە روناکتر دەبێتەوە، بۆنموونە ئەگەر رەنگی شین رەنگی سپیی تێکەڵ بکرێ، شینەکە کاڵ دەبێتەوەو دەبێتە رەنگی ئاسمانی.

ئەگەر سپی بکرێتە نێو زەردەوە، زەرەردەکە کاڵ دەبێتەوە.

ئەگەر سپی بکرێتە نێو رەنگی سوورەوە رەنگە سوورەکە کاڵ دەبێتەوەو دەبێتە پەمەیی، خۆئەگەر رەنگی سپیش لەرادەبەدەر تێکەڵ بەرەنگەکانی دیکە بکرێت، رەنگی خۆیان لەدەست دەدەن و دەبن بەسپییەکی تر، کە وابوو میهرەبانەکان، ئەگەر دەتانەوێ هەموو رەنگەکان جوانییەکانی خۆیان بنوێنن، هیچ کات نە رەنگی رەشی زۆر تێکەڵ بکەن نە رەنگی سپی. لەبیرتان نەچێ رەنگە جۆراو جۆرەکان جوانن و لەچاوەجوانەکانی گشت لایەکماندا سەما دەکەن.

وەرن با کاتێک چاو لەرەنگەکان دەکەین هەموویان لەچاوەکانماندا بخەینە هەلەکە سەماو وەک چاوەکانمان خۆشمان بوێن.

میٚرمنداڵەئازیزەکان!

من تازە گەورە بووم و زۆر سەرقاڵم، وەک باک و دایکی خۆتان منیش هەر لەبیری ئەوەدام بۆمنداڵەکانم کار بکەم، بۆیە لەبەیانییەوە تا شەو خەریکی کارم و کاتم نییە بیر لەدروستکردنی شتی نوێ بکەمەوە، شەویش ئیتر زۆر ماندوو دەبم و دەخەوم، بەڵام ئێوە کاتتان زۆرەو تەنیا بیر لەزانست دەکەنەوە، کە وابوو من زۆر دەمێکە شتێکم لەمێشکی دا ماوەتەوەو نەمتوانیوە دروستی بکەم، حەز دەکەم ئێوە چاکی بکەن، چونکە مێشکی ئێوە زۆر ئارامترو بەهێزترە.

لەمێژە دەمەوێ کەرەستەیەک ساز بکەم کە تیشکی رەش چاک بکات!

ئێوە سازی دەکەن؟ جوان گوێ بگرن بزانن مەبەستم چییە:

لایتێک بهێننە بەرچاوی خۆتان، ئافەرم!

ئەگەر شووشەی لایتەکە رەنگی سوور بێ ئەو نوورو تیشکەی لێی دێتەدەرێ رەنگەکەی دەبێتە سوور. رەنگی لایت و شووشەی لایتەکەهەرچییەک بێ ئەو نوورو تیشکەی لێدێتە دەرێ، بەڵام ئەگەر شووشەکەی رەش بێ هیچ تیشک رەنگێکی لێنایەتەدەر.

**پێشنیازی داهێنان:**

تکایە ئەگەر توانیتان شتێک ساز بکەن کە تیشکی رەشی لێبێتە دەرێ ئاگادارم بکەنەوە، چونکە ئەو کەرەستەیە زۆر نهێنی دەردەخات و گەلێک چیرۆکی شاراوە ئاشکرا دەکات!

لەبیرتان نەچێ رەنگە مادییەکان لەگەڵ رەنگە نوورییەکان جیاوازییان هەیە، ئەگەر لەم جیاوازییەش بکۆڵنەوە خراپ نابێت.

**ناسر فەتحی**
**ئامادەکاری**
**لاپەڕەکانی منداڵانو**
**مێرمنداڵانی نم نم**
**naser_fathi2004@yahoo.com**

# چیرۆکی میوەکان

**بڕوا کامل عەتار**

رۆژێکیان سێوی سوورو سێوی زەرد لەبازاڕ دەهاتنەوە بەهاوار هاواری سکییانەوە کە سکیان ئازاری هەیەو نازانن چیانە، لەگەڵ ئەوەش دەنگە دەنگی ئەوەیانە کە سێوی سوور بەسێوی زەرد دەڵێت تۆ لاسایی من دەکەیتەوە، بەڵام سێوی زەرد بەهەمان شێوە بەسێوی سوور دەڵێ نەخێر تۆ لاسایی من دەکەیتەوە، من نەخۆشم تۆ نەخۆش نیت.

پاشان بەدەم ئازارەوە سێوی زەرد تەلەفۆن بۆ خەیارو شلک و مۆز دەکات تاکو بێن بەهانایانەوە، لەو کاتەدا خەیار بەتەنها خۆی دەکات بەژووردا دەڵێ: ئەترسم ئێوەش نەخۆش بن، شلک و مۆز لەنەخۆشخانەن دکتۆر هێشتنیەوەو منیش هاتمەوە بۆلاتان، چونکە زانیم ئێوەش نەخۆش دەکەون.

سێوەکان سەریان دەسوڕمێ و دەڵێن بۆ؟

## 2 رۆژی نەخۆشی

خەیار: لەبەر ئەوەی ئێوەش لەهەمان عەرەبانە شتان خوارد کە شلک و مۆز خواردیان، خواردنی عەرەبانەکەش پیسبووەو ئێوەی نەخۆش خستوە.

سێوی سوور: ئەی تۆ بۆ نەخۆش نەکەوتویت؟

خەیار: ئاخر من لەخواردنی سەر عەرەبانەکەم نەخوارد، بەڵکو هەموو پارەکەم دا بەنەستەلەو نقوڵ.

خەیار، دواتر سێوەکانی بەدەم ئازاری سکیانەوە بەرەو نەخۆشخانە بردو تا ئێوارەیەکی درەنگ مانەوەو پاشان هەموویان پێکەوە گەڕانەوە ماڵ و خەیار ئامۆژگاری کردن کە شتی سەر عەرەبانە نەخۆن، پاشان خەوتن.

لەنیوەی شەودا میوەکان لەدەنگە دەنگی خەیار بەئاگاهاتن. خەیار، هاوار هاواری دانی بوو زۆر ئازاری دەهات، بۆیە میوەکان دووبارە بردیانەوە بۆ نەخۆشخانەو دانیان بۆ دەرهێنا.

پاش ئەوەی خەیاریان گەڕاندەوە ماڵ، هەموویان لەسەر ئەوە رێککەوتن کە شتی سەر عەرەبانەو شیرینی زۆر نەخۆن تا هەم نەخۆش نەکەون هەم هەموو پارەکانیان خەرج نەکەن.





# دەساڵی داهاتوو
# داتا دیجیتاڵییەکان لەکوێدا هەڵدەگیرێن؟

دواهەمین لێکۆڵینەوەکانی کۆمپانیای IDC، ئەوە نیشـــان دەدات کە کۆی قەبارەی داتا دیجیتاڵییەکان لەساڵی 2008ەوە تـــا ســـاڵی 2009 62% زیادی کردووەو گەیشتووەتە نزیکەی 800هەزار یتابایت.

بەپێـــی هەمان راپۆرت، پێشـــبینی دەکرێـــت جیهانـــی دیجیتاڵ کە بەخێرایی خەریکی گەشەکردنە، بگاتە 1.2ملیۆن پتابایت یان 1.2زتابایت لەســـاڵی 2010داو تا ساڵی 2020 ئـــەو ژمارەیە بگاتـــە 35 زتابایت، ئەمـــە لەکاتێکدایە کـــە پێدەچێت مەودایەکی جێگەی نیگەرانی لەنێوان زیادبوونی داتای دیجیتاڵیو شوێنی پێویســـت بۆ خەزنکردنیـــان هەیە.

بەپێی لێکدانەوەکانی ئەو لێکۆڵینەوەیە ئەگـــەر هەمـــوو داتـــا دیجیتاڵییە درووســـتکراوەکانی ساڵی 2009دا خەزنکرابان، 35%ی کەمی شوێن بۆ خەزنکردنیـــان دەهاتە ئاراوە، کە تا ساڵی 2020 ئەو مەودایە دەگاتە زیاتر لە 60%. لـــەو 35 زتابایت داتایەی کە چاوەڕواندەکرێت تا ساڵی 2020 بوونیان هەبێت، نزیکەی 75% کۆپی داتا سەرەکییەکان دەبێت، ئەو خاڵە هەلێکی نوێی دەخاتەبەردەســـت تا بەســـوودوەرگرتن لەخزمەتگوزارییە پێشکەوتووەکانی داتا وەک زیپکردن، ئەو رێژەیە کەم بکاتەوە.

لەکۆتایـــی راپۆرتەکـــەدا هاتـــووە کۆمپیوتەری هەوری دەبێتە بەشێکی سەرەکی جیهانی دیجیتاڵیو پێشبینی دەکرێت زیاتر لـــە34%ی تەواوی داتا دیجیتاڵییەکان تا ساڵی 2020 لەخزمەتگوزارییەکانی هەوریدا خەزن بکرێت یان بەهۆی ئەو تەکنۆلۆژیایەوە پشتیوانیان لێ بکرێت.



## فێربوونی بەرنامەی Photoshop CS

5

ئەحمەدبەرزنجی
دبلۆمی باڵا لەکۆمپیوتەر
Ahmedsh974@yahoo.com

**سندوقی ئامرازەکان Tool Box:**

ئامرازی سێیەم: ئامرازی دیاریکردن لەسەر بنەمای (ئازاد، هێڵ، رەنگ).

- (Lasso Tool) و کورتکـــراوەی ئـــەم ئامرازە لەکیبـــۆرد (L)ە: بەکار دێت بۆ دیاریکردنی بەشێک لەوێنەکە بەشێوەی سەربەخۆ، پاشان جێبەجێکردنی هەر کردارێک لەسەر ئەم بەشە دیاریکراوە، ئەم دیاریکردنە زۆر خێرایە، بەڵام ورد نییە.
- (Polygonal Lasso Tool) و کورتکـــراوەی ئەم ئامرازە لەکیبۆرد (L)ە: بەکار دێت بۆ دیاریکردنی بەشـــێک لەوێنەکە بەشـــێوەی هێڵ پاشان جێبەجێکردنی هەر کردارێک لەسەر ئەم بەشە دیاریکراوە، ئەم دیاریکردنە بۆ دیاری شێوەی ئەندازیاری سوودمەندترە لەبەرئەوەی زۆر وردترە.
- (Magnetic Lasso Tool) و کورتکـــراوەی ئەم ئامرازە لەکیبۆرد (L)ە: بەکار دێت بۆ دیاریکردنی بەشـــێک لەوێنەکە بەشێوەی رەنگ پاشان جێبەجێکردنی هەر کردارێک لەسەر ئەم بەشە دیاریکراوە، ئەم دیاریکردنە گرنگترین دیارییە لەبەرئەوەی زۆر وردەو دەتوانین بەیەک کلیک لەســـەر رۆخی هەر رەنگێگ پاشان بەشێوەیەکی هێواش لەسەر ئەم رۆخە دەڕۆین تا دەگەڕێینەوە شوێنی دەستپێکردنمان.

**ئامرازی چوارەم: ئامرازی دیاریکردن لەسەر بنەمای رەنگ**

- (Magic Wand Tool) و کورتکـــراوەی ئەم ئامـــرازە لەکیبۆرد (W)ە: (داری سحری) بەکاردێت بۆ دیاریکردنی بەشێک لەوێنەکە بەشێوەی رەنگ بەهۆی کلێک لەسەر ئەم رەنگە، رەنگەکە بەگشـــتی دیاری دەکرێت، بۆجێبەجێکردنی ئەم ئامرازە وێنەیەک دەکەینەوە بەمەرجێک وێنەکە لەدوو رەنگ بێکهاتبێ، پاشـــان ئامرازەکە لە Tool Box هەڵدبژێرین، دوایی کلیک لەسەر هەر رەنگێک دەکەین بۆ دیاریکردنی ئەم رەنگە، دەتوانین پێچەوانەی ئەم رەنگە بکەین بەهۆی هەڵبژاردنی فەرمانی Inverse لەلیستی Selectوە، بۆنموونە گواستنەوەی ئەم بەشە دیاریکراوە بۆشوێنێکی تر لەسەر هەمان وێنە یان وێنەیەکی تر بەئارەزووی خۆمان. پێویستە بزانین فەرمانی Tolerance (توانا)هەیە لەشریتی ئامرازی هەڵبژاردنەکان (option tool bar) تایبەت بەئامرازی Magic Wand Tool، هەرچەندە بەهای زۆر بوو ئەوەندە دیاریکردنی ئەم رەنگە زیاتر دەبێ (تۆخو کاڵ) یان بەپێچەوانەوە.

**ئامرازی پێنجەم: ئامرازی بڕینەوە**

- (Crop Tool)و کورتکراوەی ئەم ئامرازە لەکیبۆرد (C)ە: بەکاردێت بۆبڕینەوەی بەشـــێکی دیاریکراو لەوێنەکە بەئارەزووی خۆمان بەهۆی ماوس پاشـــان هەشـــت چوار گۆشـــەی بچووک بەدیار دەکەوێت، کە بەکاردێـــن بۆکۆنترۆڵکردنی قەبارەی دیاریکردنەکەمان.

چەند هەڵبژاردنێک هەیە لەشـــریتی ئامرازی هەڵبژاردنەکان (option tool bar) تایبەت بەئامرازی Crop Tool یەک لەوانە (Shield) ئەگەر ئەکتیف بێ دەوروبەری دیاریکردنەکـــە بەرەنگ دەبێو دەتوانین رەنگی دەوروبەری دیاریکرنەکەمان بگۆڕین بەهۆی (Color)، دەتوانین ئەم رەنگە کاڵ بکەین بەهۆی کەمکردنی رێژەی (Opac-ity).

**ئامرازی شەشەم : ئامرازی دابەش کردنی وێنەکە**



- (Slice Tool)و کورتکراوەی ئەم ئامرازە لەکیبۆرد (K)ە: بەکاردێت بۆ دابەشـــکردنی وێنەکە بۆ چەند پارچەیەک، ئەم پارچەیە بەکاردێت بۆدروستکردنی لاپەڕەی تایبەت بەوێبسایت، ئەم وێنەیەی کە بە Slice Tool دابەشکرابێ بەشێوەیەک ئاسان رەوانی ئەنترنێت دەکرێ (ئەنترنێت وێنەکـــە بەش بەش وردەگرێ، ئینجا کۆی دەکاتەوە تا ببێتە وێنەیەکی تەواو. بۆدروستکردنی Slice ، ئامرازەکە لە Tool Box هەڵدەبژێرین، بەهۆی ماوس Slice رەسم دەکەینو لەکاتی هەڵگرتنی دەستمان لەسەر ماوســـەکە بەرنامەی Photoshop وێنەکە دابەشی چەند پارچەیەکی دەکات، هەر پارچەیەک ژمارەیەکی تایبەت وەردەگری، هەروەها پارچەکان بەزنجیرە رەوانی ئەنترنێت دەبن. دەتوانین پارچەکانمان یەکسان (پانی، درێژی) بـــن، بەهۆی هەڵبژاردنی (fixed aspect ratio) لەئایکۆنی (style) لەشریتی ئامرازی هەڵبژاردنەکان (option tool bar) تایبەت بەئامرازی Slice، دەتوانین بەپێی پێویست پانیو درێژی داخڵ بکەین بەهۆی هەڵبژاردنی (fixed size) لەئایکۆنی (style).
- (Slice select Tool) و کورتکراوەی ئەم ئامرازە لەکیبۆرد (K)ە: بەکاردێت بۆ گۆڕینی قەبارەی هەر پارچەیەک بەهۆی هەشـــت چوار گۆشەی بچووک لەدەوروبەری (Slice).

# ئەپڵ 12ملیۆن بەرنامە لە 28 رۆژدا دەفرۆشێت

کۆمپانیای ئەپڵ زیاتر لەیەک ملیۆن ئایپەدو 12ملیۆن بەرنامە لەیەک مانگی دوای خستنە بەردەستی ئەو ئامێرە، لەئەمریکادا فرۆشتووە.

ئەپڵ لەکەمتر لەیەک مانگی دوای دەسپێکردنی فرۆشی ئەو تابلێتە لەوڵاتی ئەمریکا کە لەرۆژی سێی نیسانەوە دەستیپێکرد، سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەستهێناو بەوەش بەرزترین رێژەی فرۆشی بۆخۆی تۆمار کرد.

ئەو کۆمپانیایە ئاشـــکرای کرد کـــە بەکارهێنەرانی ئایپەد زیاتر لە 12ملیۆن بەرنامەیان لەفرۆشگای App Storeو زیاتر لەیەک ملیۆنو نیو کتێبی ئەلکترۆنیان لەفرۆشگای نوێی iBookstore داونلۆد کردووە.

بەوتەی ستیڤ جۆبز بەڕێوەبەری جێبەجێکاری ئەپڵ، فرۆشی یەک ملیۆن ئایپەد لە 28 رۆژدا زۆر خێراتر لە فرۆشـــی ئایفۆن بـــووە کە لە ماوەی 74 رۆژدا گەیشتبووە ئەو ژمارەی فرۆشـــە، "داوا لەسەر ئەو بەرهەمە بەردەوام زیاتر لەو ژمارەیـــە کە بەرهەم هێنراوەو کۆمپانیاکەمان بەجـــدی لەهەوڵدایە ئەو ئامێرە سحراوییە بگەیەنێتە دەستی مشتەرییەکانی".

لەمانگی رابردوودا ئەپڵ رایگەیاند کە داوا بۆ کڕینی ئایپەد لەئەمریکا بەرێژەیەک بەرزە کە ناچارن خستنە بەردەستی نێودەوڵەتی ئەو ئامێرە تا یەک مانگی دیکەش دوابخەن.

ئەپڵ ئایپەدی وەک ئامێرێکی مۆڵتی میدیایی چەند مەبەســـتە بۆسەیرکردنی ڤیدیۆ، یاریکردن، خوێندنەوەی کتێبو گۆڤارە ئەلکترۆنیکییەکانو بەکارهێنانی ئینتەرنێت، بۆ هەمووان ناساندووە.

شاشـــەی 9.7ئینچی لەمسی ئەو تابلێتە هاوشـــێوەی ئایفۆنێکی زۆر گەورەیەو بەئۆپەریتنگ سیستمێکی هاوشێوە کاردەکات. نرخەکانی ئەو ئامێرە لە 499دۆلار بۆ ئەو مۆدێلەیەی کە "وای فای" لەسەرە، دەستپێدەکاتو بە 800دۆلار بۆ ئەو مۆدێلەی کە پەیوەندییەکانی نەوەی سێیەمی لەسەرە کۆتایی دێت.



# هاندێکی تایبەت بۆ مۆندیالی 2010 بەرهەم دەهێنرێت

بەمەبەســـتی بەکارهێنانـــی لەکاتی یارییەکانـــی مۆندیالـــی تۆپی پێی 2010دا هاندێـــک لەشـــێوەی تۆپدا بەرهەم دەهێنرێت.

بەپێی هەواڵێکی ســـایتی ســـی نێت، ئـــەو هاندە کە بەشـــێوەی تۆپی پێیە پشتیوانی لەچوار باندی تۆڕی GSM دەکاتو لەیەک کاتدا توانای پشتیوانی لەدوو ســـیمکارتی هەیە. ئەو هاندە بۆ کەسانێک درووستکراوە کە بۆ بینینی یارییەکانی مۆندیال دەچنە ئەفریقای باشور، بەبەکارهێنانی ئەو هاندە نوێیە بەکارهێنەران دەتوانن هەمسیمکارتەکەی خۆیانو هەم ســـیمکارتێکی دیکە کە لەیەکێک لەئۆپەریتەرەکانی ئەفریقای باشور کڕیویانە، لەیەک کاتدا بەکاری بهێنـــن. تایبەتمەندییەکی دیکەی ئەو ئامێرە بریتییە لەرادیۆی FMو بلوتوز بـــۆ پەیوەندییە نزیکەکان بەشـــێوەی وایەرلێس. نرخی ئەو هاندە کە ئێستا بەشێوەی ئۆنلاین دەخرێتە بەردەست خوازیاران، 160دۆلارە.

## بەمزوانە فرۆشی هاندە نوێکەی مایکرۆسۆفتدەستپێدەکات

کۆمپانیای مایکرۆسۆفت رایگەیاند لەمهەفتەیەدا دەستدەکات بەفرۆشی هاندە هۆشمەندەکانی Kin.

بەپێی هەواڵێکی ســـایتی کوییکۆ، هاندەکانی Kin One و Kin Twoی مایکرۆسۆفت رۆژی سێنزەی ئەم مانگە دەخاتە بازاڕی بەریتانیاوە.

پێدەچێت هاندە هۆشمەندەکانی مایکرۆسۆفت لەرێگەی هەموو کەناڵەکانی سەرانسەری وەک فرۆشـــگاکان، ئۆپەریتەرەکانو فرۆشگاکانی ڤێریزۆنو ســـەنتەرەکانی دیکەی فرۆشـــەوە بخرێتە بەردەست بەکارهێنەران.

هەروەها کۆمەڵێک هەواڵ سەبارەت بەوەی کە ئەو هاندە لـــەوەرزی پاییزدا دەخرێتە بازاڕی رووسیاوە بڵاوکراوەتەوەو پێدەچێت ئەو هاندە لەرێگەی ڤۆدافۆنەوە بخرێتە بازاڕی ئەو وڵاتەوە.

مایکرۆســـۆفت هاندەکانیKin One وKin Two ی بـــۆ یەکەمینجار لـــەڕۆژی دوانزەی نیساندا نمایشکردو کۆمپانیای ژاپۆنی شارپ کاری دروستکردنی ئەو هاندانەی ئەنجامداوە.

هاندەکانـــی مایکرۆســـۆفت بـــۆ گەنجان دروســـتکراوەو توانـــای بەکارهێنانـــی تـــۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەخاتە بەردەســـت بەکارهێنەران.

ئەو هاندانە سکەیینو شاشەی لەمسیان هەیەو کیبـــۆردی کاملی QWERTYیان لەســـەرە. هەروەها هاندەکانی Kin سوود لەئۆپەرتینگ سیستمی مایکرۆسۆفت وەردەگرن. سەبارەت بەنرخی ئـــەو هاندە نوێیانە هێشـــتا هیچ زانیارییەک لەبەردەست نییە.

# 20ساڵ زیندانی بۆ هاکەری ئیمەیلەکەی سارا پەیلین

خوێندکارێکی زانکۆ لەئەمریکا کە ئیمەیلی یاهوی سارا پەیلین، پاڵێوراوی جێگری سەرۆکی ئەمریکا لەخولی پێشـــووی هەڵبژاردنی ئەو وڵاتەدا هاک کردبوو، ئەوەش بووە هۆی ســـەپاندنی حوکمی 20ساڵی زیندانیو غەرامەیەکی قورس بەسەریدا.

دەیڤید کرنیل لەبارەی بەدەستهێنانی نایاسایی زانیاری لەکۆمپیوتەرێکەوەو کێشە درووستکردن بۆ یەکسانی کە لانی زۆر 20ساڵی زیندانی هەیە تاوانبارکرا، بەڵام سەبارەت بەدزی ئەلکترۆنیو دزینـــی نهێنـــی کەســـایەتی، دوای دادگای پێداچوونەوە بێتاوان دەرچوو.

کرنیـــل لەزانیارییە گشـــتییەکان ســـوودی وەرگرتبوو تا پاســـۆردی ئیمەیلی سارا پەیلین بزانێتو بکاتەوە، لەو کاتەدا سارا پەیلین بەهۆی بەکارهێنانی مەیلێکی تایبەتـــی خۆی بۆکارە حکومییەکان بەتووندی رەخنەی لێگیراو کرنیل هەندێک لەمەیلەکانی پەیلینی ناردبوو بۆ سایتی "ویکی لینکس" کە تایبەتە بەئاشـــکراکردنی زانیارییەنهێنییەکان.

ئەگەرچی پارێزەرەکـــەی کرنیل ئەو رووداوەی بەگاڵتەو گەپێکی زیـــاد لەرادەی خوێندکارەکە ناوبرد، بەڵام داواکارە گشتییەکان ئەو هەوڵەیان بەتێکدانی هەڵمەتی هەڵبژاردنی ســـەرۆکایەتی ئەمریکا زانی.

پەیلینو کچەکەی سەبارەت بەو کێشانەی کە ئەو کارەی کرنیل بۆ ژیانی ئاسایی ئەوان درووستی کردبوو، داوایەکیان لەدادگا لەدژی تۆمارکرد.

کرنیل ئێســـتا بە 20ساڵ زیندانیو 100هەزار دۆلار غەرامە بۆتاوانی کۆمپیوتەریو 250هەزار دۆلار غەرامە بۆ دووستکردنی کێشە بۆ یەکسانی حوکمدراوە.





## ئەری دەزانن؟

١٣ ـ خۆر ئەستێرەیەو زەوی پارچەیەکی بچووکە کە لەخۆر جیابۆتەوەو ئاسمان بەملیۆنان ئەستێرەی تێدایە کە بەدەیان جار لەخۆر گەورترن؟

١٤ ـ بە **٣٠**گرام زێڕ دەکرێ بەنێک بەدرێژایی **٨١**کیلۆمەتر درووست بکەین؟

١٥ ـ وڵاتی فەنلاند لەسەدو حەفتاو نۆهەزارو پێنج سەدو هەشتاو پێنج **١٧٩٥٨٥** دوورگە پێکهاتووە؟

١٦ ـ گۆی زەوی لەسەرەتای درووستبوونی دا **٢٠٠٠**جار لەقەوارەی ئێستای گەورەتر بووە؟



# خولە قەڵەو ون بووە..؟!

ئەو ئێوارەیە بڕیاربوو بچین بۆ ئاهەنگی لەدایکبوونی هەژیر کەماڵیان نزیک بوو لەماڵی خۆمانەوە، من یەکەم کەس ئامادەبووم بۆ ڕۆیشتن، پاش کەمێک لەکۆڵانەوە گوێم لەقیژەقیژ بوو دایکم ڕۆشتە دەرەوە تا بزانێت چی ڕووی داوە، کە هاتەوە وتی: ئەو ژنە بەستەزمانەی دراوسێمانە کوڕە دوانزە ساڵانەکەی دیارنییەو دەڵێن ون بووە. دایکم دیسان ڕۆشتەوە ناوخەڵکەکە تا هەواڵ بزانێت، بەڵام من تەنها بیرم لای ئاهەنگەکە بوو، بەردەوام بەخوشکە گەورەکەم دەوت کەی دەڕۆین بۆماڵی هەژیر؟ ئەویش دەیوت با دایکم بێتەوە، بۆیە منیش ڕۆشتم بەشوێن دایکما، لەناو خەڵکەکە گوێم لەزۆر شت بوو ژنێک دەیوت تازە کوڕەکەی لەدەست چوو کەسێکی تر دەیوت دیارە خولە دزراوە یان دەیانوت لەوانەیە تیرۆر کرابێت.



پاش کەمێک لەمزگەوتەکەی نزیک ماڵی خۆمان بانگەوازیان بۆ خولە کرد تابیدۆزنەوە، دایکی خولە قەڵەو هەر دەگریا، پاشان پۆلیسم بینی هاتبوون وێنەی خولە ببەن بۆئەوەی بەدوایدا بگەڕێن لەوکاتەدا خولە بەدەمو چاوێکی خەواڵووەوە هاتە دەرەوە کە لەژێر زەمینەکەی ماڵی خۆیان لەکاتی سەعیکردندا خەوی لێکەوتبوو، من زۆر خەفەتم خوارد، چونکە درەنگ بوو بۆئاهەنگەکە، لەوکاتەدا دایکی هەژیرم بینی بەدایکمی وت: بەهۆی ونبوونی خولەوە ئاهەنگەکەمان وەستاند ئێستا دەستپێدەکەین، منیش زۆر دڵخۆش بووم و وتم دەی بابڕۆین.

# سێ ماسی



لە چاڵێک ئاوی بچووکدا سێ ماسی دەژیان، سەوزو پرتەقاڵیی و سوور.

ماسیە سەوزەکە زیرەکو وریا بوو، ماسییە پرتەقاڵییەکە ژیربوو، بەڵام هێندەی ماسییە سەوزەکە نا، ماسییە سورەکە بچوکو منداڵ بوو.

ڕۆژێک دوو ماسیگر بەلای چاڵە ئاوەکەدا تێپەڕبوون کە چاویان بەماسییەکان کەوت بڕیاریان دا تۆڕەکەیان بێنن بۆئەوەی ماسییەکان بگرن.

سێ ماسییەکە گوێیان لەقسەکانی ماسیگرەکان بوو.

ماسییە سەوزەکە زیرەکو وریا بوو بەبێ ئەوەی کات لەدەست بدات لەرێگەیەکەوە کە چاڵەکەی دەگەیاند بەجۆگەیەکی ئاو خۆی دەرباز کرد.


ڕۆژی دوایی هاتنو ئەو ڕێگەیان گرت کە چاڵە ئاوەکەی دەگەیاندە جۆگەکە.



ماسیە پرتەقاڵییەکە تازە هەستی بەو مەترسییە کردبوو لەبەر خۆیەوە وتی: ئەگەر بەخێرایی و ئاقڵانە بیرنەکەمەوە ئەوە دەکەومە داوی ماسیگرەکانەوە، بۆیە خۆی دایە دەست قەدەرو هاتە سەر ڕووی ئاوەکەوە، بیری کردەوە بەشێوەیەک خۆی نیشان بدات کە ئەوان واهەست بکەن مردوە.


پیلانەکەی سەری گرت، یەکێک لەماسیگرەکان کە سەیری کردو بینی بەهاوڕێکەی وت ئەم ماسییە مردووە، لەناو چاڵەئاوەکەدا گرتی و کردییە ناو جۆگە ئاوەکە.

ماسییەکە سوودی لەم هەلە وەرگرتو دەربازی بوو، بەڵام



ماسییە سوورەکە زۆر هەوڵی نەداو ژیرانە بیری خۆی بەکارنەهێنا ئەوەندە ئەملاو ئەولای کرد کەوتە داوی ماسیگرەکانەوەو نەیتوانی دەرباز بێت.

# ڕەنگم بکەن



# لێكدانەوەی ناوی وڵاتان



١٦. ئۆستراڵیا: واتە نیشتمانی باشوور، وشەیەكی لاتینییە.
١٧. ئیستوونی: واتە ڕێگای خۆرهەڵات، وشەیەكی جێرمەنییە.
١٨. ئیسرائیل: واتە بەشەڕهاتوو لەگەڵ خوا، وشەیەكی عیبرییە.
١٩. ئێسكاتلەند: واتە نیشتمانی ئێسكاتەكان، وشەیەكی لاتینییە.

# گۆرانی و یاریی



ئەو منداڵە كچانەی ئێواران لەكۆڵانەوە بەرەو ماڵەوە وەك ئاسكی كێویی هەڵدەبەزنەوەو یاری بەپێیەكانیان دەكــەن، با لەبەر خۆیانەوە ئەم گۆرانییەی خوارەوە بڵێنەوە، چونكە هەڵابەزو دابەز بەشیعرو گۆرانی چێژێكی خۆشی هەیە:

هەی تەختە تەختە تەختە
ئێوارێیەو بێوەختە
ئاغاو خانم شەڕیانە

لەسەر دەنكێك زەنگیانە
ئاغا دەڵێ بۆ كوڕەكەم
خانم دەڵێ بۆ كچەكەم

فۆلكلۆری موكریان
گێڕانەوەی: حەنیفە ئەلیاسی

# مەتەڵ

١. كام شەوی تاریكە كە لەڕۆژیشدا دەبینرێت؟
٢. ئەوە چییە كــەس ناتوانێت نەیبینێ، نە تامی بكاتو نەدەستی لێبدات، بەڵام لەهەموو شوێنێك هەیەو هەموو كەس پێویستی پێیەتی؟
٣. تا ئاسمان نەگری فرمێسكی نایەت؟
٤. ئەوە چییە كە خۆی ئاوەو دوژمنەكەشی هەر ئاوە؟
٥. دووبرا لەیەک شــوێندا دەژین، بەڵام قەت ماڵی یەكتر نابینن؟
٦. بەناو ئاودا تێپەڕ دەبێت، بەڵام تەڕ نابێت؟

# چ

كچە گچكە چاو جوانێ
فریشتەی دایەو بابێ
پینۆكیۆ دەناسی
ئەوەی كەوتە زگ ماسی؟
- پینۆكیۆ دەناسم
بەلووتی دا دەیناسم
درۆی دەكرد دەزانم
بۆ پێت وابوو نازانم؟

## هاوڕێیانی نم نم



محەمەد ئۆمێد عەبدولخالق ١١ مانگ لەسلێمانی



ڕۆژان فواد



لاوک محەمەد ڕۆستەم، ٩ مانگ لەسلێمانی

## مۆدێلی نوێی هایبریدی بیجۆ سیترۆین دەکەوێتە بازاڕەوە

هێشتا چەند ڕۆژێک مابوو بۆ کۆتایی پێشانگای ئۆتۆمبێلی پێکەنـــی 2010 لەچین کە جارێکی دیکەش ڕووداوێک ئەمجارەیـــان زۆر گەورەتر، ژمارەیەک کۆمپانیای گەورەی ئۆتۆمبێلی جیهان لەدەوری یەکتر کۆبوونەوە.

لەو ناوەدا بیجۆ سیترۆین، کە دووەمین گەورە کۆمپانیای فەرەنسـایە لەو پێشـــانگا گەورەیـــەدا مۆدێلـــی نوێی هایبـــردی خـــۆی بەناوی میترۆپۆلیس نمایشکرد. ئەو ئۆتۆمبێلە تایبەت بەبازاڕی چین دروستکراوە.

بیجۆ سیترۆین لەشانگهای چین ســـەنتەرێکی دیزاینی هەیە، کە میترۆپۆلیسیش لەو سەنتەرە دیزاینکراوە. بیجۆ سیترۆین لەگەڵ ژمارەیەک زۆر لەکۆمپانیاکانی فەرەنسا لەژوری فەرەنسە لەپێشانگای ئێکســـپۆی شانگهای چین ئەو ئۆتۆمبێلەو بەرهەمەکانی دیکەی خۆی نمایشکرد.

ئەو ئۆتۆمبێلـــە هایبریدییە مەکینیەکـــی ئەلکتریکـــی بەنزینی لەسەرە. مەکینەی ئەو ئۆتۆمبێلە لەجۆری v6ی دوو لیترییەو هێزەکەی بەرامبەری 272 ئەســـپە. لانی زۆری هێزی ماتـــۆری ئەلکتریکی ئەو ئۆتۆمبێلەش 97 ئەسپە.

چین، بەدووەمیـــن بازاڕی گەورەی بیجۆ سیســـترۆین لـــەدەرەوەی ئەورپـــا دێتە ئەژمار. پێشانگای ئیکسپۆ بۆماوەی شەش مانگ لەچین بەڕێوەدەچێت.

# پێشانگای ئیکسپۆی شانگهای 2010 نمایشی

# لوتبەرزی، بزەو سیحری جینراڵ مۆتۆرز



بەمەودای چەند ڕۆژ دوای کۆتایی پێشـــانگای ئۆتۆمبێلی پیکەنی 2010، جینـــراڵ مۆتۆرز مۆدێلێکی چەمکی نوێی خۆی لەپێشانگای ئیکسپۆی شانگهای 2010دا نمایشکرد.

جینراڵ مۆتۆرزو شەریکەکەی کۆمپانیای چینی پیشەسازی ئۆتۆمبێلی شانگهای ئۆتۆمبێلی چەمکی ئەلکتریکی en-v ی لەپێشانگای ئێکسپۆی شانگهای 2010دا نمایشکرد، کە ئەو ئۆتۆمبێلە تایبەتە بەبەکارهێنان لەناو شاردا دروستکراوە. پێدەچێت تا ساڵی 2030 نزیکەی 60%ی کۆی دانیشتووانی جیهان لەناو شارەکاندا دانیشن. جینراڵ مۆتۆرز پێشبینی کردووە ئەگەر en-v بخرێتە بازاڕەوە، پێشـــوازی گەرمی لێبکرێت. ئەو ئۆتۆمبێلە دوو کەس هەڵدەگرێتو سێ مۆدێلی لەو پێشانگایەدا نمایشکرا.

مۆدێلی ژیایـــۆ (بەمانای بزە) کە لەئۆســـتۆرالیاو لەلایەن کۆمپانیای جینراڵ مۆتۆرزەوە دروستکراوە. مۆدێلی جیایۆ (بەمانای لوتبەرزی) کە لەلایەن جینراڵ مۆتۆرزی ئەوروپاو مۆدێلی میایۆ (بەمانای سیحر) کە لەلایەن سەنتەری گەشەی دیزاینی جینراڵ مۆتۆرزو لەکالیفۆرنیا دروستکراوە.

ئەو ئۆتۆمبیلە لەژوری هاوبەشی جینراڵ مۆتۆرزو کۆمپانیای پیشەســـازی ئۆتۆمبێلی شانگهایدا نمایشـــکرا. ناوی ئەو ئۆتۆمبیلە کورتکراوەی electric networked vehicleە.

کێشی ئەو ئۆتۆمبێلە نزیکەی 500کیلۆگرامەو درێژاییەکەی نزیکەی152سانتیمەترە.

قەبـــارەی بچوکی ئەو ئۆتۆمبێلە توانای ئەوە بەشـــۆفێرەکە دەبەخشـــێت تا لەرێگە پڕترافیکەکانی ناوشاردا بەئاسانی هاتووچـــۆ بـــکاتو تەنانـــەت لەرێگـــەی باریکەکاندا ئۆتۆمبێلەکەی پارک بکات.

ئەو ئۆتۆمبێلە دوو مەکینەی ئەلیکتریکیو لیتیۆمی یۆنی هەیە کە دەتوانرێت لەماڵەوەش شـــەحن بکرێتەوە. بەیەکجار شـــەحنکردنەوەی ئـــەو ئۆتۆمبێلە دەتوانێت مەودایەکی 40کیلۆمەتر کاربکات.

یەکێکی دیکە لەخاڵە سەرنجڕاکێشەکانی ئەو ئۆتۆمبێلە بوونی سیستمی شۆفێری ئۆتۆماتیکە کە بەیارمەتی ئەو سیستمی بەبێ تەداخولی شۆفێر ئۆتۆمبێلە خـــۆی دەچێتە ئەو شـــوێنەی کە بـــۆی دیـــاری دەکرێت، هەڵبەت خاڵی خراپ ســـەبارەت بەو ئۆتۆمبێلـــە ئەوەیە کە لانی زۆر خێراییەکـــەی 38.4کیلومەتـــر لەیەک کاژێردایە.

## ڕەنگە کۆمەڵەی هەشتی بی ئێم بڵاوبکرێتەوە




بەبڵاوبوونەوەی یەکەمین وێنەی ڕەسمی ئۆتۆمبێلی جۆری gran coupe لەلایـــەن کۆمپانیـــای بی ئێم، دەرکەوت بەمزوانـــە ئەندامێکی نوێی کۆمەڵەی شـــەش یان چوار دەرگایی یان کۆمەڵـــە نوێیەکەی ئەو کۆمپانیایە بەناوی هەشت، بکەوێتە بەردەست.

ئەو ئۆتۆمبێلە کە لەدرێژەی شێوازی دیزاینی ئۆتۆمبێلی نمایشی concept cs کە لەساڵی 2007دا نمایشکراوە هەنگاو هەڵدەهێنێتەوەو هیچکەس ناتوانێت نکۆڵی لەوە بکات کە یەکجار زۆر هاوشێوەی کلاسی سەرکەوتووی clsی مارسیدســـەو بێگومان ڕکابەرایەتییەکەی لەگەڵ ئایۆدی a7 لەبەرچاو گیراوە.

gran coupe بۆ یەکەمجار لەپێشـــانگای ئۆتۆمبێلی پیکەن نمایشـــکراو هەموان بینیان کە کۆمەڵەی شەش لەرەهەندەکانـــی کۆمەڵەی پێنجدا چ جوانییەکی دەبێت. ئەو ئۆتۆمبێلـــە بەدرێژایی پێنج مەترو بەرزایی 1.4مەتر (10ســـانتیمەتر نزمتـــرە لەکۆمەڵەی پێنـــجو حەوت) تێکەڵاوێکی تەواوە لەیەک کوپەو یەک سیدان.

هەندێک خاڵ کە ســـەبارەت بەنوێتریـــن بەرهەمەکەی بی ئێم پێویســـتە ئاماژەی پێبکەیـــن، بریتین لەگۆڕانی تارادەیـــی بڕ پەنجەرەکان لەچاو ســـیدانەکانی دیکەی بەرهەمی ئەو کۆمپانیایەو نزیکبوونەوەی بەشی پێشەوە، واتە لوتی ئۆتۆمبێلەکە لەشێوازی قرش دایە (هاوشێوەی ئۆتۆمبێلەکانی کوپە)، پێدەچێت ئەو مۆدێلە نوێیە بەشێکی بەرچاوی توانا باشـــەکانی مۆدێلـــە بەنزینی، دیزلیو تەنانەت هایبریدییەکانـــی کۆمەڵەکانی 5، 6و 7ی تێدا بەکارهاتبێتو گێرباکســـی هەشت گێڕی ئۆتۆماتیکی لەسەر بێت.

بەڕای ســـەرچاوە ئاگادارەکان یەکەمیـــن مۆدێلەکانی کۆمەڵەی نوێی شەشی کۆمپانیای بیم ئێم دەبلیو لەساڵی 2012 بەکۆدی i625 کە مەکینەی دوو لیتری بەتوربۆی دوو جۆرییەوە لەسەرە، بخرێتە بازاڕەوە تا ڕێگە بۆ هاتنە نـــاو بازاڕی مۆدێلی m6 بەدوو تۆربۆ چارجەرو توانای 575 ئەسپ، بکرێتەوە.

هەرچەندە هەندێک لەوبڕوایەدان کە بی ئێم دەبلیو کۆمەڵەی شەش بۆ کوپەکانی خۆی رادەگرێتو ئۆتۆمبێلە نوێیەکانی لەکۆمەڵەی هەشتدا دەخاتە بەردەست مشتەرییەکانی.

## 10 پرۆژەی ئەفسانەیی پیشەسازی جیهانی ئۆتۆمبێل

دیزاینی ســـەرەتایی ئۆتۆمبێلەکان هەلی ریسک کردن دەخاتە بەردەست خاوەنی کۆمپانیاکانی ئۆتۆمبێلسازی بێئەوەی کێشەی داراییان بۆ دروست بکات. لەهەمانکاتدا ئەو جۆرە ریسکانەیە کە دەبنە هۆی سەرکەوتنی گەورە یان شکستی گەورە لەپیشەســـازی ئۆتۆمبێلدا. لەچەند ژمارەی داهاتوودا ڕاپۆرتێکی گۆڤاری پاپیولار ســـاین کە تێدا 10 پرۆژەی ئەفسانەیی تێدا باسکراوە بەوێنەکانیانەوە دەبینن.

**(2)**



Mazda Furai: ئایا دەزانی زۆربەی ئۆتۆمبێلەکانی پێشبڕکێ لەئەمریکا مەزدان؟ ئەوەی ئەوە دە ئەو مۆدێلە دەسەلمێنێت کەدرووستکردنی ئەو مۆدێلە کارێکی درووستە، ئەوەیە کە ئەو مۆدێلە جگەلە زیادکردنی نمونەیەکی نوێ بەلیستی ئۆتۆمبێلە پێشبڕکێکانی ئەو کۆمپانیایە، یارمەتییەکی گەورە دەبێت بۆ پێشکەوتنی پیشەسازی دیزاینی ئۆتۆمبێل دەبێت.

Saab Aero-X: ئەو ئۆتۆمبێلە بەئامانجی شکاندنی ریکۆردی خێرایی 249کیلۆمەتر لەیەک کاژێردا بەیارمەتی سووتەمەنی ئیتانۆل درووستکراوە. ئەو پرۆژەیە سەرنجی پیشەسازی ئۆتۆمبێلی جیهانی بەلای خۆیدا ڕاکێشا، بەڵام ساڵی 2006 تووشی شکست هات.



# رینۆڵت ... ئۆتۆمبێلێکی بەهێز بۆ خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دروست دەکات

رینۆڵتی مۆدێلی duster کە ئۆتۆمبێلێکی دوو دیفرانسیلیو بەهێزو جێگەی متمانەیە بەتوانای واقیعی لێخوڕین لەجادەکانی دەرەوەی شاردا، لەپێشـــانگای ئۆتۆمبێلی میســـر لەم مانگەدا نمایشدەکرێت.

رینۆڵتی مۆدێلی duster ئۆتۆمبێلێکی چەند کارەیە کە جێگەیەکـــی بەرفراوانی لەناوەوەدا هەیە. بەرزایی ئەو ئۆتۆمبێلە لەسەر زەوی دەبێتە هۆی ئەوەی لەشـــەقامەکانی ناوشارو دەرەوەی شار تەنانەت جادە زۆر خراپەکانیش بەئاسانی شۆفێری بکرێت.

کڕیـــارەکان دەتوانن دوو جـــۆری بەنزینیو دیزلی ئـــەو ئۆتۆمبێلە داوا بکـــەن. هەردوو مەکینەکەی ئەو ئۆتۆمبێلە نوێیەی رینۆلت زۆر کەم سووتەمەنی سەرفدەکەن.

- رینۆلتـــی مۆدێلـــی duster بەمەکینەی دیزلی dci 85 لـــەدوو حاڵەتی 42x و 44x دا لەهەر 100کیلۆمەترەدا 5.1لیترو 5.3لیتر دەسووتێنێت.

- رینۆلتی مۆدێلی duster بەمەکینەی بەنزینی 1.6لیتری 16سوپاپی 105 لەدوو حاڵەتی 42x و 44xدا لەهەر 100کیلۆمەتردا 7.5و 7.9لیتر دەسووتێنن.

هـــەر دوو مۆدێلی 42x و 44xی ئەو بەرهەمە نوێیەی رینۆڵت بەنرخی زۆر شیاو دەفرۆشرێنو لەم مانگەدا لەئەردەن، سووریا، لوبنانو میسرو هەندێک لەوڵاتانی ئەفریقا دەخرێتە بازاڕەوە.

مۆدێلی duster لەڕوانگەی بازاڕو ناوەندەکانی بەرهەمهێنانی جیهانییەوە پێگەیەکی تایبەتی هەیە. ئەو مۆدێلـــەو مۆدێلەکانی وەک لۆگانو ساندرۆ، بەپێی کارکرد لەبازاڕە جیاوازەکانی جیهان بەهـــەر دوو برەندی رینۆڵتو داچیا دەخرێنە بەردەست.



# پێکەنن

منداڵ: دایکە راستە دەڵێن خوا رزقی هەموو کەس دەدات؛
دایك: ئەی چۆن رۆڵەگیان خوا کەس بێبەش ناکات.
منداڵ: ئەی کەواتە باوکمان بۆ چییە؛

لە زیشکیان پرسی: ج هیوایەکت هەیە؛
زیشك: حەز دەکەم کەسێك بەتووندی لەباوەشم بگرێت.

پیاوێك چاوێکی داخستبوو بەرێگەدا دەرۆی هاورێیەکی بینی.
هاورێکەی لێی پرسی: بۆچی چاوێکت داخستوە؛
پیاوەکە: بۆ ئەوەی هەموو کەس بەیەك چاو سەیر بکەم.



# بەسەرهاتەکانی دوورگە

**بەسەرهاتی نۆیەم:**

زەرگەتەیەک بەســـەر گۆنای دوورگەوەی داوە، لایەکی رووەتی دەڵێی فوودانەیە هەڵمساوە.
دوورگە لەبەر هەڵمســـانی ســـەر کوڵمەی یەکێک لەچاوەکانی جوان دیار نییە، دوورگە هەســـت بەئازاری پێوەدانەکە ناکات، ئاخر هەر یەکەمجار کە زەرگەتەکە پێوەیدا ئازاری هەبوو، ئێســـتا ئازارەکەی نەماوە، ئێســـتا خۆی زۆر پێ جوانە، لەبەیانییەوە تا کاتی چوونی بۆ قوتابخانە ســـەت جـــاری چاو لەئاوێنە کردووە، هەموو جارێ کە چاو لەئاوێنەکەیان دەکات، بەخۆی دەڵێ: چەنێ سەیرە، تائێستا دوورگەی ئاواهیم نەبینیبوو، چەنێ خۆشە من لەیەک کات دا دوو کەس بم، دوو دوورگە بم، دوو نەفەر بم!
دوورگـــە چووە ناو پۆلەوە، ئەمڕۆ دوورگە برێک درەنگ گەیشـــتە پۆل، کاتێک دەرگای پۆلی کردەوە، سەرەتا بۆ دوو چرکە هاوپۆلییەکانی نەیانناسییەوە، تەنانەت یەکێکیان خەریک بوو پێیبڵێ: کچی باش تۆ پۆلی چەندی؟ ئەوە لێرە چ دەکەی؟ ئێرە پۆلی تۆ نییە، برۆ دەرێ! لەپڕ ســـیروان یەک بۆخۆی لەقاقای پێکەنینی داو گوتـــی: کورە خۆ ئەوە دوورگەیە! کچێ دوورگـــە ئەوە بۆ ئاوات لێهاتووە؟! ناکا چووبێتی شانەی زەرگەتانت تێک دابێ؟!
منداڵەکانی دیکەش لەگەڵ ئەوەی وردە وردە خەریک بوون دوورگەیان دەناسییەوە، دایانە قاقای پێکەنین، دوورگەش لەگەڵ ئەوان دەستیکرد بەپێکەنین.
هێشتا پێکەنینەکەیان تەواو نەببوو کە مامۆستاکەیان هاتە پۆل، مامۆستاش سەرەتا دوورگەی نەناســـییەوە، چاوێکی لەدوورگە کـــردو بەناڕەحەتییەوە بەمنداڵەکانی دیکەی گوت: ئەوە ئەو پێکەنینانەتان لەچی بوو؟ ناکا بەدوورگە پێکەنی بێتن؟! ها؟!
دوورگە هەڵیدایە ناو قسەکانی مامۆستاکەیانو گوتی: نا.. نا.. هیچ نییە مامۆستا، لێیان گەڕێ، با پێبکەنن، ئاخر منیش بۆخۆم زۆرم پێکەنین بەخۆم دێت، چاوت لێ نییە مامۆســـتا چۆن گووپم هەڵمساوە، هەر دەڵێیی بەدزییەوە سێوێکم بەساخی خستۆتە ناو زارمەوە!
دوورگـــەو هاوپۆلییەکانی وەک ئەوەی شـــتێکی زۆر گرنگیان وەبیر هاتبێتەوە، لەرێوە بێدەنگ بوونو باسەکەیان گۆڕیو بەتامەزرۆییەوە چاوەڕوانی یەکەم قسەی مامۆستاکەیان بوون.
مامۆســـتاش هەســـتی بەو چاوەڕوانییە کرد، هەربۆیە بەبێ راوەستان گوتی: هەر وەک هەموومان ئاگادارین ماوەیەک لەمەوپێش، وامان بڕیارِ دا کە ئەگەر هاتینەوە بۆ قوتابخانە، لەســـەر بابەتەکانی ئەو رۆژەی دوورگە قسە بکەین! یانی دابنیشینو بیرۆکەکانمان بخەینە ســـەر یەک تا بزانین کە ئەرێ چۆن دەکرێ یارمەتی ئەو منداڵە فەقیرو هەژارانە بدەین؟!
دوای ئەو قسەیەی مامۆستا، منداڵەکان هەر یەکەو بەنۆرەی خۆی بیرۆکەکەی خۆی باسکردو پێکەوە قسەیان لەســـەر بیرۆکەکانی یەکتری کرد، گشت بیرۆکەکان بیرۆکـــەی زۆر جوانو رێکـو پێک بوون، بەڵام هەموو چاوەڕوانی دوورگە بوون کە بزانن ئایا دوورگە بیرۆکەکەی چییە؟!
دوورگە گوتی: مامۆســـتا! هاوڕێیان! بیرۆکەکانی هەمووتانم پێ جوان بوو، شتی زۆر جوانو باشـــتان پێشنیاز کرد، بەڵام بیرۆکەکانی ئێوە بۆ ماوەیەکی کاتیی منداڵەکان لەهەژاریی رزگار دەکات، ئەگەر بەنۆبەش بێت با من بیرۆکەکەی خۆم باس بکەم! من حەز دەکەم جوان سەرنجی بیرۆکەکەی من بدەن، ئاخر بیرۆکەکەم کارێک دەکات بۆ هەتاهەتایە هەژاریو دەســـتکورتی ببرێتەوەو تەواوبێت! دەبێ بیرێک بکەینەوە بۆ هەمیشە هەژاریی بنبڕ بکەین نەک بۆ ماوەیەکی کورت!
ئیتر دوورگە دەستی بەباسکردنی بیرۆکەکەی کردو وتی:
هەموومان دەمو چاومان رەش دەکەین، رەش رەش، بەرەشیو خەڵووز دەمو چاومان رەش دەکەین، یەکی پارچەیەکی سپی لەسەر سینگمان دادەنێین، لەسەر پارچەکان بەخەتێکی گەورە دەنووسین: "هەژاری مەهێڵن!" ئەوکات هەموومان دەستی یەکتر دەگرینو لەشوێنە گشتییەکانی شار بەئارامی تێپەڕ دەبین، دوایی دەچینە بەردەم "وەزارەتی نەهێشتنی هەژاری"و ئەوکات چیرۆکەکەی ئەو رۆژە کە بۆم گێڕانەوە، دەکەین بەشانۆ گەریو لەبەردەم بەرێوەبەرانی ئەو وەزارەتە چیرۆکەکە بەشانۆگەری دووپات دەکەینەوە، لەکۆتاییدا داوا لەبەرپرســـانی نەهێشـــتنی هەژاری دەکەین کە هەرچی منداڵی سەرشـــەقامو منداڵی دەســـتکورتو هەژارە، کۆیان بکەنەوەو لەهەژاریو نەداری بیانپارێزنو بیاننێـــرن بۆ قوتابخانەو یارمەتی بنەماڵەکانیان بدەن!
ئـــەوکات دەگەڕێنەوە بۆ ماڵیو خۆمان بۆ چالاکییەکانی پشـــووی هاوین ئامادە دەکەین.
بەو هیوایەی کە مامۆستاو منداڵەکانی تریش بیرۆکەکە دوورگەیان بەدڵ بووبێتو بـــۆ نارەزایەتی دەربڕین بچنە بەردەم "وەزارەتی نەهێشـــتنی هەژاری"!
بەو هیوایە!

**زەرگەتە: زەردەواڵە**
**فوودان: میزەڵدان**
**هەڵمساوە: ئاوساوە**

# پەیامی ئێمە بۆ ئێوە



## پەیامی بیستو دووەم:

هـــەر منداڵێک کـــە بەناچـــاری وڵاتی خۆی بەجێهێشـــتبێتو چوو لەوڵاتێکـــی نوێدا بوو بەپەناهەندە، دەبێ لەو وڵاتە نوێیەدا وەک هەموو منداڵەکانی ئەو وڵاتە مافی هەبێت.
ئێمـــە چ لەگەڵ بنەماڵەکەمـــان بینو چ بەتەنها بین لەکاتی پەناهەندەییماندا پێویستە بەتایبەتی چاوەدێـــریو ئاگاداریمـــان لێ بکـــەن. ئەگەر بەتەنها بووین ئەوە دەبێ ئەو لایەنو رێکخراوە پێوەندیدارانـــە هەوڵ بـــدەن بەزووترین کات بەبنەماڵەکانمان شاد بکەنەوە. بەگشتی دەوڵەتان بەهـــاوکاری کردنیان لەگەڵ ئـــەو رێکخراوو لایەنانەی لەم بـــوارەدا چالاکی دەکەن، دەبێ منداڵانی پەناهەندە بپارێزنو ئاگاداریان بن.

## پەیامی بیستو سێیەم:

ئەگـــەر منداڵێک ئەندامێکی کەم بـــوو، واتە کەمئەندام بوو، مافـــی خۆیەتی کە لەئیمکانیاتە تایبەتەکان ســـوود وەربگرێو لەژێر چاوەدێریی تایبەتیش دابێت. ئەوە مافی منداڵانی کەمئەندامە کـــە لەئیمکانیاتی فێرکاریی باش، کەڵک وەربگرنو بۆیان دابین بکرێ.

# ئەرێ دەزانن بەفرە سەراوییەکان چین؟

بەفرە ســـەراوییەکان، کۆمەڵێک ســـەهۆڵ (بووز ) یان هەمان بەفـــرن کە لەقەوارەی بچووکو گەورەدا لەئاوی دەریاکاندا بڵاونو لەهاتووچۆدان.
بۆئاگاداریتان تەنها یەک بەش لەنۆ بەشی ئەم بەفرە سەراوییانە بەچاو دەبینرێن، چونکە ئەوانیتر لەژێر ئـــاوی دەریاکاندانو نابیندرێن شوێنە ساردەکانی گۆی زەوین، واتە جەمســـەری سەروو و خـــوارووی، رووبەری زەوینو ئـــاوەکان لەپارچە گەلێکی یەکجار گەورەو پتەوی بەفر داپۆشـــراون، کە ئەستووری، یـــان قەوارەیـــان لەهەندێک جێـــگادا دەگاتە 30مەتر.
ئـــەم پارچە بەفـــرە ســـەراوییانە لەئاوی دەریاو ئۆقیانووســـە سەرکەشەکاندا وێڵو بـــەرەڵانو لەنیشـــتمانی خۆیـــان دوور دەکەونەوەو بەرەو پێـــش دەچن، بەڵام کە دەگەنە شوێنە گەرمترەکان بەهۆی گەرمی ئـــاوی دەریا دەتوێنەوەو لەبەشی ژێرەوەیان دەستدەکەن بەکەمکـــردنو توانـــەوە، بەشـــی سەرەوەشیان بەدەنگێکـــی پـــڕ سامەوە بەرەو ئـــاوی دەریا سەرکەشەکان بەرێگای خۆیان درێژە دەدەن، تا ئەوەی بەیەکجاری دەتوێنەوەو لەناو دەچن.
هەندێک لەو پارچە بەفرانە بەهۆی ئەوەی یەکجار گەورەو قورسن دەچنە بن ئاوەکانەوەو دوای ماوەیەک کە لەکێشو قەوارەیان کەم بووە دەێنەوە ســـەر ئاو. هەر پارچە بەفرە سەراوییەک بەر لەوەی بەتەواوەتی بتوێتەوە زیاتر لەچەند ســـاڵ هەروا لەســـەر ئاوی دەریاکان بەبەڕەڵایی دەمێنێتەوە.
رووداوی پاپۆڕی تایتانیک لەساڵی 1912 یەکێک لەدڵتەزێنتریـــن رووداوەکانی ناو دەریاکانە کە لەو رووداوەدا بەهۆی ئەوەی ئەو پاپۆڕە لەگەڵ پارچە بەفرە سەراوییەکی گـــەورەی بەرەڵا خـــۆ پێـــک دادەدەن، خەڵکانێکی زۆر گیانی خۆیان لەدەســـت دەدەن.



# سیستمی نوێی پەروەردەو دەرهاویشتەکانی

## "ڕاستە بیناو کێشەی کتێب لەقۆناغی بنەڕەتیدا هەیە، بەڵام پێویستە هەمووومان هەوڵی سەرخستنی سیستمەکە بدەین"

**تێکەڵکردنی قۆناغی سەرەتایی‌و ناوەندی‌و ناولێنانی بەقۆناغی بنەڕەتی بۆچوونی جیاوازی لەسەر لایەنە باش‌و خراپەکانی لەلایەن خوێندکاران‌و مامۆستایان‌و پسپۆڕانی پەروەردە دروستکردووە‌و بەڕێوەبەری پەروەردەی سلێمانیش جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەو تێکەڵاوکردنە سودێکی زانستی زۆر بەخوێندکاران دەگەیەنێت.**

پێشەوا محەمەد لەسلێمانی

سێ ساڵ لەمەوپێش‌و لەچوارچێوەی کۆنگرەیەکدا سیستمی نوێی پەروەردە ڕاگەیانراو بڕیاردرا قۆناغی ناوەندی‌و سەرەتایی نەمێنێت‌و قۆناغی بنەڕەتی جێی بگرێتەوەو خوێندنیش ببێتە نۆساڵی ئیلزامی، هاوکات مانەوە لەپۆلەکانی یەک تا سێی بنەڕەتی نامێنێت‌و تاقیکردنەوەی نیوەی ساڵ لەقۆناغی بنەڕەتی‌و تاقیکردنەوەی بەکالۆری شەشی بنەڕەتیش نامێنێت، لەهەمانکاتدا ڕێژەی نمرەی پۆلی حەوت ١٥٪و ڕێژەی پۆلی هەشت ١٥٪و ڕێژەی نمرەی پۆلی نۆش ٧٠٪ وەردەگیرێت، هەر خوێندکارێکیش لەقۆناغی بنەڕەتیدا ڕێژەی ٦٠٪ بەدەست نەهێنێت، مافی وەرگرتنی لەقۆناغی ئامادەییدا نامێنێت.

### خوێندکار فێربێت‌و فێرنەبێت دەردەچێنرێت

بەشێک لەخوێندکاران لەگەڵ ئەوەی سیستمی قۆناغی بنەڕەتیان بەدڵە، بەڵام کەمی‌و خراپی کتێبەکانیان‌و کێشەی بینا وای لێکردوون لەسیستمەکە بێزاربن.

بارین کەریم، ١٣ساڵ‌و خوێندکاری حەوتی بنەڕەتی، باسی لەوە دەکرد کە کتێبەکانیان زۆر درەنگ پێدەگات‌و هەڵەیەکی زۆریشیان تێدایە، "ئێمە زۆربەی جار چەند مانگێک دەڕوات ئینجا کتێبمان بەدەست دەگات، دوای ئەوەش هەر لاپەڕەیەک لەو کتێبانە بکەینەوە دەبێت جارێ دانیشین چەند سەعاتێک هەڵەکان ڕاستبکەینەوە"، هاوکات هیوا کامەران، خوێندکاری پۆلی پێنجی بنەڕەتی باسی لەوەکرد کە شانیان بەدەست زۆری‌و قورسی کتێبەکانەوە شکاوە، "کتێبەکانمان ئەوەندە قورسن شانی هەمووومان خەریکە دەشکێت، ڕاستە قۆناغی بنەڕەتی سودی بۆ خوێندکاران تیایە، کە دەردەچێنرێن‌و نامێننەوە، بەڵام ئێمە کتێبەکانمان زۆر خراپن‌و دەوامیشمان زۆر کەمە".

لەلایەکی دیکەوە شایەن سیروان، خوێندکاری نۆی بنەڕەتی ئاماژەی بەوەدا کە دەرچواندنی خوێندکارانی بنەڕەتی لەچەند پۆلێکدا زیان بەقوتابیان دەگەیەنێت، "بۆ خوێندکار پۆلی دوو سێ زۆر گرنگە، چونکە لەو پۆلانەدا فێری خوێندنەوەو ناسینی پیتەکان دەبێت، بۆیە ئێستا خوێندکار دەزانێ فێربێت‌و فێرنەبێت هەر دەردەچێنرێت، بۆیە زیانی زۆر بەفێربوونی خوێندکاران دەگەیەنرێت".

### سەرکەوتنی قۆناغی بنەڕەتی بەندە بەبیناوە

بەشێک لەمامۆستایان، سەرکەوتن‌و سەرنەکەوتنی قۆناغی بنەڕەتی دەبەستنەوە بەچارەسەرکردنی کێشەی بینای‌قوتابخانەکانەوە.

ئیسماعیل حەمە، مامۆستای قۆناغی بنەڕەتی ئاماژەی بەوە دا کە قۆناغی بنەڕەتی لەناو ئەو بینایانەی ئێستادا سیستمێکی نەگونجاوە، "بیناکانی ئێستا هەر یەکەو سێ دەوامی تێدایە کە خوێندکار لەسێ تا چوار سەعات زیاتر ناتوانێت بمێنێتەوە، لەکاتێکدا پێویستە خوێندکارانی قۆناغی بنەڕەتی هەشت تا نۆ سەعات لەخوێندنگە بن، بۆیە ئەگەر بینا چارەسەر نەکرێت ئەم سیستمەش هەڵدەوەشێتەوە".

لەلایەکی ترەوە گەشاو سەردار، مامۆستای قۆناغی بنەڕەتی، باسی لەوە کرد کە سیستمەکە بەگشتی لەخزمەت خوێندکاراندایە، "ڕاستە بیناو کێشەی کتێب لەقۆناغی بنەڕەتیدا هەیە، بەڵام لەبەرئەوەی سیستمێکی گونجاوە پێویستە بەهەمووومان هەوڵی سەرخستنی بدەین".



قوتابییان چاوەڕوانی زیاتریان لەسیستمی نوێی پەروەردە هەیە

فۆتۆ: سۆران نەقشبەندی

### قوتابیانی بنەڕەتی لەڕووی گەشەسەندنی مەعریفییەوە لەیەک ئاستدان

پسپۆڕێکی بواری پەروەردەیی باس لەوە دەکات پەڕینەوەی منداڵ لەقۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر وەک بازدانێکی گەورە وایە بەسەر پەرژینێکی دڕکاویدا.

فایەق سەعید پسپۆڕی پەروەردەیی لەوڵاتی سوید، گرفتەکان لەوەدا نابینێ منداڵ لەپۆلی شەشەمەوە بچێتە پۆلی حەوتەم، بەڵکو لەوەدایە کە لەنێوان ئەو دوو قۆناغەدا کۆمەڵێک تاقیکردنەوەی سەرتاسەری‌و ناسەرتاسەری هەیە، جیاوازی ڕەفتار، سزاو هەڕەشەو داواکاری دایبابەکان‌و قوتابخانەکان، گەشەسەندنی باری دەروونی بەهەموو قەیرانە جیاوازەکانەوە.

بەبۆچوونی فایەق سەعید، خراپی ئەو حاڵەتە لەوەدایە کە لەکۆمەڵگای کوردییدا منداڵ دەبێت هەموو ئەو شتانە بەتەنیا بکات، چونکە نە لەماڵەوەو نەقوتابخانەش لەم بوارەدا یارمەتی منداڵ نادەن، بۆیە منداڵان لەو پەڕینەوەیەدا هەستێکی ترسناک دایان دەگرێت‌و هەڵگرتنی ئەو بەربەستە لەنێوان شەش‌و حەوتدا ئەو مەترسیانە ناهێڵێت، چونکە بەپێی سیستمە کۆنەکە بازدان لەو قۆناغەوە بۆقۆناغێکی تر خوێندکاری ناچار دەکرد بچێتە قوتابخانەیەکی تر بۆخوێندنی ناوەندی‌و جێی خۆی بکاتەوە، بۆیە خوێندکار پێویستی بەکۆششێکی زۆر دەبوو بۆ ئەوە جێگەی خۆی بکاتەوەو ئەوەش کێشەی دەروونی زۆری دروستدەکرد، زۆرجار قوتابخانە تازەکە پڕە لەچەندین منداڵ کە کەسایەتی خۆیان سەپاندووە، یا خاوەنی گروپی تایبەتی خۆیانن، یان کۆمەڵی خوێندکاری شەڕانی، کە پێگەی بەهێزیان لەناو خوێندنگادا هەیە، "بۆیە زۆر قورسە منداڵێکی ١٢ساڵان جێگەی خۆی لەقوتابخانەیەکی تازەدا کە پڕە لەناکۆکی شاراوە بکاتەوە".

ئەو پسپۆڕە ئەوەشی نەشاردەوە کە ئەو وانانەی بەخوێندکارەکان دەدرێن لەڕووی پێکهاتەوە لێکدی نزیکن، چونکە خوێندکارانی هەر نۆ پۆلەکە لەئاستێکدان لەڕووی گەشەسەندنی مەعریفییەوە پێویست بەوە دەکات لەگەڵ یەکدابن.

### پێویست بوو کچان‌و کوران تێکەڵکرێن

فایەق سەعید جەختی لەوە کردەوە پێویست بوو کچان‌و کوران لەقۆناغی بنەڕەتی تێکەڵ بکرێن، چونکە سیستمە کۆنەکە جیای کردبوونەوە، "تێکەڵبوونی هەردوو ڕەگەز تا بڵێی کارێکی گرنگەو تا دوا ئەندازە ڕۆڵی لەگەشەسەندنی مرۆڤەکاندا هەیەو خوێندکار دەبێتە خاوەنی دیدێکی کۆمەڵایەتی پێگەشتوترو بابەتی یەکسانی هەردوو ڕەگەز زۆر بەرەو پێشەوە دەبات".

ناوبراو، باسی لەوەش کرد تاکە گرفت لەبەردەم قۆناغی بنەڕەتیدا تێکەڵاوبوونی کچان‌و کوڕانن لەقوتابخانەیەکدا، "ئەو تێکەڵاوبوونە گرفتێکی چەندین ساڵەیەو هەرچی هێزی کۆنپارێزی لەکۆمەڵگای ئێمەدا هەیە هەوڵیانداوە بەربەستی بکات، بەڵام جیهان بەرەو پێشەوە دەچێت".

### تەواوی قۆناغەکە لەخزمەتی خوێندکاراندایە

کەماڵ نوری، بەڕێوەبەری پەروەردەی سلێمانی ئاماژەی بەوەدا هەموو سیستمێکی نوێ لەکاتی جێبەجێکردنیدا گرفتی دێتەڕێگە، بەڵام هەندێک لەو گرفتانە تەکنیکین‌و دەتوانرێت چارەسەریان بکرێت، "بەڵام تەواوی قۆناغی بنەڕەتی لەئاستێکی زۆر بەرزی زانستیدا خزمەت بەخوێندکاران دەکات‌و لەپێناو گەشەکردنێکی پێشکەوتوودایە".

ناوبراو، ئەوەشی نەشاردەوە کە نەبوونی بینا یەکێکە لەکێشە سەرەکییەکان، بەڵام "دەبێت مامۆستایان‌و بەڕێوەبەرکان بەپلەی یەکەم لەهەوڵی سەرخستنی سیستمەکەدا بن".

---

## هەموو منداڵێک زەین تیژە بەمەرجێک...

22 21 20 19 18 17 16

ئامادەکردنی: ناسر فەتحی

# گەشەی زەینی لە هەفتەی چل و چوارەمەوە تا یەک ساڵی

**هەفتەی چل و چوارەم:** لەم تەمەنەدا منداڵەکەتان دەتوانێ چەند وشەیەک کە لێیان تێدەگات دەربڕێ. لەوانەیە هەندێک شتتان لەکتێبەکانی نیشانی ئێوە بدات، بەڵام ماوەیەکی زۆر تەرکیز ناکات.

بەردەوام بووکەڵەکانی بڵاودەکاتەوەو بەدوایان دا دەگەڕێ‌و حەزدەکات ئێوە ناچاربکات کە کۆیان بکەنەوە. لەم تەمەنەدا منداڵەکەتان بەرە بەرە مانای دەرێ‌و ژووری‌و ئێرەو ئەوێ دەزانێ‌و دەرکی دەکات.

**چۆنێتی یارمەتیدانی:**

- کتێب‌و گۆڤاری تایبەت بەتەمەنی خۆی بۆ بکرن.
- هەوڵ بدەن بەگێڕانەوەی چیرۆکی کورت‌و ساکار لەبارەی هەرشتێک کە خەریکن سەیری دەکەن، ئاستی تەرکیزی منداڵەکەتان ببەنە سەرێ.
- یاری چەپڵە لێدانی لەگەڵ ئەنجام بدەن‌و فێری بکەن کە چۆن چەپڵە لێبدات.
- بەردەوام پێوەندی نێوان کردەوەو ئەنجامی کردەوەکانی بۆ روون بکەنەوە، بۆوێنە کۆمەڵێک موکەعەب لەسەر یەک بچنن‌و لاری بکەنەوەو پێیبلێین: ئێستا ئەم کردەوەیە ئەنجامەکەی رووخانی دیوارە موکەعەبییەکەی لێدەکەوێتەوە.

**بەکورتی:** بەئاماژە بەوێنەکان‌و کەرەستەکانی دەورووبەری سەرنجی منداڵەکەتان ڕابکێشن. ناوی ئەو شتانە بێنن کە لەکتێب، گۆڤار، ژووری‌و ئێرەو ئەوێ پێی نیشان دەدەن. دەستی بگرن‌و بەپەنجەکانی خۆی ئاماژە بەشتەکان بکەن‌و ناوەکانیان بێنن.

**هەفتەی بیست‌و هەشتەم:** لەم تەمەنەدا منداڵەکەتان حەزێکی زۆری هەیە بۆکتێبەکان‌و ئەو شتانەی لەناو لاپەڕەکانیاندا دەیانبینێ‌و حەز دەکات ئاماژە بەوێنەکان‌و ناوەڕۆکی ناو کتێبەکانی بکەن. لەم تەمەنەدا فێری ناوی خۆی بووەو ناوەکەی خۆی دووپات دەکاتەوە. حەزی لەگاڵتەیەو بۆ پێکەنین‌و وەپێکەنین خستنتان زۆر کاری گاڵتەئامێز ئەنجام دەدات. فێر بووە کە بەسەر تەکاندان بڵێت: "نا".

**چۆنێتی یارمەتیدانی:**

- لەسەر ناوی کەرەستەکان‌و پێکهاتەکانی لەش ڕاوەستە بکەن، واتە هەوڵ بدەن زیاتر لەچەندین جاریان دووپات بکەنەوە.
- هەندێک کار ئەنجام بدەن کە منداڵەکەتان بتوانێ لاساییتان بکاتەوە، بۆئەوەی وەک ئێوە ئەو کارانە ئەنجام بداتەوە.
- هەموو جووڵەو کردەوەو دژە کردەوەکانی بەهەند وەربگرن‌و پاداشتی ئەم کارانەی پێبدەن.
- هەندێک چیرۆکی بۆ بگێڕنەوە کە هەڵگری کۆمەڵێک ڕووداو ئەنجامی دیاری ساکار بێت.
- بۆئەوەی منداڵەکەتان لەگەڵ دنیای خۆی هەست بەنزیکی بکات، باسی کارە ڕۆژانەییەکانی بۆ بکەن.

**بەکورتی:** هەوڵ بدەن فێری لاساییکردنەوە لەئێوە بێت. ئاماژە بۆ لووتی خۆتان بکەن‌و پێیبلێین: ئەمە لووتی دایەیە! پەنجەی بگرن‌و لەسەر لووت یان هەمان کەپووی خۆی دابنێن‌و بلێین: ئەمە لووتی ساکارە! لووتی کوڕی خۆمە!

**یەک ساڵی:** منداڵەکەتان لەم تەمەنەدا دەزانێ ماچکردن یانی چی‌و لەم پێوەندییەدا کۆمەڵێک هەستی جیاجیا لەخۆی نیشان دەدات. لەم تەمەنەدا دەتوانێ بووکەڵەکانی هەڵگرێ‌و بیدات بەئێوەو بەری بدات. فێری گوتنەوەی هەندێک وشەی مانادار بووە، لەوانەیە شتێک لەکتێبەکانی دا بناسێتەوەو بەهێنانی ناویان ئاماژەیان پێبکات. لەم تەمەنەدا دەست دەکات بەتێگەیشتن لەپرسیارە سەرەتاییەکان.

**چۆنێتی یارمەتیدانی:**

- بۆ گەشەپێدانی هێزی خەیاڵ‌و خولیای منداڵەکەتان هەوڵ بدەن هەندێک چیرۆکی کورتی بۆ بخوێننەوە.
- بەدەربڕینی هەستە میهرەبانانەکانی ئافەرم بڵێن.
- داوای لێبکەن بووکەڵەکەی بلاوێنێتەوەو نازی بداتێ.
- دایە ماچ بکات.
- بابە لەباوەش بگرێ.
- ئەوکارانەی بۆی ئەنجام دەدەن، بەگوتنی چۆنێتیی ئەنجامدانەکەیانەوە بۆ منداڵەکەتان باس بکەن، بۆنموونە پێیبلێین: ئەوە گۆرەوییەکانت بۆ دادەکەنم، چونکە پیسبوون، دەبێ بیانشۆم.

**بەکورتی:** چیرۆکی سەرەتایی بۆ بخوێننەوە، چیرۆکی ئاژەڵان‌و بێچووەکانیان بۆمنداڵەکەتان بگێڕنەوەو دەنگی ئەو ئاژەڵانەی دەیانزانن لەخۆتان دەربڕن، بۆئەوەی منداڵەکەتان لەگەڵ دەنگی ئاژەڵان ئاشنابن‌و بەم شێوەیە مێشک‌و خولیایان ختوکە بدرێ.



## لەئەرشیفی نیشتمانی بەریتانیاوە

# ئەو گروپە سەلەفییەی پەلاماری کەعبەیان دا، لەخوێندکارانی زانکۆکان بوون

**لەساڵی ٦٧ی کۆچییدا، حەجاجی سەقەفی پەلاماری کەعبەی پیرۆز دەداتو بەمەنجەنیق (ئاربیجی سەدەی بیستەم) مزگەوتەکە بەر تۆپ دەدات، لەناو کەعبەشدا عەبدوڵڵای کوڕی زوبەیر، خۆی حەشار دابوو کە داوای خەلافەتی دەکرد.**

فەرمیدون ئەحمەد

وەک وتــراوە مێژوو خــۆی دووبارە دەکاتەوە. پاش زیاتر لە١٣٠٠ســاڵ، ئەم رووداوە دووبــارە بوویەوە، بەڵام ئەگەر ئەوکات عەبدوڵڵای خۆحەشاردەری ناو کەعبە لەسەر حەق بووبێتو حەججاجی هێرشــکەر دەســتدرێژیکار بووبێت، ئەمجارە بەپێچەوانەوەبوو.

هاتنی محەمــەدی مەهــدی، لەئایینی ئیسلامدا حزوری هەیە. لای سوننەکان، محەمەدی مەهدی مرۆڤێکی ئاســاییەو لەدایکدەبێــتو گــەورە دەبێت، ناوی محەمەدی کــوڕی عەبدوڵڵایەو لەنەوەی پێغەمبــەری ئیســلامە (درودی خوای لێبێت)، بەڵام لای شــیعەکان ئیمامی مەهدیی زیندووبــووەو نزیکەی هەزار ســاڵێک لەمەوپێش ون بووەو لەکۆتایی تەمەنی دونیادا دێتەوەدەرو خۆی ئاشکرا دەکات.

هاتنی ناوو ناونیشانی محەمەدی مەهدی لای ســوننەکان، بووەتە هــۆی ئەوەی کەســانێک کە هەڵگری هەمان ناون، خۆیان بەمحەمەدی مەهدی بناســێنن، ئەوەش بووەتە کێشــە بۆمســوڵمانان، لەوانەیە تازەترینیان لەســەر ئاســتی جیهانی ئیسلامی، ئەو کارەساتە بێت کە لەکۆتایی ساڵی ١٩٧٩دا لەسعودیە روویدا کە کەســێک خۆی کــرد بەمحەمەدی مەهدیو لەئەنجامدا هێرشــکرایە سەر کەعبەی پیرۆزو، رووگەی مســوڵمانان درایە بەر گوللەو ئاربیجی. ئەم راپۆرتە وردەکاریی ئــەو رووداوە دەگێڕێتەوە. زانیارییەکانیش لەئەرشیفی نیشتمانی بەریتانــی وەرگیراون کــە رۆژنامەی قەبەس بەعەرەبی بڵاویکردوونەتەوە.

### سەرەتای رووداوەکە

لەســاڵی ١٩٧٢دا بەپشــتگیریی شێخ عەبدولعەزیــز بــن باز، کــە ئەوکات بەرپرسی زانکۆی مەدینە بوو، گروپێکی سەلەفی دروستبوو. گروپەکە لەناو زانکۆدا پێکهێنــرا، زانکۆی مەدینــە زۆربەی خوێندکارانی خەڵکی ســعودییە بوون، خوێندکاری وڵاتانی دیکەش بۆ خوێندن رووویان تێدەکــرد. زانکۆکە، هێڵێکی پەڕگیری زۆر توندی گرتبوویەبەر.

جوهەیمــان ئەلعتێبی، ســەربازێکی گاردی نیشتمانی سعودیی بوو، بەهۆی قاچاخچێتیکردن بەمادەی بێهۆشکەرو چەکو کحولــەوە، لەڕیزەکانی گاردی نیشتمانی دەرکرا، بەڵام دوای ماوەیەک رەوشــی ژیانی گــۆڕدراو بــەردەوام ئامادەی وتارو موحازەراتی ئاینی دەبوو. لەساڵی ١٩٧٤دا چووە ریزی ئەو گروپە سەلەفییەی ناو زانکۆی مەدینە.

جوهەیمان لەگەڵ زانایاندا مشــتومڕو موناقەشەی لەســەر بنچینەکانی ئاینو ژیاننامەی پێشــین دەکرد، بەڵام بەهۆی توندبوونییەوە، لەگەڵ زانایاندا نەگونجا، بەتایبەتی ئەو دژی ژیــانو گوزەرانی خەڵکی ســعودییە بووو داوای لابردنی تەلەفزیــۆنو یــاری تۆپی پــێو تازە داهێنراوەکانی دەکرد، بەهۆی ئەوەشەوە لەگروپە سەلەفییەکەش جیابوویەوەو لەگەڵ هەندێک لەهاوبیرانیدا، رەوتێکی نوێی دامەزراند. وتــاری بۆ دەدانو رەخنەی لەکاربەدەستان دەگرت کە چۆن لەئیسلام دوورکەوتوونەتــەوە. ئەم رەوتە، بارەگای نهێنییــان لەبیابانەکانی ســعودییەدا کردەوە، هەوڵیاندا بەبەکارهێنانی هێز، بۆچوونەکانیان بسەپێنن.

### سەرهەڵدانی محەمەدی مەهدی

لەســاڵی ١٩٧٦دا، جوهەیمــان، کەوتە بڵاوکردنەوەی بۆچوونەکانیو بەشارەکانی سعودییەدا کەوتە گەڕان. لەشاری ریازی پایتەخت، چاوی کەوت بە "محەمەد بن عەبدوڵــڵا ئەلقەحتانی"، کە لەکۆلێژی یاساو فیقهی ئیسلامی لەزانکۆی ریاز خوێنــدکار بــوو، گرنگییەکی زۆری بەسەرهەڵدانی محەمەدی مەهدیی دەدا. کاتێک یەکتریان بینی، بۆچوونەکانیان هاوتابــوون. محەمــەد وازی لەزانکــۆ هێناو کەوتە گەل جوهەیمان. لەســاڵی ١٩٧٨دا دەسەڵاتدارانی سعودییە کەوتنە چاودێرییکردنی ئەم رەوتەو ئەندامانیانو چالاکییەکانیان. ژمارەیەک لەچالاکوانانی دەستگیرکرد، بەڵام دواتر بەهۆی چەند زانایەکــەوە ئازادکــران. جوهەیمــان بەردەوام بوو لەگەڕانەکانی بەشارەکاندا بۆ بڵاوکردنــەوەی بۆچوونەکانی، لەم کاتەدا جوهەیمــان بیرۆکەی محەمەدی مەهــدی بۆ محەمــەد بــن عەبدوڵڵا ئەلقەحتانی باســدەکات. لەفەرمودەدا هاتــووە کە محەمــەدی مەهدی ناوی تەواوی "محەمەد بــن عەبدوڵڵا"یەو لەنەوەی پێغەمبەری ئیســلامە درودی خوای لێبێــت. بەوەش جوهەیمان وای لەمحەمــەد گەیاند کە ئــەو محەمەدی مەهدییە. لەبەرئــەوەی ناوی محەمەدەو باوکیشی ناوی عەبدوڵڵایە، لەوەدەچێت جوهەیمان بــاوەڕی بەوە نەبووبێت کە محەمەدی هاوەڵی، محەمەدی مەهدییە، بــەڵام بۆمەرامێکی سیاســیی ئەوەی بەکارهێنابێــت. لەبەرئەوە بەئەندامانی رەوتەکەی گەیاند کــە ئەم، محەمەدی مەهدییەو لەنەوەی پێغەمبەرە.

رەوتەکەی جوهەیمان لەبیســت کەسی باوەڕپێکراوی خۆی پێکهاتبوو، بەڵام شوێنکەوتەی زۆری هەبوو کە باوەڕیان بەمحەمــەد ئەلقەحتانــی کردبوو کە محەمەدی مەهدییەو شــوێن وتەکانی دەکەوتن.

### چۆنیەتی رووداوەکە

رەوتە پەڕگیرەکە پلان دادەنێن کە هاتنی محەمەدی مەهدیی ئاشکرا بکەن، باشترین کاتیــش، وەرزی حەجــە، لەبەرئەوەی لەسەرانســەری جیهانی ئیسلامییەوە مســوڵمانان روودەکەنــە مەککەو حەج دەکەن، بەڵام دواتــر گرووپەکە، بڕیار دەدەن ئاشکراکردنو ئیعلانی مەهدی، دوابخەن بۆ ١٩٧٩/١١/٢٠، واتە نزیکەی بیست رۆژێک دوای حەج. بیستی مانگی یازدە، دەیکردە سەرەتای ساڵی کۆچی.

ســەرەتای کار، لەوەوە دەستپێکرد کە گرووپەکــە، دوو ژووریــان لەنهۆمی خوارەوەی مزگەوتــی کەعبەی پیرۆز بەکرێگــرت. ئەم نهۆمە لــە٢٥٠ژوور پێکهاتــووەو بۆئەنجامدانــی نوێــژو خواپەرســتیی تایبــەت "ئیعتیکاف" بەکاردەهێنرێــت. دواتــر گروپەکــە، دەســتیانکرد بەبردنەژوورەوەی چەکو تەقەمەنــی بــۆ دوو ژوورەکــە، لەناو چەکەکانــدا چەکی کلاشــینکۆفو ئاربیجیو ٢٢ چەکی نوێو ٣٨ دەمانچەو هەندێک چەکی کۆن هەبوو کە پیاوانی عەشیرەتەکان بەکاریاندەهێنا. هەموویان بردنو لەو دوو ژوورەدا قایمیان کرد بۆ رۆژی خۆی.

هەندێک لەکارمەندانی مزگەوتی کەعبەی پیــرۆز، یارمەتی ئەم گروپەیان دەدا بۆ بردنەژوورەوەی چەکەکانو شاردنەوەیان. بەپێی وتەی دەسەڵاتدارانی سعودیە، ئەو چەکوتەقەمەنیو کەلوپەلانەی بردبوویانە ژوورەوە، بەشــی ئەوەی دەکرد بۆماوەی ســێ مانگ بەرگریی بکەن، ئەمە جگە لەوەی لەچەند ناوچەیەکی نزیک کەعبەی پیرۆزیش چەکی تریان شاردبوویەوە.

### ئاشکراکردنی مەهدی

گروپەکەی جوهەیمــان، کە بریتیبوون لە ٢٤٥کەس، لەکاتــی نوێژی بەیانیدا پەلاماری کەعبەی پیرۆزیان دا.


کات، بانگی بەیانییە، نزیکەی سێ هەزار کەس ئامادەی نوێژی بەیانیین. پێشنوێژی کەعبەی پیرۆز رکاتی یەکەمی خوێند، لەڕکاتــی دووەمدا ســورەتی فاتیحەی تەواوکرد، لەدوای تەوابوونی ســورەتی پاش فاتیحە، کە نیشانەی دەستپێکردنی هێــرش بــوو، لایەنگرانــی محەمەدی مەهدیی دەرگاکانی کەعبەیان داخست (دەرگاکانــی مزگەوتــی کەعبە، ٩٩ دەرگایە). ئەمان ٢٤٥ کەس، پۆلیسەکانی مزگەوتیش تەنها بیست کەس بوون.

لەگەڵ داخستنی دەرگاکانی مزگەوتدا، جوهەیمــان لەبڵندگۆکانــی مزگەوتی کەعبەوە، بانگــەوازی هاتنی محەمەدی مەهدیــی راگەیانــد، ســەرەتا داوای لەلایەنگرانی کرد شوێنە هەستیارەکانی مزگەوت بگرن، بەتایبەتــی منارەکان. داوایشــی لەنوێژخوێنان کــرد ددان بنێن بەمحەمەدی مەهدییەکەی ئەودا کە نــاوی محەمەد بن عەبدوڵڵا ئەلقەحتانی بوو. کاتێکیش یەکێک لەپۆلیســەکان ویستی رێی لێبگرێت، جوهەیمان تەقەی لێکردو کوشتی. لەسەرەتای هێرشەکەدا، ژمارەیەک لەنوێژخوێنان توانیان هەڵبێنو لەدەرگاکانەوە بچنە دەرەوە، بەڵام ئەوانیتر لەنــاو حەوشــەی مزگەوتــی کەعبەدا دەستبەســەرکرانو دەرگاکانیان لەسەر داخرا.

گروپەکەی جوهەیمان کە بەشــدارییان لەرووداوەکەی مەککەدا کرد، بریتیبوون لە٢٤٥کەس کە زۆرینەیان خوێندکاری ســعودییو هۆزە عەرەبەکانی ئەو وڵاتە بوون، لەگەڵ پەنجا کەسی غەیرە سعودی، لەناویشیاندا کۆمەڵێکی بچووکی گروپی "تەکفیرو هیجرە"ی سعودیی تێدابوو کە لەبرایانی مسوڵمان جیابووبوونەوە.

### پەلاماردانی کەعبە

ئەوکات مەلیک خالید، پادشای سعودییە بوو، هەردوو شــازادە فەهدو شــازادە عەبدوڵڵا (کەدواتر یــەک لەدوای یەک بوونە شای سعودییە)، لەدەرەوەی وڵات بوون. لەبەرئەوە کاردانەوەی ئاسایشــی ســعودیی خێرا نەبــوو، رووداوەکەش هێنــدە گەورەو نهێنی بــوو کە جێی سەرسامیی بوو. پاشــانیش رووداوەکە، لەنــاو مزگەوتی کەعبەدا بوو کە چاوی مسوڵمانانی جیهانی لەسەرە بۆ پاراستنی. هێزەکانی ئاسایشــی ســعودیی، رای زانایانیان لەوبارەوە وەرگرت، ئاگاداری "جوهەیمانو بەناو محەمەدی مەهدیی"و گروپەکەیان کران کە ئەگەر خۆیان بدەن بەدەســتەوە، ئەوا بەپێی شەرع مامەڵەیان لەگەڵــدا دەکرێــت، ئەگەریش خۆیان بەدەستەوە نەدەن ئەوا پەلاماریان دەدرێت. بەڵگــەی شــەرعیی پەلاماردانیان لەو ئایەتەوە وەرگیرابوو کە فەرمان بەســەر پێغەمبەری ئیســلامدا دەدات کە نابێت لەکەعبەی پیرۆزدا جەنگ بکەیت، تەنها مەگەر بەرانبەرەکەت ناچارت بکات.



ئەوانەی پەلاماری کەعبەیان دا پەروەردەی زانکۆکان بوون

### یەکەم پەلامار

کە گروپەکەی محەمەدی مەهدی گوێیان بۆ راســپاردەی زانایان نەگرت، ئەنجا نۆرەی هێزی سەربازیی هات. یەکەمجار هێزەکانی گاردی نیشتمانی بەهاوکاریی یەکەکانی پۆلیسو هێزە تایبەتەکان "قوات خاصە" پەلاماری کەعبەی پیرۆزیان دا. لەگەڵ خۆشــیاندا هێزێکی زرێپۆشیان هێنا بــۆ کردنــەوەی دەرگاکان، بەڵام هێزەکە، رووبەڕووی هێرشێکی توندی گروپەکەی مەهدیی بوونەوە. لەبەرئەوەش کە دەوروبەری مزگــەوت، گۆڕەپانێکی کراوە بوو، هێزە ســعودییەکە زیانێکی گیانی گەورەی لێکــەوت. ئەوەبوو تەنیا گاردی نیشتمانیی ١٣٠کەسیان لێکوژراو ٥٠٠بریندار لێکەوتەوە. بەهۆی ئەوەشەوە کە دەسەڵاتدارانی سعودییە کارەکەیان زۆر بەنهێنی هێشتەوە، زیانی هێزەکانی دیکەی بەشدار نەزانران.

### پلانێکی نوێو پەلاماری دووەم

کێشەکە لەوە گەورەتر بوو کە بەهێزێکی گاردی نیشتمانی یان پۆلیس چارەسەر بکرێــت، پاشــانیش شکســتهێنانی هێزەکانی سعودییە لەپاراستنی قیبلەی مسوڵمانان، هێندەی دیکە پایەی وڵاتەکەی لای وڵاتانی مســوڵمان دەهێنایە خوار. لەبەرئەوە بۆ جاری دووەم نەخشــەیەکی پتەوو بەهێز بەســەرۆکایەتی شــازادە تورکی فەیســەڵ، ســەرۆکی دەزگای موخابەراتی ســعودییە دانراو خۆیشی لەنزیکەوە سەرپەرشتی دەکرد.

بەپێی پلانەکە، سەرەتا هێزێکی قەنناص، لەهێزە تایبەتەکان، لەچەندین شــوێنی نزیک لەمزگەوتی کەعبــە دانران، کە یەکە یەکەو دوو دوو چەکدارەکانی ناو مزگەوتیان کردە ئامانجو کوشــتنیان، بەتایبەتی ئەو چەکدارانەی کە لەســەر منارەکان بوون.

دوای ئەوە قۆناغی دووەم دەســتیپێکرد. هێزێکــی گاردی کۆماریــیو هێزی تایبەت بەشدارییان تێداکرد. ئەم هێزانە، توانیــان پەیژەی بــەرز بەکاربهێننو بچنە ســەربانەکانی مزگــەوتو لەوێوە چوونەخــوارەوە بــۆ نــاو مزگەوت. لێــرەوە قۆناغی پاککردنــەوەی کەعبە لەچەکدارەکانی مەهدیی دەستپێکرد، بەڵام ئــەم هێزەی کە چوونــە ناوەوە، تووشــی رووبەڕووبوونەوەیەکــی توند بوونەوە، چەکــدارەکان "ئاربیجی"یان پێوەنــانو بەرەنگارییەکی توند روویدا. لەولاشــەوە بەبڵندگــۆ داوای خــۆ بەدەســتەوادانیان لێدەکــرا. لە٢٣ تا ٢٥ی تشــرینی دووەم، هێرشەکان زۆر چڕبوونەوە، بەتایبەتی کە هێرشــەکان رووەو ژوورە پڕچــەکو تەقەمەنییەکان دەرۆیشت، لە٢٦و ٢٧ی مانگدا بەتەواویی ژوورەکان کۆنترۆڵکــران، بەڵام بەهۆی گەورەیی مزگەوتــی کەعبەی پیرۆزەوە، هێشتا چەندین خاڵی بەرگریی مابوون تــا چــواری مانگی کانوونــی یەکەم، (١٩٧٩/١٢/٤)دا بەتەواویــی مزگەوتی کەعبە لەچەکدارەکان پــاک کرایەوەو ئەوەی کوژرا، کــوژراو ئەوەی دیکەش دەستگیرکرا.

### چارەنووسی محەمەدی مەهدی

لەدوای کۆتاییهاتنی پرۆسە سەربازییەکە، دەستگیرکردنی ١٠٢چەکدار راگەیەنرا، لەناویاندا جوهەیمان سەرۆکی گروپەکە، بەڵام بەناو محەمــەدی مەهدیی بەهۆی برینداربوونیەوە، گیانی لەدەستدا.

لە١٩٨٠/١/٩دا دەسەڵاتدارانی سعودیە، پاش دادگاییکردنیان لەبەردەم دادوەرانی شــەرعییدا، ٦٣کەســیان لەچەکدارە دەستگیرکراوەکان لەسێدارەدا. ١٩کەسی دیکەشــیان بەزیندانیــی ماوەدرێــژ حوکمدرانو ٣٨یشــیان کە لەناویاندا کۆمەڵێک ئافرەت هەبوون، ئازادکران.

### راپۆرتی باڵیۆزخانەی بەریتانی لەبارەی رووداوەکەوە

کــۆی ئــەم گێڕانەوەیــە، لەڕێی ئەو بەڵگانامەنەوە بوو کە لەلایەن باڵیۆزخانەی بەریتانیــاو کونســوڵخانەکەیانەوە لەجــەددە، رەوانەی لەنــدەن کراون. بەپێــی ئەو بەڵگەنامانــە، ٢٥٠چەکدار بەشــدارییان لەداگیرکردنی حەرەمی کەعبــەدا کــردووە، ٧٥یــان لەناو مزگەوتەکــەداو لەکاتــی پەلامــاری هێزەکانی سعودییەدا کوژراون. ١٧٠ی دیکەشیان لێدەستگیرکراوە. لەهێزەکانی ســعودییەش، ٦٠کــەس لەهێزەکانی ئاســایش کوژراون، ٢٠٠کەسیشــیان لێبریندار بووە.

ژمارەیــەک هاوڵاتییــش بەهەڵە لەناو مزگەوتی کەعبەو دەرەوەیدا بەرکەوتوونو کوژراون. هەروەها لەکاتی رووداوەکەدا، شــاری مەککــە لەشــارەکانی دیکە دابڕکراوەو گەورە بەرپرسان بەکۆپتەر لەجــەددەوە براون بــۆ مەککەو کاری تەواویش کراوە بۆ ئەوەی رووداوەکە تا ئەوپەڕی بەنهێنی بمێنێتەوە.

---

## چیم بینی ١

**چەند دیمەنێک، کە لەمیانی گەشتێکدا بۆ وڵاتی تورکیا سەرنجیان راکێشام**

# جگەرە کێشان قەدەغەیە...!!

چۆلی ئەسعەد

لەهەموو شوێنە گشتییەکان جگەرەکێشان قەدەغەیە، لەناو پاس، شەمەندەفەر، ئوتێل بەهۆڵەکەشیەوە، چێشتخانە، چایخانەو قاوەخانەکان، کارگەکان، دوکانە بچوکەکان، فرۆکەخانەکان، ئاودەستو تەوالێتەکان، گەرماوو قوتابخانەکان، هەتا لەکاتی جگەرەکێشانیشدا جگەرەکێشان قەدەغەیە. سەیرە وەکو لای خۆمان وایە، کەسم نەبینی بەدوای بیانوێکدا بگەڕێت تا لەشوێنی کارەکەی یان لەهەر شوێنێک کە جگەرەکێشان تیایدا قەدەغەیە، جگەرەیەک دابگیرسێنێ.

کەسم نەبینی لەبیری بچێت کە جگەرەکێشان قەدەغەیە، لەهەرکوێیەک کاربکەیتو بمێنیتەوە، پێویستە بچیتە کۆڵان جگەرە بکێشیت، بەرپرسەکان، کارمەندەکان، بەڕێوەبەرەکان، لەهەر پلەیەکدابن دەبێت لەدەرەوەی شوێنە گشتیەکان جگەرە بکێشن.

لەگەڵ ئەوەشدا، پێویستت بەسەرنجێکی زۆر هەیە بۆئەوەی قنکە جگەرەیەک لەسەر شەقامو شۆستەکاندا ببینیتەوە، بۆ لەسەر شەقامەکان فڕێی نادە؟ سەیرە ئەوان وەکو جگەرەکێشەکانی ئێمە ناکەن!!

لەهەندێک شوێنیشدا، نوسراوێک هەڵواسراوە "سزای جگەرەکێشان ٦٩لیرەی تورکییە"، هەستمکرد ئەم نەریتەی جگەرەکێشان بەشێکە لەکولتورێک کە هەموو کەسێک فێری بووەو لەسەری راهاتووەو رێزی لێدەگرێت.

رێزگرتن بێت یان سزادان، دیاردەیەکی جوانە، شایەنی هەڵوەستە لەسەرکردنە، ئەوەی رووی بکەوێتە تورکیا هەستی پێدەکات.

بەپێچەوانەی ئەوێ، زۆرینەی جگەرەکێشەکانی ئێمە لەپیاوانن، ژنان کەمتر جگەرە دەکێشن، لەناو ژنانیشدا، کچان کەمتر، بەڵام لەوێ ئەوەندەی کچو ژنی جگەرەکێشم بینی پیاوم نەبینی، هەرچی دەیبینی جگەرەیەکی بەدەستەوەیەو لەبەردەرگای شوێنێکدا وەستاوە، بەشێوەیەکی گشتیش جگەرەکێشان لەگەڵ ئەو هەموو قەدەغەکردنە، بەڵام هەر بازاڕی زۆر گەرمی هەیە، لەکاتێکدا لای خۆمان بەقەد نیوەی ئەوە هەواداری نییە.

کارمەندەکانی ناو فڕۆکەی ئەستەنبۆڵ ـ سلێمانی هەواڵی گەنجێکی لای خۆمانیان پرسی، کە پاسپۆرتەکەی کێشەی هەیەو پێویست دەکات کە دابەزین سەردانی لایەنە پەیوەندیدارەکان بکات، بەڵام لەدابەزیندا، پرسیار لەگەنجەکە کرا، وتی: بەکارمەندەکەم وت دەچم جگەرەیەک دادەگیرسێنم، قسەی نەکرد، کەچی دوایی کێشەی بۆ درووستکردم.




ڕێنمایی قەدەغەکردنی جگەرە لەسەر زەوی

د.بەهرە عەلی پسپۆڕی نەخۆشییەکانی جومگەو ڕۆماتیزم:

# قەڵەوی‌و زیادبوونی کێش دەبێتە هۆی سەوەفانی ئەژنۆکان

زیادبوونی کێش دەبێتە هۆی نەخۆشی سەوەفان کە نەخۆشەکە هەموو قورسایی جەستە دەکەوێتە سەر ئەژنۆو دەبێتە هۆی نەمانی چەوری لەئەژنۆکاندا.

سازدانی: ساوێن عەبدوڵا

د.بەهرە عەلی پزیشکی پسپۆڕی نەخۆشییەکانی جومگەو ڕۆماتیزم لەسەنتەری چارەسەری سروشتی، لەمیانی دیمانەیەکی تایبەت لەگەڵ نم نم باس لەنەخۆشی سەوەفان‌و هۆکارەکانی توشبوون‌و ڕێگەکانی چارەسەرکردنی دەخاتەڕوو.



د.بەهرە عەلی

**ساوێن: نەخۆشی سەوەفان چییە؟**

**د.بەهرە:** نەخوشی سەوەفان یەکێکە لەنەخوشییەکانی جومگەو بەهۆیەوە جومگەکە دەئاوسێت‌و بریندار دەبێت، ئێسکەکانی جومگەکە ئەستور دەبن‌و دووچاری ئازار دەبن‌و بەهۆیەوە جوڵەی جومگەکە گران دەبێت.

**ساوێن: هۆکارەکانی توشبوون بەو نەخۆشییە چییە؟**

**د.بەهرە:** هۆکارەکان زۆرن، بەڵام زیاتر پەیوەندی بەتەمەنەوە هەیە، ئەوانەی تەمەنیان زۆربێ کاری زۆریان کردبێت ئەژنۆی دەسوێت‌و ئەو لینجییەی ناو ئەزنۆی نامێنێت، دیارترین هۆکارەکانی سەوەفان زۆرتر بۆئەم هۆکارانە دەگەڕێتەوە:

۱. هۆکاری بۆماوەیی کە بریتییە لەنەمانی لینجی کە کار لەکۆلاجینی ناو کڕکڕاگەی جومگە دەکات.

۲. تەمەن، پیریی، قەڵەوی‌و زیادبوونی کێش.

۳. هۆکاری هۆڕمونی کە زیاتر لەنێو گەنجاندا بڵاوە.

**ساوێن: نیشانە دیارەکانی سەوەفان چییە؟**

**د.بەهرە:**

۱.ئازاری جومگەی توشبوو.

۲. ڕەقبونی جومگەکان بۆ ماوەیەکی کەم.

۳. هەندێجار ئاوسانی جومگەو دەرچوونی.

**ساوێن: کێن ئەوانەی زۆر توشدەبن‌و لەچ تەمەنێکدا زیاتر ئەگەری توشبوونی هەیە؟**

**د.بەهرە:** هەموو کەسێک ئەگەری توشبوونی هەیە، بەڵام ئەگەر مرۆڤەکە کێشی زیادبێت هەموو قورسایی جەستەی لەسەر ئەژنۆیەتی، تا تەمەن بەرەو پیرتر بڕوات ئەگەری توشبوونی زیاتری دەبێت‌و بەشێوەیەکی گشتی نەخۆشییەکە لەنێو ئافرەتاندا زیاترە.

تائێستا ئامارێک نییە ڕێژەی توشبووان بەدیاریکراوی دەربخات‌و بزانرێت چەندە، بەڵام چارەسەری سەوەفان لەکوردستاندا هەیە جگەلە کڕکڕاگە چاندن کە ڕێگەیەکی تازەیەو ئێستا لەوڵاتەپێشکەوتوەکاندابەکاردەهێنرێت.

**ساوێن: چارەسەری سەوەفان چییە؟**

**د.بەهرە:** چارەسەری بنەڕەتی نییە بۆ نەخوشییەکە، بەڵام دەتوانرێت:

۱. ئازاری نەخۆشەکە کەم بکرێت بەپێدانی ئازار شکێن.

۲.کەمکردنەوەی ڕەقبونی جومگە لەڕێگای چارەسەری لۆکاڵی.

۳. دەتوانرێت لەڕێگای وەرزشەوە ماسولکەکان بەهێز بکرێت.

٤. دواین چارەسەر بۆ جومگەی توشبوو، نەشتەرگەری‌و گۆڕینی جومگەیە.

# سەرهەڵدانی خەمۆکی‌و ڕێگاکانی چارەسەرکردنی

سێوە کارزان

ڕاپۆرتەکانی پەیوەندیدار بەتەندروستی دەروونی دەریدەخەن کە نەخۆشی خەمۆکی لەناو سەرجەم چین‌و توێژەکانی کۆمەڵگادا بەربڵاوە، هەروەک چۆن کۆمەڵێک هۆکار کار لەسەرهەڵدانی نەخۆشییەکە لەمرۆڤدا دەکەن، لەهەمانکاتیشدا پسپۆڕانی بواری تەندروستی دەروونی چەندین ڕێگاچارەیشیان بۆ داناوە.

بەپێی ئامارەکانی ڕێکخراوی سایکۆلۆژیای جیهانی، توشبوونی خەمۆکی لەناو ئافرەتاندا شەش هێندەی پیاوانە، زۆربەی ژنانیش بەدرێژایی تەمەنیان یاخود لەچەندین کاتی تەمەنی خۆیاندا دووچاری خەمۆکی دەبن‌و پێوەی دەناڵێنن. لێکۆڵینەوەکانی دامەزراوەی میللی تەندروستی بەریتانیا، کۆمەڵێک هۆکاری فرەچەشنی خستۆتەڕوو کە ئەگەرو مەترسییەکانی توشبوون بەخەمۆکی لەناو ژناندا زیاد دەکات‌و ئەم هۆکارانەش تایبەتن بەژنان کە بریتین لەهۆکاری بۆماوەیی، بایۆلۆجی، دەروونی، تایبەتمەندێتی کەسێتی‌و ئەو ژینگەیەی مرۆڤەکەی تێدا دەژی.

بەپێی لێکۆڵینەوەکانی ئەو دامەزراوەیە، ئەو هۆکارانەی دەبنە مایەی خەمۆکی لەناو ژنان‌و پیاواندا کۆمەڵە مەسەلەیەکن‌و لێکۆڵینەوەکانیش دەریدەخەن کە لەدەستدانی دایک‌و باوک لەتەمەنی منداڵیدا دەبێتە هۆی توشبوونی ژنان بەخەمۆکی، هەروەها ڕووداوی بەدڕەفتاری‌و یاخود سودوەرگرتنی نیگەتیڤانەی سێکسی لە قۆناغی منداڵیدا، بوونی خەمۆکی پێشتر لەناو خێزانداو زۆر هۆکاری تریش کاریگەری زۆری لەسەر تێکچوونە دەروونی‌و ڕۆحییەکان هەیەو ئەمانە دەبنە هۆی توشبوون بەخەمۆکی. ئەو هۆکارانەی کاریگەرییەکی زۆریان لەتوشبوونی ژنان بەخەمۆکی هەیە بریتین لە: سودوەرگرتن لەڕێگاکانی چارەسەرکردنی نەزۆکی، گوشارە کۆمەڵایەتی‌و دەروونییە بەردەوامەکانی وەک بێکاری یان لەدەستدانی کار، ترس لەپەیوەندییە خۆشەویستییەکان، جیابوونەوە یان تەڵاق‌و لاوازی سیستمی پاراستنی کۆمەڵایەتی یان ئەو هەڕەشانەی کە لەلایەن ئەم هۆکارانەوە دێنەئارا. نەبوونی پشتیوانییەکی دەوڵەتیش بۆدروستکردنی چەند کلینکییەکی ڕاوێژکاریی دەروونی‌و تەندروستی لەناو دانیشتواندا، هۆکارێکی تری ئەم نەخۆشییەیە.

ئەگەر بەراوردێکی تەندروستیانە بۆڕێژەی توشبوون بەخەمۆکی لەناو پیاوان‌و ژناندا بکەین ئەوا دەگەینە ئەو دەرەنجامەی خەمۆکی لەناو ژناندا بەبەراورد لەگەڵ پیاواندا لەتەمەنێکی کەمتردا دروست دەبێت‌و تاماوەیەکی درێژیش بەردەوام دەبێت، ئەگەری سەرهەڵدانەوەشی لەژناندا زیاترەو پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەگۆڕانکارییە ژینگەیی‌و تەندروستیەکانی ترەوە هەیەو دەبنە هۆکاری سەرەکی.

لەگەڵ ئەوەشدا دروستبوونی هەستێک لەمرۆڤدا کە پێیوابێت گوناهبارە یان کەمتەرخەم بووە لەرۆژگارەکانی ژیانیدا، لەگەڵ ئەوەشدا ژنانی توشبوو بەخەمۆکی ڕێژەکەی لەپیاوان زیاترە، تەنانەت ڕێژەی خۆکوشتن لەناو ژناندا لەپیاوان زیاترە، هەرچەندە ژنان لەمڕووەوە بەبەراورد لەگەڵ پیاواندا، کەمتر جورئەتی خۆکوشتنیان هەبووە، هاوکات هۆکارێکی تری توشبوون بەخەمۆکی، بریتییە لەئاڵودەبوون بەخواردنی ئەلکهول‌و ماددە بێهۆشکەرەکانی تر.

هەموو ئەوانەی توشی خەمۆکی بوون، دەتوانن بەئەنجامدانی چالاکی‌و وەرزشی بەرنامە بۆدارێژراو، خۆسەرقاڵکردن بە کارە سودبەخشەکان، دوور کەوتنەوە لەخواردنەوەی ماددە کهولی‌و بێهۆشکەرەکان، خۆدوورخستنەوە لەتەنهایی، خواردنی باش، گەشت‌و گەڕان‌و بایەخدان بەکارە ئامانجدارەکان بەسەر خەمۆکیدا زاڵ بن، ئەگەر ئەمانەش کاریگەریی نەبوو ئەوا بەزووترین کات سەردانی پزیشکی تایبەت بکە.

تەکادن

# سایکۆلۆژیای ژنی ئەنفال

کەژاڵ ئیسماعیل لە هۆڵەندا

ژنی کورد بە درێژایی مێژوو هەڵگری غەم و نەهامەتییەکانی ڕۆژگار بووە و ئێستاشی لەسەربێت، جا چ بەدەستی مرۆڤ و ئەو کارەساتە تراجیدییە یەک لەدوای یەکانەی ڕووبەڕوی کۆمەڵگەی کوردەواری هاتوون، نموونەی ئەو کارەساتانەش زۆرن و تاوەکو ئێستا دوای ڕۆیشتنی زەمەنێک بەسەریاندا نەیتوانیوە لەزاکیرەی کۆمەڵگە بیانسڕێتەوە، لەهەموویان کاریگەرتر کارەساتی ئەنفال و سڕینەوەی ناسنامەی بەشێک لەنەتەوەی کوردە.

شاڵاوی ئەنفال بووە هۆی تێکدانی گەلێک لایەنی کۆمەڵگەی کوردەواری و ئامانجی ترازاندنی کۆمەڵگە و یەکێتی نەتەوایەتی بوو، ئەوەی مایەی نیگەرانییە دوای تێپەڕینی ۲۲ساڵ بەسەر ئەو پرۆسە بەدناوەدا تاوەکو ئێستا تاکی کورد لەنێو کۆمەڵگەی دوای ئەنفال لەبارودۆخێکی ناشایستەو وێراندا ژیان بەسەر ئەبەن بەتایبەت ژنان کە بەشی هەرەزۆری نەهامەتییەکە کەوتۆتە سەرشانی ئەوان و پێویستە پەستان لەناخی خۆیان بکەن بۆئەوەی توانای بەرەنگاریکردنی ئەو ژیانەیان هەبێت.

لەڕاستیدا خودی زاراوەی ئەنفال و لکاندنی بەبەشێکی گەورە لەکۆمەڵگەی کوردەواری خۆی لەخۆیدا مایەی تێکدان و ڕووخاندنی ناوەوەی تاکی کوردە بەگشتی و ژن بەتایبەت، گەرچی تاوەکو ئێستا بە ناوی ئەنفال ناسراون کە ئەمە هەڵەیەکی زمانەوانی گەورەیە و پێویستی بە پێداچوونەوە و خوێندنەوەیەکی سۆسیۆلۆژی هەیە، ئاخر ژیان لەنێو گێژاوی چاوەڕوانییەکی بێکۆتاو بێهیوا هۆکارێکی گرنگە بۆ تێکدانی ئینسان چ جا چاوەڕوانی دەهرێک، چاوەڕوانی گەڕانەوەی کەسانێک پێش ۲۲ساڵ بوونە قوربانی سیاسەتێکی دیکتاتۆرانەو هەڵوەشاندنەوەو لێکترازاندنی سەدان هەزار خێزان.

کاریگەری شاڵاوی ئەنفال دوای ئەو هەموو ساڵە بەتەنها نیگایەک لەنێو چاوی ژنێکدا شرۆڤەی تەواوە و وەڵامدانەوەی پرسگەلێکە لای هەمووان گەلاڵە بووە، هەڵبەت چەمک و مانای ئەنفال بە گشت ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکانیەوە کۆمەڵێک گرێی ئابووری و کۆمەڵایەتی و دەروونی لەسەر کۆمەڵگەی دوای ئەنفال جێهێشتووە کە ژن هەڵگری غەم و ئازارەکانێتی.

ژنانی نێو کۆمەڵگەی دوای ئەنفال وەک تاکێکی ئاسایی ناژین و جگەلە زوڵمی سیاسەت وئینسانییەت و مێژوو، کۆمەڵگەش زوڵمێکی گەورەی لێکردوون و هەمیشە بەچاوی ژنانێک کە هەڵگری کۆمەڵێک یادگاری جوان و ترسناکن لێیان ئەڕوانێت کە لەواقیعدا دەروونیانی هەپرون بەهەپرون کردووە و زیاتر پەنجە ئەنێتە سەر برینەکانیان، نەبوونی هەماهەنگی و نەچوون بەدەم ئازارو ئەندێشەکانیان و نەبوونی نیوەندە کۆمەڵایەتییەکان بۆشکاندنی ئەو دیوارەی ژنی ئەنفالی خستۆتە ئەودیو هێڵی سووری ژیانەوە، ئەو ترسەی شاڵاوی ئەنفال لەنێو ناخی هەر تاکێکی دوای ئەنفال جێی هێشتووە هۆکارە بۆ ڕووخاندن و توشبوون بە کۆمەڵێک نەخۆشی دەروونی و خەمۆکی درێژخایەن کە بەشێکی سیاسەتی دەسەڵات بەرپرسیارە لەمانەوەو درێژەپێدانی، بەتایبەت دوای ئەوەی ژنانی دوای ئەنفال شێوازی ژیان و شوێنی نیشتەجێ و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان بەگشت پرنسیپ و دابونەریت و کولتوری خودی ناوچەکە لەدەستدا و ژیانیان سەرتاسەر گۆڕا ئەمە کاریسەیەکی دیکەیە بۆ ڕوخاندن و تێکشکاندنی کەسایەتی ژنانی دوای ئەنفال، تەنانەت شوکردنەوەو هاوسەرگیری لەنێو ئەو ژنانەدا بەحوکمی خێڵەکی و کولتوری نێو کۆمەڵگە هێڵێکی سووری دیکەیە کە ژنانی دوای ئەنفالی ناوەتە نێو بازنەی تەنهایی و بیرکردنەوە.

ئاخۆ غەمی ژنانی دوای ئەنفال و کچانی دوای ئەنفال بەکوێ دەگات؟ زەمەن یان مرۆڤەکان کەفیلن بەسارێژکردنی ئەو هەموو زامە؟

# چۆن دەتوانی بەباشترین شێوە کێشی لەشتان کەم بکەنەوە؟

کاردۆ محەمەد

بەدڵنیاییەوە تائێستا سەرنجت لەوە داوە کە هیچ ڕێگایەکی موعجیزەئاسا بۆ کەمکردنەوەی کێش بوونی نییە، تەنها ڕێگا بۆ سوتاندنی چەورییە زیادەکان، گۆڕینی دابی نانخواردن‌و پەیڕەویکردنە لەبەرنامەیەکی تەندروست‌و خۆدوورخستنەوەیە لەخواردنی چەوری، شیرەمەنی، ماددە نیشاستەدارەکان‌و خۆراکە بێسودەکان.

لێرەدا بۆپەیڕەویکردنی بەرنامەی خۆراکی تەندروست بۆڕاگرتنی کێشی لەش یاخود کەمکردنەوەی، بەرنامەیەکی نانخواردنمان خستۆتەڕوو:

**نانخواردنی بەیانیان**

ڕەنگە هەزاران جار ئەم ڕستەیەت بیستبێت کە (نانی بەیانی گرنگترین ژەمە خۆراکی ڕۆژانەیە)، بەپێی لێکۆڵینەوە پزیشکییەکان نانی بەیانیان کلیلی سەرەکییە بۆ کۆنتڕۆڵکردنی کێش لەماوەیەکی درێژخایەندا.

لێکۆڵینەوەیەکی تر ئاشکرای کردووە کە ئەو کەسانەی نانی بەیانیان ناخۆن بەبەراورد لەگەڵ ئەو کەسانەی کە بەیانیان ژەمە خۆراکێکی تەندروست دەخۆن، کێشێکی زیاتریان هەیە.

نانخواردن لەکاژێرە بەراییەکانی لەخەو هەستاندا، دەبێتە مایەی ڕێکخستنی شەکری خوێن‌و ئەندازەی هۆرمۆنەکان‌و وزەی پێویست بۆ چالاکییە ڕۆژانەییەکانی جەستە دابین دەکات‌و ئەمەش دەبێتەمایەی ئەوەی کە مرۆڤ خۆی لەزۆرخۆری بپارێزێت.

هەروەها خواردنی ژەمی بەیانیان دەبێتە مایەی دەستپێکی مۆتابۆلیزمی جەستەو سوتاندنی زیاتری وزە بەدرێژایی ئەو ڕۆژە.

لەگەڵ ئەمەشدا دەبێ هەڵبژاردنی ژەمە خواردنی بەیانیاندا وردەکار بیت، لەبەرئەوەی زۆرینەی ژەمە خواردنی بەیانیان لەماددە کاربۆهیدراتییەکان (ماددەی شەکرو نیشاستەدار)ی سادەی وەک نانی سپی، دانەوێڵەو شیرینی پێکهاتووە. ئەم ماددانە لەبەرئەوەی زۆر بەئاسانی هەرس دەبن، دەبێتەمایەی زیادبوونی خێرای شەکری خوێن‌و کاتێک کە شەکری خوێن گەڕایەوە بۆ بڕە سەرەتاکەی، هەستی برسێتی لەکەسەکەدا نوێ دەبێتەوە، هەوڵ بدە خۆراک‌و ماددە کاربۆهیدراتی‌و پرۆتینداره‌کان بەکاربهێنیت، هەربۆیە پێشنیاز دەکرێ:

۱. دوو نانی جۆ، کەوچکێک مرەبای سێو یان بادام‌و سێوێکی مامناوەند.

۲. نیو فنجان چا یاخود فنجانێک شیری کەم چەور.

۳. کەمێ پەنیرو کەوچکێک مرەبای شلیلک

٤. خۆم لە چ خواردنێک بپارێزم؟

خۆت لەمانە بپارێزە: نان شیرینی‌و شەکرلەمە، شیرینی بەڕۆنەکەرەوە، نانە شەکردارەکان.

**نانخواردنی نیوەڕوان**

نانخواردنی نیوەڕۆیان بەنزیکەیی بەئەندازەی ژەمە خواردنی بەیانیان گرنگەو دەبێتە مایەی ڕێگەگرتن لەهەستی برسێتی‌و زۆرخۆریی لەماوەی ڕۆژەکەدا، هەوڵیش بدە لەبری نانخواردن لەدەرەوە پتر لەماڵەوە نان بخۆیت. هەقیقەتەکەش لەمەدایە کە هەتا خۆت خواردنەکە ئامادە نەکەیت ئاگاداری ئەوەش نابیت کە لەساتی خواردنی چ بڕە خواردنێکتدایت. ئەگەر ناچاربوویت لەدەرەوە نان بخۆیت، هەوڵ بدە خواردنی سورەکراو وەربگریت.

باشترین خۆراک لەژەمە خواردنی نیوەڕۆیاندا، نیو فنجان ئاوی گێزەر، میوەو قاپێک ماستی کەم چەوریە.

بەشێوەیەکی گشتی خۆت لە خواردنی شیرینەمەنی‌و چەور دووربخەرەوە، هەربۆیە پێشنیاز بۆ نانخواردنی تەندروست دەکرێ:

۱. هەمبەرگر یان پەنیر بەبێ نان، پەرداخێک شەربەتی شلیلک، ئاوی خواردنەوە.

۲. گۆشتاوی گۆشتی گوێرەکە یان مریشک، پەنیرو هێلکە لەگەڵ سرکە، ڕۆنی زەیتون، فلافل، خوێ، ئاوی خواردنەوە یان چای گیایی.

۳. فلافل، کەمێ سەوزەی پاک، کەمێ شەربەت.

**نانخواردنی ئێوارە**

لەبەرئەوەی دوای نانخواردنی ئێوارە، جەستەی مرۆڤ چالاکییەکی زۆر ناکات، دەبێ خۆمان بەخواردنی زۆر بپارێزین‌و پتر مادده پرۆتیندارەکان، سەوزەو هەندێ خۆراکی سادە بخۆین، هەوڵ بدە پتر میوەو ماسی کەم چەور وەک خۆراکی لاوەکی لەئێواراندا بخۆیت، هەربۆیە پێشنیاز دەکرێ کە بۆ نانخواردنی تەندروست ئەمانە بخورێن:

۱. کۆکتێلی ڕۆبیان بە ساسەوە.

۲. ماسی، کەمێ سەوزە، نیو فنجان شەربەتی شلیلک، پەنیر.

۳. سوپی پیاز، کاهو بەڕۆنی زەیتونەوە، کەمێ سەوزە، کەمێ نان.

**باش بخۆ، باش بژی**

هەمیشە ئەو ڕاستییەت لەیاد بێت کە کلیلی کەمبوونەوەی کێش‌و دابینکردنی ڤیتامینەکان‌و مادده خۆراکییە پێویستەکان بۆ جەستە، سودوەرگرتنە لەخۆراکی جۆراوجۆرو گونجاو، بەمپێیە خۆت لەخواردنی یەک جۆرە خواردن بپارێزە.

لەگەڵ پەیڕەویکردنی هەندێ گۆڕانکاری لەدابی نانخواردندا، لەئاسانی دەتوانی کێشی خۆت کەم بکەیتەوە. هێندە بەسە خۆراکە سورکراوەکان نەخۆیت، لەبری ساسی مایۆنیز سود لەساسی خردل، لەبری کێک‌و شیرینەمەنی سود لەمیوەو سەوزە وەربگریت تا بەلایەنی کەمەوە لەکەمترین ماوەدا کێشی خۆت دابەزێنیت.

# پیتاندنی تۆو هێلکە هیوا بۆهاوسەران دەگەڕێنێتەوە

## "ئێستا زۆر خۆشبەختمو هیوای ژیانم بۆگەڕاوەتەوە کە لەو ڕێگە زانستییەوە بوومەتە خاوەنی دوو منداڵ"

**لەئێستاداو بەهۆی بوونی دوو سەنتەری چاندنی منداڵی بلورین، ئەو ژنو مێردانەی منداڵیان نابێت دەتوانن لەڕێگەی ئەو سەنتەرانەوە ببنە خاوەنی منداڵو لەدەردی نەزۆکی دەربازیان بێت، هاوکات بەڕێوەبەری یەکێک لەسەنتەرەکانیش ڕایدەگەیەنێت کە تائێستا زیاتر لەدوو هەزار کەس سەردانی سەنتەرەکەیانی کردووە.**

**بەڕێز عەبدولکەریم لەسلێمانی**

نەزۆکی، دەبێتـــە مایەی تێکچوونی شیرازەی خێزانو لێکجیابوونەوەی هاوســەران، ئـــەوش زۆرجـــار کاردانـــەوەی کۆمەڵایەتیو دەروونی لێکەوتوتەوە، بەڵام ماوەی چەند ساڵێکە بەهۆی ئەو پێشکەوتنە بەرفراوانانەی لەبواری یاریدەدەری پیتاندن (IHV) بەدەستهاتوون، توانراوە هاوکارییەکی زۆری ئەو ژنو مێردانە بکرێت کە دوچاری نەخۆشـــی نەزۆکی بوون، بۆئەو مەبەستەش لەهەرێمی کوردستان چەند سەنتەرێکی تایبەت بەچاندنی کراونەتەوەو توانیویانە هیوا بەبەشێک لەو هاوسەرانە ببەخشنەوە کە بەدەست بێ منداڵییەوە دەیان ناڵان.

### ئەو سەنتەرە هیوای بۆ گەڕاندمەوە

سیما سلێمانی، **٢٤** ساڵ، دوای ئەوەی لەگەڵ مێردەکەی بێهیوا دەبن لەوەی منداڵیان ببێت، پەنا دەبەنەبەر یەکێک لەو سەنتەرانەو لەڕێگەی پیتاندنەوە دەبنە خاوەنی دوو منداڵ، "ئێســـتا زۆر خۆشـــبەختمو هیـــوای ژیانم بۆگەڕاوەتەوە کە لەو ڕێگە زانستییەوە بوومەتە خاوەنی دوو منداڵ".

لەلایەکی دیکـــەوە کامەران ڕەئوف، **٢٧**ساڵ، باس لەوە دەکات کە ماوەی چوارســـاڵە ژنی هێناوەو منداڵیان نەبووە، بەڵام دوای ئەوەی ســـەردانی یەکێک لەسەنتەرەکانی چاندنی تۆوی کردووە لەگەڵ هاوسەرەکەی بوونەتە خاوەنـــی کچێک، "ئەو ســـەنتەرە جارێکی تر خۆشەویستیو ئاسودەیی بۆ خێزانەکان دەگەڕێنێتەوە".

### خوای گەورە منداڵ دەبەخشێت نەوەک دکتۆرو سەنتەر

هەندێـــک لەژنـــان پێیانوایـــە ئەو سەنتەرانە ناتوانن منداڵ بۆ ئەو ژنو پیاوانە دروســـتبکەن کە لەسەرەتاوە منداڵیان نابێت.

شایســـتە شێرکۆ، **٢٥**ســـاڵ، لەگەڵ ئەوەی مـــاوەی پێنج ســـاڵە ژیانی هاوسەری پێکهێناوەو منداڵی نەبووە، بەڵام بەوتەی خۆی هەرگیز سەردانی ئەو سەنتەرانە ناکات، "هیچ باوەڕم بەو سەنتەرانە نییە، چونکە هەرچی خوا نەیکات نابێـــت، دیارە بەختی منو هاوسەرەکەم ئەوەیە کە منداڵمان نەبێـــت. ڕەنگە لەداهاتـــوودا خوای گەورە منداڵێکمان پێببەخشێت، نەک دکتۆرو سەنتەرەکان".

### چاندنی منداڵی بلوریو ئەگەری سەرکەوتنی

کاروان حەســـەن، بەڕێوەبـــەری سەنتەری دوارۆژ، ئاماژەی بەوە دا کە پیتاندن لەڕێگەی لیکدانی هێلکەی ئافرەتو تۆوی پیـــاوەوە لەدەرەوەی جەســـتە ئەنجامدەدرێت، "هێنانی هێلکەیـــەو پیتاندنیەتی لەگەڵ تۆودا کە پێی دەوترێـــت منداڵی بلوری، ئەویش بەهێنانـــی هێلکەیەکە یان چەند هێلکەیەکی بەپیت لەهێلکەدان، هەروەها پیتاندنی لەدەرەوەی جەستە (لەناو تاقیگەدا) دواتر بردنەوەی ئەو هیلکە پیتراوە بۆ ناو ڕەحم".

ناوبراو، باســـی لەوە کـــرد کە ئەو ژنەی ڕێـــڕەوی (قالوب)ی گیرابێت یان تەواو نەبێت، یاخود ئەو پیاوەی (تۆو)ی باشـــی کەم بێت لەگەڵ ئەو ژنو مێردەی بۆماوەیەکی زۆر نەزۆک بوونو بەهۆکارەکەیان نەزانییوە، دەبێ لەرێگـــەی چاندنی بلورییەوە منداڵ بخەنەوە.

بەڕێوەبەری سەنتەری دوارۆژ، باسی لەوە کـــرد کە لەماوەی ســـاڵێکی کارکردنیاندا زیاتـــر لەدوو هەزار کەس سەردانی کردوونو **٨٠**٪ی ئەو ڕێژەیەش ســـودیان لەچارەسەرەکان وەرگرتووە، "دیارە بەشێوەیکی بەرچاو پیتاندن **٥٠**٪ سەرکەوتوودەبێتو لای ئێمەش هەروایە، بەپێی ستانداردی جیهانیـــش بەو بـــوارە، ڕێژەیەکی زۆر باشـــە بۆ سەرکەوتنی کارەکەو بەردەوامی پێدانی"و جەختی لەوەش کردەوە کە پیتاندنەکە بەڕێگەیەکی زۆر زانســـتیانەو هاوچەرخانـــە دەکرێت، "هەرگیزو هیچکاتێکیش تۆوی پیاوەکان تێکەڵاونابن، چونکە هەر پیاوەو شوشـــەو شوێنی تایبەت بەتۆوەکـــەی هەیەو ســـەرجەمیان لەیەکتری جیاکراونەتەوە".

لەلایەکی دیکەوە یەکێک لەسەنتەرەکانی چاندنی منداڵی بلوری، لەگەڵ ئەوەی جەخت لەوە دەکاتەوە کە بەشـــێکی زۆری هەوڵەکانیـــان بـــۆ چاندنی منداڵی بلوری سەرکەوتووبووە، بەڵام ئامادەنین هیـــچ ئامارێک لەوبارەوە بدەن.

د.ژیان ئەحمەد، پســـپۆڕ لەچاندنی منداڵی بلوریو بەڕێوەبەری سەنتەری ســـاوا، ئاماژە بەوە دەدا کە بەشێکی زۆری هەوڵەکانیان بۆ چاندنی منداڵی بلوری سەرکەوتوو بووە، "بەڵام ناتوانم هیچ ئامارێکی ئەو کەسانەتان بدەمێ کە ســـەردانیان کردووین، چونکە لەسەرمان دەکەوێت".

### ئەگەر تۆوی پیاوەکان تێکەڵ نەکرێت حەڵاڵە

حەســـەن عەبدوڵـــڵا، پێشـــنوێژو وتارخوێنی مزگەوتی عائیشە ئاماژە بەوە دەدا کە ئایینی ئیسلامو قورئانو ســـوننەتیش هیچیان دژی زانست نینو هەرچی زانســـت سەلماندی قورئانیش دەیســـەلمێنێت، هاوکات لەبارەی دروســـتی چاندنی منداڵی بلوری لەدەرەوەی جەستەو بەرێگەی تاقیگە مەلا حەسەن پێداگری لەسەر ئەوە کرد کە ئەگەر تۆوی پیاوەکان لەدەرەوەی جەســـتە تێکەڵ نەکرێنو بەڕێگەیەکی زانستیانە بکرێت، ئەوا ئایینی ئیســـلام ڕێگە لەئەنجامدانی ناگرێت.



کۆرپەیەک لەساتی دروستبوونیدا لەنێو سکی دایکی

# داراو زارا دەپرسن

**داراوزارا: بڕیارمانداوە هەرکاتێک پرسیارێکمان هەبوو لەبارەی ئەرکە: بایۆلۆژیی، دەروونییو سێکسییەکانی خۆمان، بەبێ هیچ ترسو شەرمو خۆخواردنەوەیەک بیخەینە بەردەم کلینیکی نم نم، تاوەکو بەڕاوێژ لەگەڵ کەسانی پسپۆڕو پشتبەست بەسەرچاوەی زانستیی، وەڵامی پرسیارەکان وەرگرینەوەو گومانەکانمان نەهێڵینو ببینە خاوەنی ڕۆشنبیرییەکی زانستیی دروست لەبارەی ڕۆحو جەستەی خۆمان، ئێوەی خوێنەریش دەتوانن بەشدارو هاوکارمان بن لەرێی ناونیشانەکانی ڕۆژنامەکەمانەوە.**

nmnmpress@yahoo.com

**زارا: ماوەی سێ مانگە سکم هەیە، ئایا خراپ نییە سێکس بکەم؟**

نم نم: سێکسکردن لەکاتی سکپڕیدا هیچ کاریگەری نییە نە لەسەر ژن نە بۆ منداڵ، چونکە منداڵ لەشوێنێکی دوور لە زێی ژنە، بەپێچەوانەوە سێکسکردن لەکاتی سکپڕیدا ئەبێتە هۆی ئیسراحەتکردنی ژن بەمەرجێک ئازاری نەبێت، دواتر پیاو ناتوانێت ماوەی نۆ مانگ بوەستێت و خۆی ڕابگرێت، بەڵکو ئاساییە تاوەکو چەند هەفتەیەک پێش منداڵبوون سێکس بکەن، بەمەرجێک پیاو ئاگاداری ژن بکات و جۆرە وەزعێتێک وەرنگرێت کە ببێتە هۆی ئازاردانی ژن.

**دارا: هەفتەی چەند جار جووتبون لەگەڵ ژن ئاساییە ؟**

نم نم: ڕاستییەک هەیە ئەویش زۆرینەی ژن و مێردەکان نایزانن بۆیە کێشەی خێزانی زیاتر دروست ئەبێت ئەویش تێرکردنی غەرزیزەو ئارەزووە سێکسییەکانە.

ژن و مێرد ئەگەر ئینسجامی سێکسیان هەبوو ئەوا ژیانێکی ئارام و بێکێشەیان هەیە، سێکسکردن لە سەرەتای هاوسەرگیریدا ئاساییە ئەگەر چەند جارێک بێت لە هەفتەیەکدا، ڕێئەکەوێت لە ڕۆژێکدا چەند جارێک بێت، بەڵام دوای تێپەڕبوونی چەند ساڵ هەفتەی ٣-٤جار ئاساییە، یان ئەگەر هەفتەی جارێکیش بێت بە ڕەزامەندی هەردوولا بەمەرجێ هەردوولا چێژ لەو پەیوەندییە وەربگرن.

هەندێ پیاو زیاتر ئارەزووی سێکرکردنی هەیە و لەو حاڵەتەدا ئەکەوێتە سەر توانا و قەناعەتی ژن، ئەگەرچی هەمیشە ژن ئارەزووی سێکسی زیاترە، بەڵام پیاو دەستپێشخەرە، مومارەسە کردنی سێکس بە ڕێژەیەکی زۆر ئەبێتە هۆی کەمکردنەوەو نەمانی ئارەزوی پێشوەختی پیاو، بۆیە وەک هەر شتێکی دیکە لە سنووری مەعقولدا بێت باشترە.

**زارا: ئاوی مێردەکەم بخۆمەوە ئاساییە؟ ئەڵێن بۆ پێست زۆر باشە و ناسکی ئەکات؟**

نم نم: خواردنەوەی ئاوی پیاو ئاساییە ئەگەر ژن ئارەزووی بکات و بەلایەوە ئاسایی بێت، ڕاستە مەنی یان ئاوی پیاو لەدوای فڕێدان بڕژێ بەسەر دەمو چاو زۆر ئاساییە و ئەبێتە هۆی جوانکردنی پێست، بۆیە زۆر ژن بەتایبەت لەوڵاتانی خۆرئاوا بەلایانەوە ئاسییەو بەو ڕێگەیە بەکاریئەهێنن.

**دارا : ماوەی مانگێکە ژنم هێناوە، لەیەکەم شەوی زەواجمان پەشیمانم، چونکە ژنەکەم لەشێکی زۆر ناشرینی هەیە، تکایە چارەسەرێک؟**

نم نم: کێشەی ئەو ژن ومێردانەی پێش شەوی بەزاوابوون لەنزیکەوە یەک نابینن بەتایبەت ئەو کچانەی حیجاب ئەپۆشن لەوەدایە دوای هاوسەرگیری پەشیمان ئەبن لەوەی لەش و لاری ژنەکانیان بەدڵیان نییە، گەرچی ڕێژەی ئەو کچانەی پێش زەواجکردن خاوەن لەشێکی ناشرینن وەک ئەوەی پێستیان پەڵەی هەیە یان چرچی تیایە و شلە ..... تد کەمن، ئەویش بەهۆکاری بۆماوەیی یان دابەزاندنی کێش یان بەکارهێنانی هەندێ دەرمان یان کێشی زۆرو لاوازی زۆر، ( پیاو هەمیشە حەز ئەکات هاوسەرەکەی خاوەن بەژن و لەشێکی جوان بێت ) بەڵام گەر خۆشەویستی هەبێت ئەمانە نابیرێن و پاش تێپەڕبوونی کات بەسەر هاوسەرگیریدا ئاسایی ئەبن لای هەر یەک لە ژن و پیاو، بێگومان پێویستە کچ هیچ دەربارەی لەشی یان هەر شتێک پەیوەندی بە خۆیەوە هەبێت نەیشارێتەوە، جگە لەوەی ئەتوانرێت بە هۆی نەشتەرگەری و سەردانکردنی پزیشکی پسپۆر ئەو کێشانە چارەسەر بکرێت ، تاوەکو کاریگەری دەروونی و کۆمەڵایەتی نەبێت.

# پیاوان بەچ ڕەفتارێک توڕە دەبن؟

**ئا: گەلا حەسەن**

تائێستا هەستت بەوە کردوە کە کاتێکی خۆشـــت لەگەڵ هاوســـەرەکەت بەڕێ کردووە، بەڵام لەناکاو هاوســـەرەکەت توڕەبووەو دەستی کردووە بەگلەییکردن لێت؟

بەداخـــەوە زۆربـــەی خانمـــەکان ئەو خووەیان هەیە کە بەبێ مەبەست زۆربەی کات هاوسەرەکانیان لەخۆیان دەڕەنجێنن. لێرەدە دەمانەوێت هەشـــت نموونە لەو خووانەتان بۆبـــاس بکەین تاکو وازی لێبێنن یان خۆتانی لێ بەدوور بگرن:

### ١. گسک دان لەکاتی ناوەختدا

کاتێک هاوســـەرەکەت لەســـەر کار دەگەڕێتـــەوە ماڵ تا پشـــویەک بداتو سەیری تەلەڤزیۆن یان هەر شتێکی تر بکات، تۆش تا ئەوکاتە خەریکی ئیشی تـــری مـــاڵو بەرێکردنی منداڵ بووی ئەوکاتە بەفرســـەت دەزانی بۆئەوەی گســـک بدەیتو پێیدەڵێیت کەمێک چاودێری منداڵەکـــە بێت یـــان کەمێـــک بچۆ ئـــەولاوە تا ئـــەو جێگەیە گســـک بدەم، بەڵام بیر لەوە ناکەیتەوە بـــەم کارەت ڕووبـــەڕوی توڕەبوونـــی هاوسەرەکەت دەبیتەوە. باشتر وایە ئەو حەقە بدەی بەو، گسکدانەت هەڵبگری بۆ کاتێکی تر.

### ٢. بۆڵە بۆڵکردن لەو کاتەی ئەو سەیری یاری دەکات

کاتێـــک ئەو یانەیە یـــاری دەکات کە ئەو لایەنگریەتی، تۆ حەزناکەی سەیری دووگۆڵی یان ئەو یانەیەی ئەو لایەنگریەتی بکەیت، لەو کاتەدا تۆ هاتووچۆ دەکەیتو بۆڵـــە بۆڵ دەکەیت یان ڕەخنە دەگریت لەسەیرکردنی ئەو جۆرە یاریانە. ئەو لەو کارەی تـــۆ بێزاربووە لەوانەیە بەرێزەوە داوات لێبکات وانەکەیـــت، لەم کاتەدا نابێت نیگەران بیت. ئەوە لەبیر نەکەیت کە هـــەر کـــەس لەخێزانەکەیدا مافی خۆیەتی ئەوشـــتانەی ئارەزویان دەکات کاتێکی بۆ تەرخان بکات.

### ٣. پێمبڵێ کە منت خۆشدەوێت

کاتێک چوون بۆریســـتۆرانتێکو ساتگەلێکی خۆشتان بەسەربردوە، کـــە دەگەڕێنەوە بۆمـــاڵ لەلای هاوســـەرەکەتەوە دادەنیشـــیت ســـەیری تەلەڤزیـــۆن یـــان هەر شـــتێکی تـــر دەکەیتو دەســـتدەکەیت بەپرسیارکردنی ڕۆمانســـیانە: "منت چەند خۆشدەوێت؟". لەوانەیە سەرەتا هاوســـەرەکەت بەیەک دوو ڕستە هەستی خۆیت بۆدەربڕێت، بەڵام ئەگەر درێژەت دا بەپرسیارەکانت ڕەنگە تاقەتی نەمێنێتو وەڵامت نەداتەوە تۆش گومان بکەیت کـــە تاقەتی تۆی نەبێـــت. بۆئەوەی تووشـــی ئەوە نەبیت باشـــتروایە ئەو پرسیارانە هەڵبگری بۆ کاتێکی گونجاو. ئەو پرسیارە ڕۆمانسیانە پێویســـتە، بەڵام ئـــەوە لەبیر مەکە هەر بابەتو کاتی خۆی هەیە.

### ٤. کێ بوو؟ چی بوو؟ لەکوێ بووی؟ کێ بوو تەلەفۆنی کرد؟ چی دەویست؟ چیت پێوت؟

هەندێک کات ژن بێئەوەی مەبەستێکی تایبەتـــی هەبێت، پرســـیارێکی زۆر لەهاوسەرەکەی دەکات. ئا لێرەدا لەوانەیە تەحەمولو سەبری هاوسەرەکەی تەواوبێت، هەرگیز ئەوە لەبیرمە کەدەست وەرنەدەیتە کاروباری تایبەتی هاوسەرەکەت. ڕێبدە هەرکەس ژیانـــی تایبەتی خۆی بەڕێوە ببات، کاتێک ڕێ دەدەیت هاوسەرەکەت هەندێک نهێنـــی تایبەتی خۆی لەلای خۆی بهێڵێتەوە، ڕەنگە ژیانی هاوبەشتان جێگیرتر بڕواتەپێش.

### ٥. زۆرئامۆژگاریکردن

هەندێجـــار ژن وەک منداڵێک لەگەڵ هاوسەرەکەی ڕەفتاردەکاتو ئامۆژگاری دەکات بۆنموونـــە: هەمیشـــە بەبیری هاوسەرەکەی دەهێنێتەوە کە بچێت بۆ لای دکتۆر، لەبیرت نەچێت نان بخۆیت، لەبیری نەکەی سەیارەکەت نیشانی فیتەر بدە..هتد.

زۆر دووبارەکردنـــەوەی ئەو شـــتانە هەندێجار دەبێتەهۆی بێزارکردنی هاوسەرەکەت، ئەو ژنی نەهێناوە تا وەک دایکی ڕەفتاری لەگەڵدا بکاتو ئامۆژگاری بکات. ئەگەر زانیت شتێکی لەبیرکردوە تەنها شـــتێک بدە بەگوێیـــدا. بەرلەوەی کە بڕیـــوونی خۆتی پێبڵێیت چاوەڕوان بکە تا قسەکانی دووبارە بکاتەوە یان داوات لێبکات رای خۆتی پێبڵێیت.

### ٦. زۆرنازکردن

زۆر تەلەفۆنکـــردن بۆئەوەی پێکەوە بچنە دەرەوەو پێیدەڵێیت کە بەرگەی دووریێت ناگرمو حەزدەکەیت پێکەوە بچینە دەرەوە. لەوانەیە پیـــاو لەســـەرەتای مانگەکانی هاوسەریدا تەحەمولی ئەوە بکات، بەڵام لەوە بەدوا بەم ڕەفتارەت توڕە دەبێت. وازی لێبهێنە با ڕۆژەکانی خۆی لەکارەکەی یان لەگەڵ هاوڕێکانی بەڕێ بکات.

### ٧. ئێستا دێم (واهاتم)!

بیهێنە پێـــش چاوت کاژێر هەشـــت بانگهێشـــتکراون بـــۆ ئاهەنگێک یان بۆنەی یەکێ لەهاوڕێکانی هاوسەرەکەت. هاوســـەرەکەت نیو کاژێرە ئامادەبووەو دانیشتوە چاوەڕوانی تۆیە، چەند جارێک دووبارەی دەکاتەوە خێراکە... هێشتا تۆ بەدوای ئەوە دەگەڕێیت چی لەبەر بکەیت یان کام پۆشـــاکە زۆر سەرنجڕاکێشە، ئەمە دەبێتە هـــۆی ئەوەی لێت توڕەبێت. باشتروایە یەک یان دوو کاژێر بەر لەوەی دیاریتان کردوە بۆ ڕۆشتن دەست بکەیت بەخۆئامادەکردن بۆئەوەی کە ئەو ئامادە بـــوو ئیتر تۆش هیچـــی وات نەمابێتو چاوەڕێت نەکات.

### ٨. ڕەخنە گرتن لەماڵی باوکی

ئەگەر واڕێکەوت دایک یان کەســـێکی هاوســـەرەکەت بێ ئاگادارکردنەوە بەر لـــەر هاتن هات بۆماڵتان، تۆش لەســـەر ئەوە گلەیی بکەیتو بڵێیت: "من ئەوانم زۆر خۆشـــدەوێت، بەڵام واباشـــتر بوو پێش ئەوەی بێن تەلەفۆنێکیان بکردایە"، لەوانەیە مافـــی خۆت بێت ئەگەر ئەوەش بڵێیت، بەڵام ئەوەت لەیاد بێت ڕەخنەگرتن لەکەسو کاری لەوانەیە ئەو پێی ناخۆش بێتو بەهەڵە لەتۆ تێبـــگاتو پێچەوانەی لێکدانەوەکەی تۆی هەبێت.

ئەگـــەر دەتەوێت لەلای هاوســـەرەکەتو بنەماڵەکەی خۆشەویست بیت تا دەتوانیت کـــەم ڕەخنەیان لێبگرەو زۆر دەســـت وەرمەدەرە کاروبارەکانیان.





# چاڤێز دەچێتە تویتەرەوە

هۆگۆ چاڤێز سەرۆکی ڤەنزوێلا لەسەر پێگەی کۆمەڵایەتی تویتەر شوێنێکی بۆخۆی دیاریکردووە بۆئەوەی خۆی شەڕی ئەلیکترۆنی بەرامبەر نەیارەکانی بکات کە ماوەیەکە کۆنترۆڵی ماڵپەرە ئەلیکترۆنییە بچووکەکانیان کردووەو هێرشو رەخنەی توند دەکەنە سەر حکومەتە سۆسیالیستییەکەی.

چاڤێز بەوە ناسراوە وتارەکانی دوورودرێژنو هەندێکجار چەند سەعاتێک تێدەپەڕێنن، لەم هەنگاوەیدا دەبێت پابەندی کورتیی پەیامەکانی بێت کە ئەو ماڵپەرە دیارییکردووە بۆ بەشداربووانی کە نابێت لە١٤٠وشە زیاتربێت!

تائێستا ١٢٥٠٠کەس سەردانی حسابە تایبەتەکەی چاڤێزیان کردووە، بەڵام ئەو هێشتا هیچ شتێکی تێدا بڵاونەکردووەتەوە، بەڵام ئەو سەرۆکە سۆسیالیستییە داوای لێکردوون کە چاوەڕوان بن بەم نزیکانە یەکەم پەیامی خۆی بڵاودەکاتەوە.

بەرهەڵستکارەکانی چاڤێز پێیانوایە دەتوانن لەڕێی تۆڕەکانی ئەلیکترۆنییەوە بەسەریدا زاڵبن، چونکە یاسا شێوازە کلاسیکییەکانی راگەیاندنی ناچارکردووە کە وتارە دوورو درێژەکانی بڵاوبکەنەوە.

## وەزیرێکی بەرتیلخۆر وازیهێنا

دوای بڵاوبوونەوەی ناوی لەچوارچێوەی ئابڕووچوونێکی دارایی تایبەت بەگەندەڵیی لەکڕینی شوقەیەک لەرۆما، کلاودیۆ سکایۆلا وەزیری گەشەپێدانی ئابووریی ئیتالیا کلاودیۆ سکایۆلا دەستی لەکارکێشایەوەو وتی: "هیچ پەیوەندییەکم بەو مەسەلەیەوە نییە".

دوای کۆبوونەوەی لەگەڵ سیلڤیۆ بیرلسکۆنی سەرۆک وەزیران، سکایۆلا وتی: "دەبێت داکۆکی لەخۆم بکەم، لەبەرئەوە ناتوانم بەردەوام بم لەسەر کارەکەم وەکو وەزیر، وەک چۆن لەدووساڵی دواییدا کردوومە".

گومان دەکرێت سکایۆلا بەرتیلی وەرگرتبێت کاتێک لەتەمموزی ٢٠٠٤دا لەناوەڕاستی رۆمادا شوقەیەکی کڕیوە بەنرخێکی رەسمیی کەمتر لەنرخی بازاڕ کە ٦٠٠هەزار یۆرۆ دەکات.

لێکۆڵینەوەی دادوەرەکان دەریخستووە کە ئەندازیار ئەنجیلۆ زامبۆلینی (هەستاوە بە کڕینی شوقەکە) لەوانەیە شەریک بووبێت لەو دەستکەوتەدا، چونکە بڕی ٩٠٠هەزار یۆرۆی داوەتە بانکی رۆمانی بەرامبەر ٨٠چەک بەناوی خاوەنی پێشووی شوقەکەوە کە سکایۆلا لێی کڕیوە.

## ئەستێرەی بەخت

بـاری دەروونیـت باش نابێتو ناتوانیت شتەکانی دەوروبـەرت بەباشـی کۆنترۆڵ بکەیت. واباشترە لەم کاتەدا هیچ بڕیارێکی بەپەلە نەدەیت تا بەباشی بیری لێنەکەیتەوە، بۆئەوەی دواتر لێی پەشیمان نەبیتەوە.

بەهـۆی بەجێهێنانـی داواکاری کەسـێکی نزیکتەوە تووشـی چەند کێشـەیەک دەبیـت، هەڵبەدە ئەوە زوو چارەسـەر بکەیتو رێگە بەدووبارەبوونەوەی نەدەیت. دیارییەکت لەلایەن کەسێکەوە پێدەگاتو دڵخۆشت دەکات.

واهەسـت دەکەیـت وەک پێویسـت لەکارەکـەت حەقـی خۆت پێنـەدراوە، گرنگییەکـی زیاتـر بدە بەلایەنـی سـۆزدارییت، عەجولانە لەسـەر درێژەدان یان کۆتاییهێنانی پەیوەندییەکانت بڕیارمەدە.

بەهۆی بەشداریکردن لەمیوانداریەکدا باشتر کەسەکانی دەوروبەرت بۆدەردەکەوێت، ئەوانەی کە ناکۆکی هەبووە لەنێوانیاندا بەهۆی پێشهاتێکەوە ئەو ناکۆکییە نامێنێت.

ناچـار دەبیـت بـۆ وەرگرتنـی زانیـاری لەگەڵ چەند کەسـێکی تـر گفتوگـۆ بکەیت کە لەناخدا پێت خـۆش نییە، لەڕووی سـۆزدارییەوە باشـتروایە زیاتر لەبیری هاوسەرەکانتاندا بن.

ئـاگاداری ئـەو بڕیـارە بە کـە دەیدەیت لەسـەر پەیوەنـدی نێـوان تـۆو یەکێـک لەهاوکارەکانت. هەلـی گەشـتکردنێکت بۆ دەرەخسـێت ئەمە هەلێکـی باش دەبێت بۆ پشوودانو ئارامبوونەوەی باری دەروونیت.

خۆبێتاقەتکردن سـوودی نیە هەوڵی چارەسـەربدە. پەلەکردن لەم کاتەدا بۆ تۆ کارێکی باش نیە چاوەڕوان بە تاوەکو ئەنجامی کارەکانت دەبینیت ئەوکات بڕیاربدە. ئاگاداری باری ئابوریت بە.

بینینی کەسـێکی پسـپۆڕ وات لێدەکات بڕیار بدەیت دەست بکەیتەوە بەئەنجامدانی کارێـک، هەوڵبدە لەگەڵیدا دابنیشیتو گفتوگۆ لەبارەی کارەکەتەوە بکەیت. رۆژی شەممە کاتێکی باشە بۆ ئەنجامدانی کارێکی نوێ.

لەجاران زیاتر ئاگاداری بـاری تەندوسـتیت بـە، هەوڵ بـدە مۆڵەت وەربگـرێـت بۆئـەوەی گەشتێک بکەیت تاوەکو کەمێک پشـوو بدەیت. لەوەرگرتنی ئەو ئەرکە نوێییەی پێتدەسپێرێت زۆر وردبە. رۆژانێکی خۆش لەرێتە.

لـەرووی پەیوەنـدی سـۆزدارییەوە گۆڕانێکی بـاش بەخـۆوە دەبینی. لـەرووی ئابوورییـەوە ئـەم هەفتەیە هـەوڵ بدە خەرجیەکانـت کەمتر بکەیتـەوە، چونکە کەسێکی نزیکت پێویستی بەیارمەتی دارایی تۆ دەبێت.

کەسایەتیەکی باشت هەیە تاوەکو خـۆت بەزوویی بگونجێنیت لەگەڵ ئەوانەی چواردەورت. خۆت بەو وتانەوە خەریک مەکە کە سـوودیان نییە بۆتو بیری خۆتیان پێوە سەرقاڵ مەکە.

کەمبوونەوەی چالاکیەکانت لـەرووی کارەکانـتو ئەو بێـزاریو بێتاقەتیت جێگەی پرسیارە، هەوڵبدە زوو خۆت یەکلای بکەیتەوە تاوەکـو ئەمە کارنەکاتە سـەر تواناکانت. ئاگاداری ئەو هەلانە بە کە بۆت دەڕەخسێت لەدەستی نەدەیت.

# ئۆباما ... شەوێک بێ سیاسەت



تەنها بۆ یەک شەو باراک ئۆباما سەرۆکی ئەمریکا خۆی لەبڕیارو بەیاننامە سیاسییەکان دوورخستەوەو هەوڵیدا رۆڵی هونەرمەندێکی قۆشمە بگێڕێت، ئەویش لەچوارچێوەی ئێوارەخوانێکی ساڵانەی رابیتەی پەیامنێرانی کۆشکی سپیدا بوو. لەئێوارە خوانەکەدا کە یەکێکە لەدیارترین رووداوە کۆمەڵایەتییە ساڵانەکانە لەواشنتۆن، چەندین ئەستێرەی هۆلیوودو سیاسەتمەداری بەناوبانگی ئەمریکی ئامادەبوون.

ئۆباما هەوڵیدا لەجیاتی جای لینۆی پێشکەشکاری بەرنامەی کۆمیدی، رۆڵی کەسێکی قۆشمە ببینێتو لەو زیاتر ئامادەبووان بخاتە پێکەنین.

ستیڤن سپیلبێرگی دەرهێنەری سینەماییو مۆرگان فریمان ئەکتەریو ناودارو جێسیکا سیمبسۆن گۆرانیبێژو جۆ بایدەن جێگری سەرۆک، دیارترین ئەو کەسانە بوون کە ئامادەی ئێوارەخوانەکە بوون.

ئۆباما چەند نوکتەیەکی لەسەر جۆ بایدەنو گرووپی زەبەلاحی گۆڵدمان ساکسی دارایی کردو هەمووانی خستە پێکەنینو بەئامادەبووانی وت: "بەنیاز نەبووم بێم بۆ ئەم گردبوونەوەیە، بەڵام بایدن پێیوتم پێویستە بێیت، چونکە ئەمە ئێوارەخوانیکی ئاسایی نییە، ژەمێکی گەورەیە".

## بڕی بەرتیلەکەی ئۆلمەرت ئاشکراکرا

بۆ یەکەمجار پۆلیسی ئیسرائیل بڕی ئەو پارەیەی ئاشکراکرد کە ئیهۆد ئۆلمەرت سەرۆک وەزیرانی پێشووی ئیسرائیل وەریگرتووە لەچوارچێوەی دۆسیەی گەندەڵیی "هۆلیلاند"و بڕەکەی بریتییە لە ٢٧٠هەزار دۆلار.

سەرچاوە رۆژنامەوانییەکانی ئیسرائیل لەزاری لێپرسراوانی پۆلیسی بەشداربووی بەردەم دادگای سازاندنەوە لەناوەڕاستی ئیسرائیل، بڵاویان کردەوە کە شوالا زاکین بەڕێوەبەری ئۆفیسەکەی ئۆلمەرت بەرتیلەکانی گەیاندووەتە ئۆلمەرت.

زاکین کە لەماڵەکەی خۆیدا دەستگیرکرا، دانی بەوەداناوە کە خۆیشی بەرتیلی وەرگرتووەو بڕی هەموو پارەکەش چەندین ملیۆن شیکل دەبێت. پارەکەش لەپێناوی پرۆژەی خانووبەرەی هۆلیلاندا بووە کە ئەوکاتە ئۆلمەرت سەرۆکی شارەوانی قودس بووە.

# ژیانی کارلا برۆنی لەفیلمێکدا

دوای ئەوەی بەشداریی لەفیلمێکی دەرهێنەری بەناوبانگ وودی ئەلین دا کرد، کارلا برۆنی گۆرانیبێژو نمایشکاری جلوبەرگو خانمی یەکەمی فەرەنسا لەخۆئامادەکردندایە بۆبەشداریکردن لەفیلمێکی تایبەت بەژیانی خۆی کە خۆی رۆڵی پاڵەوانی فیلمەکە دەگێڕێتو لەئابی داهاتوودا لەئەمریکا دەردەچێت.

گۆڤاری ئێکسپرێسی فەرەنسی بڵاویکردەوە کە خانەی بڵاوکردنەوەی بلوو وتەر پرۆدەکشنی ئەمریکی چیرۆکێکی وێنەیی لەسەر ژیانی کارلا سارکۆزی لەکۆی ٢٠ لاپەڕەدا داناوە. گۆڤارەکە ئەوەشی خستووەتەڕوو کە ئەو چیرۆکە لەچوارچێوەی زنجیرەی فیمایەڵ فۆرس دا بڵاودەکرێتەوە کە لەفۆرمدا چیرۆکێکی وێنەییە لەسەر ژیانی ئەو ژنانەی لەدنیای سیاسەتدا خاوەنی پێگەو ناوبانگێکی زۆرن، وەک سارە پالینو هیلاری کلینتۆنو میشێل ئۆباما.





# کۆندۆلیزا رایسو چیرۆکی سەرکەوتنی

نوسینی: ئەنتۆنیا فیلیکس
وەرگێڕانی بۆ عەرەبی: سەعید ئەلحسنیە
وەرگێڕانی بۆ کوردی: رێباز زەنگەنە

کاتێک کۆندۆ لیزا رایس تەمەنی دە ساڵان بوو، لەگەشتێکدا دایکو باوکی لەگەڵ خۆیان بردیان بۆ واشنتۆنی پایتەخت.

جۆنو ئەنگلینا رایس، کە کۆندۆلیزا بە "دوو مژدەبەری فێرکاری" ناوزەدیان دەکات، پێیانوابوو پایتەختی وڵات روویەکی گەشتیاریی نموونەییە بۆبەسەربردنی پشوو، چونکە مرۆڤ لەوێ شتی زیاتری لەبارەی مێژوو و چەندین مۆزەخانەوە بۆئاشکرا دەبێت، هەروەها زۆر شتی دەستدەکەوێت کە ئیلهام بەخشی ئەقڵە بچوکەکانە.

لەکاتی پیاسەکردنیاندا لەشەقامی بنسلڤانیا هەموان هەڵوێستەیانکرد، بۆ ئەوەی لە میانەی دەروازەی پێشەوە سەیری کۆشکی سپی بکەن، کۆندۆلیزا بەهێمنی تەماشای رووی پێشەوەی دەکرد کە پڕە لە ستوون، هەرسێکیان بەبێدەنگی وەستابوون، تا ئەوکاتەی کچەکە( کۆندۆلیزا. و ) رووی لەباوکی کردو وتی:" باوکە، ئێستا، بەهۆی رەنگی پێستمەوە رێگەم پێنادەن بچمە ژوورەوە، بەڵام رۆژێک لەڕۆژان لەناو ئەو بینایەدا دەبم".

ئەم وشانەی کۆندۆلیزا، نەک هەر پێگەیشتنی پێشوەختی ئەویان سەلماند، بەڵکو توانای ئەویشیان بۆ زانینی ئایندە دەرخست. دوای تێپەڕبوونی بیستو پێنج ساڵ کۆندۆلیزا خۆی لەکۆشکی سپیدا بینییەوە کە رۆژانە چواردە کاژێر وەکو گەورە راوێژکاری سەرۆک جۆرج بوش-ی باوک بۆ کاروباری یەکێتی سۆڤیەت کاردەکات، بۆ یارمەتیدان لەوێناکردنی سیاسەتی ئەمریکا لەسەروبەندی یەکگرتنی هەردوو ئەڵمانیاو کۆتایهاتنی جەنگی سارددا. پاش یانزە ساڵ لەتەواوبوونی یەکەمین کاری لەو ئیدارەی کە دوو ساڵی خایاند، سەرلەنوێ بەسیفەتی راوێژکاری سەرۆک جۆرج بوش-ی کوڕ بۆ ئاسایشی نەتەویی چووە کۆشکی سپییەوە.

جای نۆردلینگر لە وتارێکدا کە لە ناشیوناڵ ریڤۆ بڵاوکرایەوە لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکەی جۆرج بوش-ی کوڕ، پێشبینی ئەوەیکرد، بەچاوپۆشین لەو پۆستەی دەدرێتە کۆندۆلیزا رایس، بەڵام ئەو دەبێتە دیارترین ئەستێرە لە تیمی کارکردنی ئیدارەی نوێداو ناوی دەبێتە وێردی سەرزمان.

هێشتا کۆندی لە تابلۆ گەورەکانی ریکلامکردنی گۆڕەپانی تایمس-دا دەرنەکەوتبوو، بەڵام ناوبانگی لە هەڵکشاندبوو، ئەمە روونتر لە دوای رووداوەکانی یازدەی سێپتەمبەری ساڵی ٢٠٠١ەوە دەرکەوت، ئەویش ئەو کاتەی وەکو یەکێک لە وتەبێژە سەرەکییەکانی کۆشکی سپی بۆ کاروباری جەنگی دژە تیرۆر دامەزرێنرا. لەمیانەی دەرکەوتنە یەک لەدوای یەکەکانی لەبەرنامەی گفتوگۆیی (واشنتۆن ئەم یەکشەممە)یەو لەڕێی چاوپێکەوتنە دوورو درێژەکانی لە گۆڤارەکانی وەکو ڤۆگو جۆرج( کەئێستا دەرناچێت ) و واو: گۆڤاری ئۆپرا زیاتر ناوبانگی کۆندۆلیزا دەرچوو و وێنەی بەهێزتربوو، ماوەیەکی دوورو درێژ کۆندی لە هەندێ ناوچەی ئەمریکادا بەئەستێرە لەقەڵەمدرا، بۆ نموونە، ئەم ژنە لە بالو ئەلتوی خۆرهەڵات لە کالیفۆرنیا بە پاڵەوان لەقەڵەمدراو لەوێ بەشداریکرد لە دامەزراندنی ئەکادیمیایەک بۆ خوێندنی کوڕان لەدوای دەوامی فەرمیی خوێندنگە خۆجێیەتیەکانیان کە پشتیوانی داراییان نەبوو، هەروەها کۆندی وەکو بەناوبانگترین پسپۆڕ لەسەر ئلستی ئەمریکا لەکاروباری توێژینەوەکانی تایبەت بە یەکێتی سۆڤیەت تەماشادەکرێت، ئەو پسپۆڕییەی کە لەو کاتەوەی بۆ یەکەمین جار گوێبیستی موحازەرەیەک بوو لەبارەی ستالین-ەوە لەسەرەتای پەیوەنیکردنی بە زانکۆوە هەڵیبژارد.

# حەوت پاوەند
# Seven Pounds

ئا: بێساران فەیرۆز حەسەن



دەرهێنەر: گابرییێل موچینۆ
فیلمنامە: گرانت نیێ پۆرتێ
ئەکتەرەکان: وێڵ سمیپ، رۆزاریۆ داوسۆن، وودی هارێلسۆن، مایکڵ ئیلی، باری پێپێر
بەرهەمی: ئەمەریکا ٢٠٠٨

ئەندازیـــار تیـــم نۆمـــس، خاوەنی ماڵێکـــە لەکەناری دەریـــاو لەگەڵ خێزانەکەیدا ژیانێکی ئاســـوودەو خۆش بەســـەر دەبات. شەوێکیان لەکاتی شۆفێریکردندا بەهۆی گەیشـــتنی کورتەنامەیەک بۆمۆبایلەکـــەی، کۆنترۆڵی ئۆتۆمبێلێکـــەی لەدەســـت دەداتو لەئەنجامـــدا هاوسەرەکەیو شەش کەسی تر دەبنە قوربانیی.

ئێســـتا کـــە تیـــم نۆمس کەمتەرخەمیـــی خـــۆی بەهـــۆکاری کارەســـاتەکە دەزانێت، تووشـــی پەژارەو دڵتەنگییەکی فراوان دەبێت، هەتا ئـــەو ســـاتەی ئیدی ناتوانێـــت درێـــژە بەژیانی ئاسایی خۆی بداتو بڕیاری خۆکوشتن دەدات، بەڵام بەر لـــەم کارە پێویســـتە ژیانی حەوت کەس ڕزگار بکات. ئەنجامـــی ئەم کارە فرۆشتنی بەرچاوی فیلمەکەو گەیشتنی سمیپو کوڕەکەی بەمەراسیمیئۆسکاروپاڵێوران بۆ یەکێـــک لەخەڵاتەکانی ئۆسکار بوو.

فیلمیئێستاهەوڵیچارەسەری هەڵەکان دەدات. پیاوێک کە بەهۆی خەمساردیی خۆیەوە دەبێتـــە هـــۆکاری مەرگی حەوت مرۆڤ، ئێستا دەیەوێت بەنرخی کۆتاییهێنان بەژیانی خۆیو بەخشـــینی خەوت پاوەنـــد لەجەســـتەی خۆی ژیانـــی حەوت کـــەس کە مردنیان لەئانو ســـات دایە لەمەرگ ڕزگار بکات، بەڵام لێرەدا دەیەوێت لەهەڵبژاردنی کەســـەکاندا ورد بین بێتو هەوڵـــی ڕزگارکردنـــی کەسانێک بدات کە بوونیان بۆ کۆمەڵگە پێویست بێت.


گابرییێل موچینۆ لەدایکبووی ١٩٦٧ ئیتالیا، لەســـینەمای ئەمڕۆی ئیتالیـــادا ناوێکی ناسراوە. لەســـاڵی ١٩٩٦دا بەدروســـتکردنی درامـــای جێگەیـــەک لەخۆرەتـــاودا دەستی بەفیلمسازی کردووە. ســـەرەتا بەژانری کۆمێدی بەرهەمەکانی دروستکردووە. دوایەمین بەرهەمی موچینۆ فیلمێکبوو بەناونیشانی منت لەبیر بێت، لەنواندنی مۆنیکا بلوچی کە بوو بەیەکێک لەپڕ فرۆشترین فیلمەکانی ساڵی ٢٠٠٤ی ئیتالیا.

ویڵ ســـمیپ پـــاش دیتنی بەرهەمەکانـــی مۆچینـــۆ، بانگهێشتی کرد بۆئەمەریکاو ویســـتی خۆیو کوڕەکەی لەفیلمـــی گەڕان بەشـــوێن بەختـــەوەری هاوکارییـــان بکات، ئەنجامـــی ئەم کارە ...

شـــایەنی ئاماژە بۆ کردنە یەکێک لەڕەخنەگرانی بواری سینەما ئاگادارمان دەکاتەوە لەوەی ئەمەریکا بووەتە خاوەنی فرانک کاپرایەکی نوێ!.

ئەم فیلمـــە خاوەنـــی دوو خەڵاتی (Image Award) ە لەمەراســـیمی Image Award ٢٠٠٩و پاڵێـــوراوە بۆپێنج خەڵاتی تـــر لەوانە: خەڵاتی باشـــترین فیلمنامە لەمەراســـیمی ســـەتەلایت - ٢٠٠٨، خەڵاتـــی (Black Reel) بۆباشـــترین فیلـــم ٢٠٠٨، خەڵاتـــی (ALMA Award) بۆباشـــترین ژنە ئەکتەر لەمەراسیمی (ALMA Award) ٢٠٠٩.

سەرچاوە:
Newwave.blogfa.com




# تیپی مۆسیقای سلێمانی
## گۆرانییەکی ٢١خولەکی بۆ ئەنفال تۆمار دەکات



شاخەوان مەحمود لەسلێمانی

هونەرمەندی موزیکژەنو دانەری موزیک عادل محەمـــەد کەریم، گۆرانییەکی نوێی بۆئەنفال تۆمار کردووە کـــە لەلایەن هونەرمەند حەمەجـــەزا عەلـــی وتـــراوەو مۆزیکەکەشی لەلایەن ژەنیارانی تیپی مۆســـیقای ســـلێمانییەوە ئامادەکراوەو ماوەی گۆرانییەکەش ٢١خولەک دەبێت.


عـــادل محەمەد کەریـــم لەبارەی ئـــەو بەرهەمەوە ئامـــاژەی بەوەدا کـــە ماوەیەکـــی زۆرە بـــەو کارە نوێیەوە ســـەرقاڵە، چونکە "بەستایلێکی نوێوە ئیشی لەسەر کراوە". ناوبراو، باســـی لەوەش کرد کە ســـەرەتای گۆرانییەکە بەشەش خولەک موزیک دەست پێدەکات دواتر دەگۆڕێت بۆچەند مەقامێـــک، پاشـــان بەلاوانەوەی هونەمەندی گۆرانیبێژ حەمەجەزا کۆتایی دێت، "ئیشـــەکە باس لـــەوە دەکات کە کاتێک هەواڵی کەســـێکی ئازیزمـــان بۆ دێت کە شـــەهید دەبێت بەشێوەیەک لەشێوەکان دەپەشۆکێین، بەتایبەت شـــەهیدانی ئەنفالو کیمابارن، ئیشەکە ڕەنگدانەوەی ئەو کاتانەی پێوە دیارە".

دەربارەی وێنەگرتنی گۆرانیەکە ئیســـماعیل عومەری دەرهێنەر، باس لـــەوە دەکات کە لەرێگەی ئەو گۆرانییەوە وێنەی شەهیدانی گەڕەکە کۆنەکانی شاری سلێمانیو هونەرمەندە کۆنەکانی شـــاری سلێمانی کە شەهید وون دیبنینەوە بەرچاوی بینـــەران، "دەمانەوێت جارێکی تـــر ژەنیارانی ئەو تیپە بەخەڵک بناســـێنینەوەو وێنەی شـــەهیدو ژەژنیارە کۆنەکانیش بخەینەوە بەرچاوی بینەر".

هۆنراوەی ئەو گۆرانییە نوێیەی تیپی مۆسیقای سلێمانی هی عەلی بێبەشو هونەرمەند حەمەجەزایەو سیروان محەمەد وێنەگرو کاروان نەبیو ژیار فایەق کاری شـــاریۆ کرێنی بۆدەکەن.

# ماڵێک لەلمو تەم لەگەلەری سەردەم نمایش دەکرێت

ئا: کاوە حەسەن




فیلمی (ماڵێک لەلمو تەم - House of Sand and Fog) لەدەرهێنانی ڤادیم پێرێلمان-ەوســـاڵی ٢٠٠٣ لەئەمەریـــکا بەرهەمهێنراوە، بێن کێنزڵیو جێنێڤەر کونێلیو شـــۆرێ ئەگداشـــڵۆ رۆڵی تێدا دەبینن‌و ماوەکەی ١١٥ خولەکە.

ڕووداوەکانـــی ئـــەم فیلمە لەرۆمانی رۆمانووســـی ئەمەریکـــی ئەندرێ دۆبـــۆس ١٩٥٩ وەرگیراوە کە باس ل عەقیدێکی ئێرانی ئەکات هەڵهاتووە بۆ وڵاتە یەکگرتۆکانی ئەمەریـــکا، خراپترینو پەرپووتترین ئیش ئـــەکات بۆ دابینکردنـــی خانویەکی گونجاو بۆخێزانەکەی. لەلایەکی ترەوە باس لەژنێکی ئەمەریکی ئەکات بەڕێوەبەرایەتی باجی نیشەجێبوون ماڵەکەی پێ چۆڵ ئەکـــەن‌و ئەیخاتە مەزادێکی ئاشـــکراوەو دەرەنجام ئەم عەقیدە ماڵەکەی دەکڕێت، لەراســـتیدا ئەمە بەشێکی زۆر کەمی فیلمەکەیە ئەگینا فیلمەکە لەو کاتەوە دەستپێئەکات کە ئەم دوو کەساییەتیە بەر یەک ئەکەون‌وکێشەی خانویەکی ئاسایی دەبێتە گەورەترین کێشـــە وەک ئەوە وایە بێیت لەســـەر کیشوەرێک بجەنگیت.

بێـــن کێنزڵـــی- Ben Kingsley کە ئەکتەری ســـەرەکی ئەم فیلمەیـــە ســـاڵی ١٩٤٣ لەبەریتانیا لەدایکبووەو لەســـاڵی ١٩٧٢ەوە بەشداری کردووە لە ٩٠فیلمـــدا، خاوەنی ٣٦خەڵاتی جیهانیە لەوانە یەک خەڵاتی ئۆسکار کە لەفیلمی (غاندی)دا پێی بەخشرا لەگەڵ ئەوەی سێ جار پاڵێوراوە بۆ خەڵاتی ئۆسکار کە یەکێکیان ئەم فیلمە بوو، ئەم ئەکتەرە سەرەتا لەسەر تەختەی شانۆ کاری ئەکردو لەزۆربەی شانۆ نامەکانی شیکسپیردا ڕۆڵی بینیوە.

جێنێڤەر کونێلی - Jennifer Connelly کچێکی سادەو ساکارە ســـاڵی ١٩٧٠ لەئەمەریکا لەدایکبووەو هـــەر زوو دەرگای هونەریـــی بەرویـــدا کراوەتەوە ئەویش لەفیلمی جارێک لـــە ئەمەریکا رویداوە کە تەمەنی ١٤ســـاڵ بوو کە دەرهێنەر سێرجیۆ لیۆنی هێنایـــە جیهانی هونـــەرەوە، زۆر کەس پێیوایە کە جێنیڤەر بەختێکی باشـــی هەیە لەجیهانی سینەما، چونکە لەتەمەنی ٣١ســـاڵیدا توانی خەڵاتی ئۆسکار بەدەست بهێنێت ئەویش لەفیلمی ئەقڵێکی جوان - A Beautiful Mind کە لەساڵی ٢٠٠١ کاری دەرهێنانی بۆ کراوە.

ئەم فیلمە پاڵێوراوە بۆ سێ خەڵاتی ئۆسکارو توانی ١٦خەڵاتی تری جیهانی وەربگرێت لەوانە: کانساس، یندیبیندیت، لۆس ئەنجلوس.

**خوێنەرانی بەڕێزی نم نم‌و هەر بینەرێکی دیکە کە دەیەوێت ئەم فیلمە ببینێت، دەتوانن کاژێر ٤:٣٠ خولەکی ئێوارەی شەممەی داهاتوو ٢٠١٠/٥/١٥ لەگەلەری سەردەم لەسلێمانی بیبینێت.**





## هەڵبژاردەی ئیسپانیاو قەیرانی هێرشبەرانی

7

Reklam





خاوەنی ئیمتیاز: کۆمپانیای رووداو ناونیشان: سلێمانی شاڕێی سالم تەلاری سلێمانی مۆڵ - نهۆمی دووەم بۆ پەیوەندی: 07710268004 - 07480151705 - 3186176 Nmnmpress@yahoo.com



# بەپێی دوایین ڕاپرسی ڕێکخراوێکی خوێندکاریی، دوای ١٢ساڵ خوێندن
# ٩١٪ی خوێندکاران لەخوێندنگە حکومییەکاندا فێری ئینگلیزیو عەرەبی نابن

**هەڵەبجە، سالم حەمەخان لەهەڵەبجە**

٢٩٪ی خوێندکاران پێیانوایە حکومەتی هەرێمی کوردستان گرنگی بەتوێژی قوتابیانو خوێندکاران دەداتو ٧١٪شیان بۆچوونی پێچەوانەیان هەیەو پێیان وانییە حکومەت گرنگی بەتوێژی خوێندکارانو ناوەندەکانی خوێندن بدات.

ڕاپرسیەکە لەنێو قوتابخانە بنەڕەتیو خوێندنگا ئامادەییەکانی هەڵەبجەو سیروان ڕێکخراوەو ٣١٣ کەس بەشداریان تێدا کردووەو ٩١٪یان پێیانوایە دوای ١٢ساڵ خوێندن لەناوەندەکانی خوێندنی حکومیدا، خوێندکار فێری زمانەکانی ئینگلیزیو عەرەبی نابێتو ٩٪ی بەشداربووانیش پێیان وایە فێردەبێت.

ئەنجامەکانی ئەو ڕاپرسییە لەدرێژەی پرۆژەی«بۆچی قوتابی فێرنابێت»ی ڕێکخراوی گەشەپێدانی قوتابیانی کوردستان هاتووە.

فێنک کەیخەسرەو بەرپرسی لقی هەڵەبجەی ڕێکخراوی گەشەپێدانی قوتابیانی کوردستان لەلێدوانێکی تایبەتیدا بۆ نم نم ئەوەی ئاشکرا کرد کە ئەو ڕاپرسیە لەدووتوێی پرۆژەیەکی سەرتاسەری کوردستاندا ئەنجامدراوەو ئەو داتاو زانیاریانەش لەڕێی ڕاپرسیەکی تەواوی ٢١ لقەکەی ڕێکخراوەکەیانەوە بەدەستهاتووەو لەسمیناری ناوچەییدا دەیخەنە بەردەم لایەنە پەیوەندیدارەکانو گفتوگۆی لەسەر دەکەن، «دواتر تەواوی داتاکان لێک دەدرێنو لەدوو کۆنفرانسی هەرێمایەتیدا دەخرێنەروو، ئەنجامە بەدەستهاتووەکانو داواکاریو ڕاسپاردەکان دەخرێتە بەردەم لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆبەدواداچوونو لێکۆڵینەوەلێی».

## پێشانگایەک بۆبەرهەمەکانی بیرکۆڵان دەکرێتەوە



پەیمانگای ئاوات بۆ پەروەردەی مێشک، پێشانگایەکی بۆ وێنەو کارە دەستییەکانی قوتابیانو سوودمەندانی کردەوە.
لەچەند ڕۆژی ڕابردوودا منداڵانی بیرکۆڵ نمایشی کارەکانیان کردو پاشان خەڵات بەسەر منداڵە بەهرەمەندە بیرکۆڵەکاندا دابەشکرا.
پەیمانگای ئاوات، ساڵی **١٩٨٤** لەسلێمانی دامەزراوەو ساڵانە لەم وەرزەدا نمایشێک بۆ کارە هونەریو دەستییەکانی سوودمەندانی دەکاتەوە.

## ڕفاندنی هاووڵاتیان لەکەرکوک پەرە دەسێنێت

**نەوا ئاکۆ لە کەرکوک**

لەماوەی دوو هەفتەی ڕابردوودا، لەشاری کەرکوک دوو پارێزەو دوو پزیشکو چەند هاووڵاتییەکی مەدەنی بەر شاڵاوی ڕفاندن کەوتوونو پۆلیسی کەرکوکیش ئەوە دەخاتەروو کە دیاردەی ڕفاندن لەشارەکەدا زیادی کردوە و ڕێوشوێنی توندیان گرتوەتەبەر بۆ ڕێگریکردن لەو دیاردەیە، هاوکات پارێزگاری کەرکوک داوای هاوکاری لەهاووڵاتیانی شارەکە دەکات بۆ ڕیشەکێشکردنی ئەو گروپانەی دەیانەوێت کەرکوک بکەنە گۆمی خوێن، لیستی تورکمانییش جەخت لەوە دەکەنەوە کە تورکمانەکان پشکی شێری قوربانییەکانیان بەرکەوتووە.

بەپێی ئامارێکی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی کەرکوک، لەماوەی دوو هەفتەی ڕابردوودا، لە شارەکەدا شەش هاوڵاتی مەدەنی ڕفێندراون کە لەنێویاندا دوو دکتۆر و دوو پارێزەری تێدایە.

لیوا تۆرهان عەبدولرەحمان جێگری بەڕێوەبەری پۆلیسی کەرکوک، وێڕای پشتڕاستکردنەوەی زانیارییەکان ڕایگەیاند لەدوو هەفتەی ڕابردوودا، زۆرتر کەسانی مەدەنی بوونەتە ئامانجی ئەو کەسو لایەنو گروپانەی بەپاساوی جۆربەجۆر خەڵکی دەڕفێنن، «چەند چەکدارێکی نەناسراو لەدوو کردەوەی جیادا دوو پارێزەرو دوو پزیشکیان ڕفاند، لەسەر ڕێگای کەرکوک ـ دوزیش، تەقەیان لەدوو پارێزەری تر کردو یەکێکیان گیانی لەدەست دا».

بەپێی ئامارێکی ژوری عەمەلیاتی پۆلیسی کەرکوک، لەسەرەتای ئەمساڵەوە، تا کۆتای مانگی نیسان، لەسنوری پارێزگای کەرکوک، **١٧**حاڵەتی روفاندنی هاووڵاتیان روویداوەو **٤٣**کەسیش بەگومانی پەیوەندیان بەگروپە تیرۆریستییەکانەوە دەستگیرکراون. ئامارەکە ئەوەش دەخاتە روو کە بەبەراورد بەدوو مانگی ڕابردوو، زۆرترین ڕێژەی توندوتیژیو پەلاماردانی تیرۆریستی ئەنجامدراوە، «چوار کەس بوونەتە قوربانی تیرۆرو **٢٤**ی تریش بریندابوون جگەلەوەی **١١**کەس بەڕووداوی هاتوچۆو دوو حاڵەتی خنکانو چوار ڕووداوی یاری بەچەکو خۆکوشتنێکو **٥٦**برینداروو پێنج حاڵەتی ڕفاندن تۆمارکراون».

جێگری بەڕێوەبەری پۆلیسی کەرکوک، جەخت لەوە دەکاتەوە کە ناجێگریی ڕەوشی سیاسیی ئێستای عێراقو پێکنەهێنانی کابینەی نوێی حکومەتی عێراق، هۆکاری سەرەکی زیادبوونی ئەوجۆرە کردەوانەیە، «ململانێ سیاسییەکان روو لەزیاد بوونن، هەربۆیە کردەوە تیرۆریستییەکانو دیاردەی ڕفاندن زیادیان کردووە، بەتایبەت لەلایەن گروپە تیرۆریستییەکانەوە».

لیوا تۆرهان عەبدولرەحمان ئەوە دەخاتەروو کە تائێستا چەندین باندو گروپیان دەستگیرکردوە، بەڵام هێشتا کردەوە تیرۆریستییەکان روو لەزیادبوونو نەیانتوایوە بنەبڕیان بکەن، «بەشێکی زۆری ئەو گیراوانە دانیان بەوەدا ناوە، کە لەلایەن وڵاتانی دراوسێو گروپە تیرۆریستییەکانەوە ڕەوانەی کەرکوک کراون».

ناوبراو، ئاماژە بەوە دەدات کە هەفتەی ڕابردوو دوو کەسیان بەتۆمەتی ڕفاندنی هاووڵاتییەک دەستگیر کردوە، کە ئۆتۆمبێلێکی جۆری مۆنیکای ژمارەهەولێریان پێبووە، بۆئەوەی لەبەرامبەر وەرگرتنی بڕێک پارەدا ئازادی بکەن، «ئێمە هاووڵاتییەکەمان ئازاد کردوو، ڕفێنەرەکانیش ئێستا دەستبەسەرنو لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا دەکرێت».

ڕەغدە، ئافرەتێکی کەرکوکییەو منداڵەکەی بەر لەچەند هەفتەیەک لەمەوپێش تیرۆرکرا. ئەو، دەنگۆی هاووڵاتیانی بەراست زانی کە باس لەهاوکارییو دەست تێکەڵکردنی هێزەکانی پۆلیسو گروپە تیرۆریستییەکان دەکەن، «زۆرینەی ئەو ڕفاندنو کوشتانەی ئەنجام دەدرێت، دەستی پۆلیسیشی تێدایە، زۆرجار ئەوانەی دەڕفێندرێن یان دەکوژرێن، بەهۆی پۆلیسەوە ئەو کارانە دەکەن». بەمەبەستی بەدواداچوونی زیاتر بۆ ئەو زنجیرە توندوتیژیانەی لەدوو هەفتەی ڕابردوودا روویان داوە هێزە ئەمنیەکانی کەرکوک، لەڕێگەی لیژنەیەکی ئەمنییەوە دەستیان بەلێکۆڵینەوە کردووە، لەوبارەوە عەبدولرەحمان مستەفا پارێزگاری کەرکوک جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەوان لەڕێگەی ئەو لیژنەیەوە، هەوڵێکی زۆریان خستوەتەگەڕ بۆ ڕێگریکردن لەو کردەوە تیرۆریستیانەو دەستگیرکردنی ئەنجامدەرانی.

## پیتاندنی تۆو هێلکە هیوا بە نەزۆکەکان دەبەخشێتەوە

لەئێستاداو بەهۆی بوونی دوو سەنتەری چاندنی منداڵی بلورین، ئەو ژنو مێردانەی منداڵیان نابێت دەتوانن لەڕێگەی ئەو سەنتەرانەوە ببنە خاوەنی منداڵو لەدەردی نەزۆکی دەربازیان بێت، هاوکات بەڕێوەبەری یەکێک لەسەنتەرەکانیش ڕایدەگەیەنێت کە تائێستا زیاتر لەدوو هەزار کەس سەردانی سەنتەرەکەیانی کردووە.

نەزۆکی، دەبێتە مایەی تێکچوونی شیرازەی خێزانو لێکجیابوونەوەی هاوسەران، ئەوەش زۆرجار کاردانەوەی کۆمەڵایەتیو دەروونی لێکەوتوەتەوە، بەڵام ماوەی چەند ساڵێکە بەهۆی ئەو پێشکەوتنە بەرفراوانانەی لەبواری یاریدەدەری پیتاندن (IHV) بەدەستهاتوون، توانراوە هاوکارییەکی زۆری ئەو ژنو مێردانە بکرێت کە دوچاری نەخۆشی نەزۆکی بوون، بۆئەو مەبەستەش لەهەرێمی کوردستان چەند سەنتەرێکی تایبەت بەچاندنی کراونەتەوەو توانیویانە هیوا بەبەشێک لەو هاوسەرانە ببەخشنەوە کە بەدەست بێ منداڵییەوە دەیان ناڵان.

کاروان حەسەن، بەڕێوەبەری سەنتەری دوارۆژ، ئاماژەی بەوە دا کە پیتاندن لەڕێگەی لێکدانی هێلکەی ئافرەتو تۆوی پیاوەوە لەدەرەوەی جەستە ئەنجامدەدرێت، «هێنانی هێلکەیەو پیتاندنیەتی لەگەڵ تۆودا کە پێی دەوترێت منداڵی بلوری، ئەویش بەهێنانی هێلکەیەکە یان چەند هێلکەیەکی بەپیت لەهێلکەدان، هەروەها پیتاندنی لەدەرەوەی جەستە (لەناو تاقیگەدا) دواتر بردنەوەی ئەو هێلکە پیتراوە بۆ ناو ڕەحم».

حەسەن عەبدوڵڵا، پێشنوێژو وتارخوێنی مزگەوتی عائیشە ئاماژە بەوە دەدا کە ئایینی ئیسلامو قورئانو سوننەتیش هیچیان دژی زانست نینو هەرچی زانست سەلماندی قورئانیش دەیسەلمێنێت، هاوکات لەبارەی دروستی چاندنی منداڵی بلوری لەدەرەوەی جەستەو بەرێگەی تاقیگە مەلا حەسەن پێداگری لەسەر ئەوە کرد کە ئەگەر تۆوی پیاوەکان لەدەرەوەی جەستە تێکەڵ نەکرێنو بەڕێگەیەکی زانستیانە بکرێت، ئەوا ئایینی ئیسلام ڕێگە لەئەنجامدانی ناگرێت.

16